# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٢، ساڵی حەوتەم، ڕێبەندان ٢٧١١ی کوردی، یەنایەر ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.hanar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار


دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

**ئەیوب رەئوف**

**تیراژ**

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ڕووداو، ڕەچەڵەکی سەرەکیی ڕۆمانە... | عەبدوڵڵا سەراج | ٧ |
| ڕەنگدانەوەی ریالیزمی ڕەخنەگریی... | د. عادل گەرمیانی | ١٤ |
| مەم و زین... | گوڵاڵە کەمانگەر | ٢٧ |
| رستە جوانەکانی نووسەرێک... | سیروان ڕەحیم | ٤٢ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| سوورەتی دایک و ئایەتە بێ ناونیشانەکان... | لەتیف هەڵمەت | ٤٩ |
| پزیسکە خامۆشەکانی یاخیبوون... | یونس حسەینی | ٥٧ |
| تا پەنجەرەی نیگا ڕوون دەبێتەوە... | کاروان ئیبراهیم | ٦١ |
| سێ کورتەشیعر... | سارا زینەتی | ٦٥ |
| دۆزینەوەکان... | عومەر جەلال | ٦٨ |
| زیکرێ لە خانەقای عیشقدا... | زمکان عەزیز | ٧٠ |
| لیمۆکانی نێو تابووتی باوکم... | بڵند باجەڵان | ٧٥ |
| وەرزی پێنجەم... | ئارام شێخ وەسانی | ٨٠ |
| (٦) چیرۆکی کورت... | فەرهاد مستەفا | ٨٩ |
| دوو هێڵی ستوونی... | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٩٧ |
| ئیتر هەتاهەتایە مەیەرە نێو خەونەکانمەوە... | ئەدیب نادر | ١٠٣ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| بەردەوام لایەنگری هێلکەکەم... | محەمەد عەبدوڵڵا | ١١٣ |
| شیعر و ژیانی شیمبۆرسکا... | لەیلا ساڵحی | ١١٨ |
| دوو کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی سوێدی... | کەریم تاقانە | ١٣٢ |
| لەبەردەم یاسادا... | رەزا حەمە | ١٣٦ |
| پیاوە دوور لە پێکەنینەکە... | سووسەن ئیسماعیلی نژاد | ١٤٠ |
| تەمتوومان... | محەمەد هاشمی | ١٤٥ |
| من کوردم... | کارزان محەمەد | ١٥٤ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| سایکۆلۆژیای چێژی هونەریی لای منداڵان... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٦٣ |
| "بۆ ئەوەی تەنیا نەبم، گوێ لە مۆسیقا... | بەرهەم ئەنوەر | ١٧٣ |
| دیدار لەگەڵ خەسرەو حەمە کەریم... | سازدانی: بارین عەلی | ١٧٦ |


پێشانگەی کتێب ١٩١ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە


- ڕووداو، ڕەچەڵەکی سەرەکیی ڕۆمانە — **عەبدوڵڵا سەراج**
- ڕەنگدانەوەی ریالیزمی ڕەخنەگریی لە ڕۆمانی کوردییدا — **د. عادل گەرمیانی**
- مەم و زین — **گوڵاڵە کەمانگەر**
- ڕستە جوانەکانی نووسەرێک – ئەریش کێستنەر — **سیروان ڕەحیم**

# ڕووداو، ڕەچەڵەکی سەرەکیی ڕۆمانە



ئەرستۆ

**عەبدوڵڵا سەراج- فنلاند**

پێش هەمووان ((ئەرستۆ تالیس)) لە ڕووداو دواوە کە دەبێت لە دەستپێک، چڵەپۆپەو کۆتایی پێکهاتبێت (رابردوو-ئێستا-داهاتوو) لە هونەری شیعرەکەیدا، وەرگێڕانی د.عەبدولڕەحمان بەدەوی، ساڵی ١٩٧٢.

ئەڵبەتە ڕووداو، لە چێوەی جێ و دەمدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش لە ڕۆمانە ئاسایی (تەقلید)یەکاندا. لەبارەی پەیوەندیی بە دەمەوە (کات)، د. عەبدوڵڵای ئیبراهیمی دۆستم لە (لە بنیاتی هونەریی ڕۆمانی جەنگی عەرەبیدا، ١٩٨٧) دەڵێت: ((ریزبوونی ڕووداوە لە کاتدا))، کەچی د. عەدنان خالید عەبدوڵڵا ئاماژەی بە گیرۆدەبوونی ڕووداوی بە شوێنەوە کردووە، کە ئەنجامی بەربەرەکانی و هەڵوێستە جوداکانی کەسێتییەکانە لە کات و جێگەی دیاریکراودا.

هەرچەندە لە سەرەتای سەتەی بیستەمدا ڕۆڵی کاتەکە زاڵتر کرایە سەر جێگەکە، بەڵام (ئالان ڕۆب گرێ) ڕێزی شوێنی گەیاندە لوتکە و بە تایبەتی لای ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش (ناتالی ساروت، ڤرجینیا وڵف، جەیمس جۆیس، مارسیل پرۆست). خۆ ئەگەر جێ لە ڕۆمانی کلاسیکیدا تەنیا ڕۆڵی هامێزگرتنی

کەسێتییەکان بێت، ئەوا لە ڕۆمانی سەردەمیدا کاراکتەر و تەوەری بنەڕەتییە.

دیارە ناشمەوێ نموونەی زۆر لە بۆچوونی سەردەمەکان لەم بارەوە و پێوەندیی ڕووداو بە بنەماکانی دیکەی ڕۆمان: کات، جێ، کاراکتەر و... تاد چەند پاتبکەمەوە.

بەر لە هەرشتێک دەبێ جیاوازیی لەنێوان: ١-کاتی گێڕانەوەی ڕووداوی دەق و... ٢- کاتی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانە لە واقیعی فیزیکی، بکەین.

کاتیش بەگوێرەی: کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵان سرووشتی و هەم کاتی بوونەوەری (وجودی)و دیسان بەگوێرەی کاتی کەونیش. بوونیان هەس.

ڕووداو، بنەمایەکی بنچینەییە لە دامـــەزراوەی ڕۆماندا، هەرچەندەش دامـــەزراوەی ڕۆمانەکان بەگوێرەی ســـەردەم و شوێنەکان گۆڕانکارییان پێوە دیارە. ئەمەش، ئەڵبەتە لە ئاکامی پێوەندیی باروزرووفی سەرهەڵدانی چەندان بیر و فەلسەفەی هزریی وەکو: تێوری گەشەکردنی جۆرەکان، تیۆری دەروونشیکاریی فرۆید، شاگردانی پاش خۆی و تیۆری ئابووریی مارکس و چی لە سوریالیزم و دادایی و ناسینی جوانی بەگوێرەی جێکاتەکان... تاد.

دیارە ڕووداو کاتی و جێگەیی، کەسێتی و هونەری داڕژتن کاریگەرییان بەسەر یەکەوە زانـدراوە چوون یەکەیەکی بتەو، لە دیدگەی منەوە ڕووداو بەدەر لە شوێن یان، دەم و کەسێتییەکان لە دەرەوەی جێدا داڕژتنێکی بەهای هونەری نابەخشن. ئەڵبەتە واقیع داڕژتن، یان ڕەنگدانەوەی واقیعەکە لە ڕۆماندا



جەیمز جۆیس

به راستەوخۆیی و هەم بەلا بەلایی کاری پەسەند و ویستراوە، نەک ئەوەش بەشێوەی دەقاودەقی کامێرائاسایی و تۆمارگەی دەوڵەتی. ڕووداوەکە چەمکی سەرەکییە لەلای رۆماننووس، جا ئەو ڕووداوە سەرەکی بێت یاخود لاوەکی، هەر ئەوە نییە کەڵەکە و وێناکرابن، بەڵکو چۆنیەتیی بەشداری پێکردنییەتی لەناو تانوپۆی دەقەکەدا، بەگشت وردەکارییەکانی ئەو واقیعە هەستپێکراوە و تەکنیکگەلی خودی بنووس بە چاک و لەباری دەزانێ بۆ دەراندنی ڕووداوە- واقیعی ئامێزەکە و مەرجیش نییە کتومت لێکچووی لە واقیعی ژیاودا هەبێت، لێ دەشێت شتگەلی ئاوها لانە لە راستیدا ڕووبدەن.

هەرچەندە ڕووداوی سەرەکی بڕبڕەی پشتی رۆمانە، بەڵام دەشێت ڕووداوگەلی لاوەکی و وردەکـان کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی جەمسەری ڕووداوە سەرەکییەکەوە هەبێت. ئەوجا ڕووداو بە سەرەکی و لاوەکی کارانجامی راستەوخۆی لەسەر کەسێتی- سەرەکی و ناسەرەکی- جێدێڵێت وەکو هۆکاری نواندنی هەڵوێست و رەفتاریان، ڕووداوەکـە هەمەچەشنە ڕێچکە دەگرێت لەوانە: ڕەوتی کرۆنۆلۆژی (زنجیرە ڕووداوی یەک لە پایین یەک لۆجیکانە و هۆکارهامێزانە)، دەشکرێت لەنێوان ئەو زنجیرە ڕووداوانەدا مۆنتاژ بکرێت بە: پاشوپێشکردن، درێژەپێدان و خەستکردنەوە و... تاد، بەمەیشە ئێژن: ڕێچکەی تێهەڵکێشی ئاسۆیی (بارستی). ڕەوتێکی دیکەش هەیە لە هاوتەریبکردنی ڕووداوەکان لە جێ و دەمی جیاجیادا، لێرەدا لە ڕوانینی ئەزەوە کاریگەریی (تەداعی) دێتە ئاراوە.

١- تەداعیی زارەکی (لەفزی) وەکو سۆفی محێدین لە رۆمانی (هەڵکێشان بەرەو لوتکە)دا؛ حاجی لەقلەقێکی پەژموردەی گڕڕەلێداو بەدەست منداڵانی خڕی خاسەوە دەبینێ، گورج حاجی خورشیدی حەڵواچیی دێتە زەین کە سینەما (خەییام)ی دروستکردە لە سەرەتای پەنجاکانی شاری کەرکووکدا.

٢- تەداعیی جێگەیی وەکو تۆی خوێنەری هێژام لە کەناری زەریادا هۆشت بۆ یادی گەشتێکت هەڵبگەڕێتەوە لە کەرخی دەریاچەی (دۆکان)دا بە نموونە.

٣- تەداعیی کاتی، شێرکۆ ناوێک لە سەهۆڵبەندی ئیسکەندناڤیادا بیری بۆ زستانێکی فرە ساردی کوێستانی لای خۆیان بچێت.

٤- تەداعیی شمەکی وەکو من یان تۆ، کە فووتبۆڵێنی نێوان دوو تیپی ریاڵ مەدرید و تیپێکی تر دەبینین، دەرحاڵ بیرمان بۆ تافی لاوێنیی خۆمان دەگەڕێتەوە، کە لە کۆڵاندا بە تۆپی پەڕۆ گەمەمان کردووە.

دەشێت جۆری دیکەی تەداعی هەبن. ئەمانە هەموو لە ڕێچکەی نۆرە بە

نۆرەی گێڕانەوەی ڕووداو دێنە دی.

گێڕانەوەیەکی نوێژەنیش هەیە بە بازنەییکردنی ڕووداوە، چ کراوە و چ داخراوە، کە لە لێوەشاوەیی و کارمەندیی ڕۆماننووسەوە دێتە ناو کایەکەوە. خۆ لەلایەکەوە ئەو جۆرە گێڕانەوانە دەق لە گشت بەرهەمێکدا بەسانایی دانامەزرێندرێت (تەوزیف)، لەلایەکی دیکەوە شیاوە هەندێکیان ئامێتەبکرێن، چوون واقیع کە ڕووداوی سەیروسەمەرەی تێدایە. کارامەیی و سەرکەوتنی ڕۆماننووس لەوەدایە، ئەو گونجانە ئێستیتیکاییانە لە هەزموونی خۆیەوە هەڵدەگوزێ و پەرە بە تەکنیگەلی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدات.

ڕووداو، گێڕدراوەیەکە لەلایەن کەسی ئاگادار و گشتزانەوە، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، تەشەنە بەو ڕووداوانە دەدات، یان خوێنەر کەمتر هەست بە بوونی ئەو گێڕەرەوەیە (ڕاوی)دەکات و خودی خۆی لەجێگەی ئەو دادەنێت و بەشداریی ڕەوتاری ڕووداوەکان دەبێت. دیسان ئەم خاڵەش ئاماژەیە بۆ زرنگی و لێوەشاوەیی بنووسان، چ لە بەشدارپێکردنی خوێنەر و چ بەپترکردنی فرەدەنگی (هارمۆنی) کەسێتییەکان. خۆ دیاریشە، کە خودی ئەفراندن کنەوپشکنینە بەدوای نهێنییەکان و هەم هۆکاری دروستبوونی ڕووداو لە چەق و ئاستەنگەکاندا. هەر بۆیە میتارۆمان، لە تایبەتمەندی خۆی و ئافریدە کراوەکانی و هەم لە خوێنەرانی چوونیەک ڕۆڵیان پێ دەنوێنێ. بڕوانە ڕۆمانەکانی:

١- ناوێ لەم تێکستە بنێ. ٢- ئەفسانە ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟
٣-سلێکوک... هۆکلێر. ٤- چۆن بوومە تیترواسک!

ئەمبیرتۆ ئیکۆ ئیژیت: ڕۆمان (گەڕان و سووڕانەوەیەکە لە دەرەوەی ژیان.) ڕووداو، بەتایبەتی لە ڕۆمانی ئاساییدا، هەڵگری دیمەنگەلی ڕاستەوخۆ و ساکاری واقیعی ژیوەرین و گوزارشت لە هەست و نەست و هەڵچوون و دامرکانەوەی کەسێتییەکان دەکەن. بۆ ئەمەیشە، دەتواندرێت کەڵک لە مێژوو، دێرینەی داستان و فۆلکلۆر و ئەفسانەکان وەربگیردرێت و گۆشە نیگاکانی جوداواز لە هەمبەر ئەوانە نیشان بدرێن کەچی؛ ڕۆمانی ئەمڕۆژیمان (لە کۆتایی هەزارەی دووەم و بەرایی هەزارەی سێیەمدا) پەرەی بۆ بە هیماندن و سیمبولاندنی ڕۆحی میللی داوە و ڕۆمانەکانی ئەفساناندووە. لەم بارەوە دکتۆر جەبار عوسفور گوتوویەتی، کە ڕۆمان ئەفسانەی ئەم سەتەیەمانە.

ئەم ئاوێتەکردنەی ئەفسانە و سمبولەکان لەگەڵ واقیعی ژیاودا شێوە سەرنجڕاکێشییەکی بە خوێنەر داوە، کە بە پیرۆزیی بڕوانێتە پێشینەی خۆی و هەرگیز بە هیچ و پیچ و خورافەی تێنەگات و مۆرک و شەقڵی نەتەوایەتیی

خۆی بدۆزێتەوە و هەم بەختەوەر بێت بە پێناسەی زمانەکەی. لێرەدا، پەنجە بۆ رۆڵی ئەو سەربازە ونانە رادەکێشم کە چەندە لە شار و لە دێ کۆشاون و ئەشکیان رژتووە لە خڕکردنەوە و تۆمارکردنی حەقایەت و پەندو داستان و ئەفسانە دەماودەمییەکان و جێی شانازین.

دێمەوە سەر گێڕانەوەی رووداو لە رێی دەمەتەقێ و گفتوگۆوە کە سێیەم جۆری گێڕانەوە لۆژییە DIALOQUE، راستەوخۆ و بە رچاوی کەسێتییە سەرەکی و لاوەکییەکان زارەکی دەپەیڤن، یان بە لاوەکی و ناڕاستەوخۆ ئەو کرداری دەمەوەرییە ئەنجام دەدەن. ئەڵبەتە لە رۆمانی فرەدەنگیدا -POLY PHONETIC پەیڤن رووبەرێکی فراوان و گوشاد بۆ خۆی دابین دەکات، چونکە هەر کەسێتییە و دەیهەوێ بدوێت و گوزارشت لە تایبەتمەندییە هزرییەکانی خۆی بکات، ئالێرەدا دەکرێت ئاماژێکی سووکەڵە بە رۆڵی نووسەر بدەین کە گەرەکیەتی لە رێگەی وێناکردنی خولگەو دەوروبەرەوە پتر کاریگەریی دەنگە جیاجیاکان بکات.

روون و دیارە، کە چەندە ئەم وتوویژ و دایەلۆگانە رووداو بەرەو دواوە دەبەن و دەشێت رووە و یەکلاییکەرەوەی ئاستەنگ و کێشەکان، ئەڵبەتە چەمکی دایەلۆگ سەر بە بنەمای هونەری شانۆیە، بەلاّم رۆمان بۆ خۆی، لەگەڵ زۆر شتی هونەر و زانستەکانی تریش پاوانی کردووە (لە میتا رۆمانەکانمدا، بە دوورودرێژیی ئەم لێوەرگرتنانەم شرۆڤە کردووە)، بۆ ئامادەگی و گەرموگوڕیی و هەنووکە ساتی رووداو، یان ئەگەر چی لە (رابردوو)دا روویان دابێت، یان لە داهاتوودا (استشراف) رەنگە رووبدەن. ماوە ئەوەیشی بهاومە سەر، کە خودی پەیڤین جۆری کەسێتی، پێناسەی رادەی وشیاریی، کۆمەلاّیەتیی و هۆزایەتی و چینایەتیشی بدەرێنێت، بۆیە شیاوە، کە کەسێتییەکان بە شێوەزاری زگماکی خۆیان دەمەوەریی بکەن، لێرەشەوە رەخنەگر لکی توێژینەوەی زۆری بۆ دەرەخسێت.

هەروەها چوارەم گێڕانەوە لەڕێگەی ناخگۆییەوە MONOLOQUE بنیاتی رۆمان بتەو و کاریگەرتر دەکات. ئەوجا ئەو ناخگۆییە(*) بە هەردوو جۆری راستەوڕاست- پێچاوپێچ، DIRECT-INDIRECT بێت، هەمان شتە.

لێرەدا پێویستە دابڕاوی بکەین لەنێوان هەردوو زاراوەی ناخگۆیی و زاراوەی خۆدواندن کە (خستنە راستەوخۆی ناواخنی هزری کەسێتییە لەلای خوێنەر)، بەبێ ئامادەبوونی حیکایەتخوان، بڕوانە (تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتەچیرۆکی کوردیدا)ی دکتۆر نەجم ئەڵوەندیی، چالاکوان لە بواری

ڕەخنەی نوێدا. ئەم خۆدواندنەش هەمدیس لە پراکتیکی شانۆییەوە خوازدراوە بۆ ناو ڕۆمانی سەردەم. ئەم تەکنیکە- مەبەستم لە خۆدواندن و ناخگۆییەکەشە- لە هەرە گرنگترین بنیاتی ڕووداو گێڕانەوەیە، بەتایبەتی بۆ دەراندنی پاڵەپەستۆ و گوشاری دەرەکی و ناوەکیی کۆمەڵایەتی، چینایەتی، دەروونی و، سیاسی و چی و چییەکان و هەم قەڵخان و سوپەر و ڕوانگەی کەسێتییەکانە ڕووبەڕووی مافزەوتکەران و چەوسێنەران. لەم خاڵەوە، پەنجە نۆمای ئەو ڕۆمانانە دەکەم، کە چ لە شاخ و چ لە سەردەمی سەرکوتکەری ڕژێمی بەعسدا چاویان پشکووت و لە سانسۆر باڵبەست نەکران، لەوانە: سەگوەڕ، هەرەسی مەحەمەد موکری، هەڵکشان بەرەو لوتکە و چیرۆکە کورتەکانی توێژەری ئەم نووسینە.

لە تەکنیکی ناخگۆییدا ڕستەکان بچڕبچڕ دەبن و ناتەواو و قرتاو. وشەکان خاڵیان بە دواوە دێت و نامەنتقی لەلای بڕێ کەس دەکاڵێنەوە، تەنانەت دەستەواژەی وا هەڵمەقۆ دەکەن، کە واتای پوختی ئەوتۆ- لە ترسی مەقەست- دەرنابڕن.

ئەم دۆخە ناخگۆییە، ئالێرەدا، تێکەڵ بە هەر چوار جۆری تەداعییەکان و پتریش دەبێت، کە وا بە سانایی و ڕاستەوخۆیی دۆخێکی دەروونیی ئاوهاڵانەم بۆ ڕاڤە ناکرێت!! چونکو دژوارە و بە هاسانی دابڕان لەنێوان دیاردەکانی ناخەکی بکرێت وەک: بنهەست، نەست، بەر لە هەست.

بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم نووسینەم با لەسەر گەڕانەوە ELASHBACK تۆزوکەیەک بووەستم و دابەشی بکەمە سەر:

١- گەڕانەوە بۆ دواوە.

٢- گەڕانەوە بۆ بەرەوە، یان باشترە بێژم چوونە پێشەوەی ڕووداو، ئەڵبەتە لە هۆردووک جۆردا، گەڕانەوەی دەرەکی و گەڕانەوەی ناوەکی لە ڕۆمانی نوێدا بەدیدەکرێن. جاری واش هەیە ئەو جووتە جۆرە ئاوێتە و بازبازێن دەکەن بۆ نیازی نووسەر لە کرۆکی جوانکاریی و جیاکردنەوەی دەنگی خودیی بنووس لە بنووسانی دی.

ئێژم: ڕۆماننووس بەبێ ئەوەی هەستی کردبێت یان نا، تێکەڵی و ئامێتەییەک لەنێوان ئەو خۆدواندن و ناخگۆییە بنهەستی و بەر لە هەستەکانیش دەکات. هەمووشی لەپێناو شیرینکردنی دەقەکەی و لەپێناوی دەربڕینی ڕاستەقینەی ڕووداودا.


ئەمڕۆ، گێڕانەوە بەدەنگی تاکی نووسەر تێدەگەم، کە زوڵاڵ و خودانە زاڵبۆتە سەر دوو دارماندا:

١-   دارمانی دەنگە ئایدیۆلیستە تاکڕەهەندەکان.

٢-   دارمانی دەنگی نووسەری باو و ئاسایی شتزان.

کرۆکی هەموویان پێبەندە بە هەست و بە ئەزموونەوە، هەستێکی پڕ ئەزموون و ئەزموونێکی هەستدار.


رۆمان تاکە ژانری کراوەیە لە رووی (دەشێ)کان، چونکە خۆی لە چواردیواری تاریف و سنووری بەندکراو و هیچ پاڵەپەستۆیەک نابینێت، بەڵام کۆکەرەوەی گشت جۆری رۆمانەکانە، کە جوانکارییە لە سرووشتی خودی پێکهێنەری ناوەکییەکەی، نەک پێچەوانەوەی لە سیپاڵی تیۆریی دەرەکی کە لە خۆیدا نییە.



ناتالی سارۆت

* هەردوو زاراوەی ناخگۆیی و زارگۆیی لە رۆنانی بەندەیە.

# ڕەنگدانەوەی ریالیزمی ڕەخنەگریی لە ڕۆمانی کوردییدا




**د. عادل گەرمیانی**

٢-٢

شاڕووداوی ڕۆمانەکە پەناهەندەیی جەنگی پاش هەڵسانی بە کوشتنی دایکی لەبەر داوێنپیسییەکەی، ئەم ڕووداوە زەمینەی هەڵخلیسکاندنی جەنگی بەرەو نۆکەرایەتی لە دیوەخانەکەی قوباد خان خۆش دەکات، لە ئەنجامدا جەنگی ناگاتە بەدیهێنانی خەونەکەی بە دیسانەوە گەڕانەی دەسەڵاتداریی دیوەخانی بنەماڵەکەیان.

لەم ڕۆمانەدا، گێڕانەوە کاتی(٥٣) ناو دەقەکە لەگەڵ دەقە کاتی ڕۆمانەکە ناگونجێ، چونکە ماوەیەکی زۆر لەنێوان هەردوو سەردەمەکەدا هەیە. دەقکاتی ڕۆمانەکە ساڵی ١٩٩٠ دا یە ئەگەر ساڵی بڵاوکردنەوەی دەقەکە بە ئەڵقە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) وەربگرین و دەقکاتەکە دەبێتە ساڵی ١٩٩٥ ئەگەر ساڵی چاپکردنی بە شێوەی کتێب حیساب بکەین، کەچی گێڕانەوە کاتی ڕۆمانەکە بۆ سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە، کاتی ناوەوەی ئەم ڕۆمانە لە ڕابردووەوە بەرەو کاتی ئێستای نێو دەقەکە پەرە ناسێنێ، وەکو ئەوەی لە ڕۆمانە تەقلیدیی و کلاسیکییەکاندا هەیە. بەڵکو ڕۆماننووس زیاتر لە کاتەکانی کاتی ئێستای کردووە

بە بناغە بۆ گەڕانەوە بەرەو لەتەکانی کاتی رابردووی رووداوەکان. رۆماننووس لەم رۆمانەدا بایەخێکی زۆری داوە بە دیالۆگی کورت بۆ دەرخستنی سرووشتی کەسێتی کەسەکانی، تەنانەت رێژەی دیالۆگ لەم رۆمانەدا زیاترە لەرێژەی گێڕانەوە. دیالۆگی کەسەکانیش لەگەڵ سرووشتی کەسەکاندا گونجاوە، زمانی ئاخاوتنیان زیاتر زمانێکی ئەدەبییە نەک ناوچەیی.

رۆماننووس بۆ زیاتر بەخشینی لایەنی ریالیزمی بە رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی، چەند کردەوەیەکی پیاوانی دیوەخان لەنێو شاری سلێمانی دەردەخات، کەوا دوو تاقم لە پیاوانی قوباد خان لەنێو شاردا دەست بە جەردەیی و رێگریی و رووتکردنەوەی خەڵک دەکەن، لە ژوورەکانی دیوەخانەکە بەشی خاوەن دیوەخان و بەشی ئەو کەسانەی جەردەییان کردووە جیادەکرێتەوەو دابەشدەکرێت، جەنگیش یەکێک دەبێ لە پیاوانی ئەو دوو تاقمەی (ئەلەکەو وەلەکە)ی نێو شاردا، کە سەر بە قوبادخان دەبن.

هەرچەندە سوارەو جەنگی دوو پاڵەوانی رۆمانەکەن، بەڵام ئامانجیان لێک ناچێ و سەر بە دوو چینی جیاوازن لەڕووی سرووشتی بەرژەوەندی و بیرکردنەوە. سوارە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بەرەو دۆخێکی چاکتر هەوڵدەدات، بەڵام جەنگی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بەرەو دۆخی دەرەبەگایەتی و فەرمانڕەوایی نێو دیوەخان، لە پێناوی ئەو ئامانجە هەوڵدەدات و سڵ لە هیچ کردەوەیەکی خراپ ناکات. بەمەش دەردەکەوێت سیمای ئەم دوو پاڵەوانە لە خاسیەتەکانی پاڵەوانی ریالیزمی رەخنەگرییە، کە لە رێی رەخنەو کردەوە هەوڵی گۆڕینی ژیانی نێو کۆمەڵەکەی دەدا، تەنیا بۆ ژیان بەسەربردن لەنێو قەوارەی کۆمەڵەکەی ناژێت.

دەرخستنی زۆرانبازی چینایەتی و ململانێی نێوان چاکەو هێزی خراپە لە خاسیەتەکانی ریالیزمی رەخنەگرییە، کە بە هۆیانەوە هەندێک لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵ دەردەخرێت. ئەنجامی شاگرێی رۆمانەکە و هێڵێ تراژیدیای ئەو بەگزاچوونەی نێوان پاڵەوان و نمایندەی ئەو دوو چینە بەبێ کۆتایی دەمێنێتەوە، وەکو دەلالەتێکە لە مانەوەی ئەو ململانێیەی نێوان ئەو دوو هێزە. لێرەدا نکوڵی لەوە ناکرێت دەسەڵاتی بەرفراوانی چینی دەرەبەگ پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرەو کزبوون چووە، بەڵام لەساڵانی هەشتاکاندا سەرۆکی عەشیرەتەکان و هەندێک لە بەگزادەکان هەلێکیان بۆ خوڵقێندراو، تا رادەیەک بوونەوە بە خاوەن دەورێکی مەعنەوی و چەکداریی لەنێو کۆمەڵدا. بوژاندنەوەی دەوری دیوەخان لەنێو شارو لادێ یەکێک بوو لە دیاردەکانی دەورە تازەکەیان، بەڵام دیسانەوە رۆژگار ئاوی کرد بە ژێر هەوڵدانەکەی سەرۆک عەشیرەتەکان و بەگزادەکان

بۆ دیسانەوە گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییان لەنێو کۆمەڵدا. سوودی ئەو کەسانەی لە ماڵی سوارە لە دێی (بەردەشین)دا کۆدەبنەوە، ئاوڕدانەوەیەکی رەخنەییە لە دیاردە تازە نەزۆکەکە. لە سروودەکەیان پێشبینییەک بەدیدەکرێت کاتێک دەڵێن: "رۆژێک دێت ئارەقەی نێوچەوانی چینەرەکان ئاوێتەی لاوکی سەرفرازییان بێت.. رۆژێک دێت منداڵان لە ئاستی خۆری نوێدا گۆرانی بۆ ژیانێکی تازە بڵێن.. رۆژێک دێت ئافرەت لە بەندیخانەی ئەم ژیانەدا زنجیرەی دیلێتی بپچڕێنی...هەردێت... هەر دێت... هەر دێت..."(٥٤).

لە رۆمانی (غەوارە)ی عەزیزی مەلا رەشدا(٥٥). دیسانەوە کێشەی جوتیارو زەوی و زار مەزرێندراوە. شا رووداوی رۆمانەکە لە سەرەتای رۆمانەکە ئاماژەی بۆ کراوە: ئەویش رزگاربوونی چەتۆو دەرچوونی لە بیـــــری (گاورکار)ە، کە لەنێو دڵی کەسانی دێی (ل)دا ترس و لایەنێکی ئەفسوناوی هەیە. نهێنی و لایەنە شارەوەکانی ئەم شا رووداوە لەپاش ماوەیەک لە دەستپێکردنی زنجیرەی رووداوەکانی نێو رۆمانەکە بەرە بەرە پەردە لەڕووی راستیەکەی لە لایەن چەتۆی پاڵەوان هەڵدەماڵرێت.

لەم رۆمانەدا هەوڵدراوە گێڕانەوەکەی لەسەر شێوەی لاسایی، یان تقلیدی و کلاسیکی بونیات نەنرێت، وەکو لەنێو رۆمانە نۆبەرەکەی (کوێخا سێوێ)وە بەرچاودەکەوێت، ئەمەش لەڕێی کردنی کاتی ئێستای نێو دەقەکە بە بناغەیەک بۆ گەڕانەوە بەرەو لەتەکانی کاتی رابـردوو زنجیرەی بەسەرهاتی کەسە سەرەکییەکانی رۆمانەکە، دەردەکەوێت. مۆرکی رەخنەیی رۆمانەکە لەوەدایە: چەتۆو مام مەجید و ئامە هەیتە، لەپاش وەئاگاهێنان و سەرهەڵدانی هۆشیاریی لەلایان پاش ساتی رووناککردنەوەکە، دەست بە رەخنەگرتنێکی کاریگەر لە سرووشتی ساویلکەیی بیرکردنەوەی خەڵکی گوندەکەو کردەوە خراپەکانی حاجی عەبدوڵڵا دەکەن، کە بە هۆیەکی سەرەکی تێکچوونی ژیانی ئاسوودەیی و بەختەوەریی گوندەکە دادەنرێت. هەڵبژاردنی نموونەی ژیانی گوندێک لە رووپێوی ژیانی جوتیاران و گوندایەتی هەروەک مانای مشتێک نموونەی خەروارێکە.

شاگرێی رۆمانەکە نهێنی کەسێتی حاجی عەبدوڵڵایەو کردەوە خراپەکانیەتی. ئەم شاگرێیە لەڕێی چەتۆی مام مەجید و ئامە هەیتەوە بەرە بەرە پەردەی لێ هەڵدەماڵرێت، ئەوسا خەڵکی دێی (ل) دەزانن تا چ رادەیەک بە فرتوفێڵی و پیاوچاکی و سەیدایەتی لە لایەن حاجی عەبدوڵڵاوە لە خشتەبراون. لەم بوارەشدا ئەگەر ئەو نازناوانەی رۆماننووس دەیخولقێنێ سەرلەنوێ ریز بکرێنەوە سرووشتی

پەرەسەندنی ژیانی ئەم شاکەسە دەردەکەوێت: (عەبە دێزە، دێزە باب، سەید عەوڵڵا، حاجی دەبانزدە، حاجی کلاوچی، حاجی کەرەسیسانی، حاجی قرچۆک و قیرسن...) هەریەکێک لەم نازناوانە رەخنەیەکی راستی دەرخەرەوەیە ئاراستەی کەسێتی حاجی عەبدوڵڵا دەکرێت، کەوا رۆڵی سەرۆکایەتی هێزی خراپی نێو رۆمانەکە دەنوێنێ.

ئەو دەورەی چەتۆ، وەکو پاڵەوان، دەینوێنێ لە پوچەڵکردنی نیازەکەی حاجی عبدوڵڵا بۆ لەناوبردنی دۆخە باشەکەی ژیانی خەڵکی گوندەکە، بە هەمان پێوانە لەگەڵ هەوڵەکەی ئامە هەیتە بۆ ئابڕووبردنی حاجی عەبدوڵڵا و دەرخستنی رۆڵە هەمیشە خراپکارییەکەی ناکرێت، چونکە چەتۆ ئەقل و هۆش و نەخشەی ماقوڵ بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خوسرەوی برای بەکاردەهێنێت، کەچی ئامە هەیتە پاش بەخۆ خاوەن نەکردنی عەلی چاوبزی کوڕی حاجی عەبدوڵڵا لە ئاست سک پڕیەکەی زێنەبی برازای ئامە هەیتە، هەوڵەی خۆی لە ساتێکی پڕ غەزەب دەردەخات. رۆماننووس لە دەروازی رۆمانەکەیدا وەسفی سرووشتی ناوچەکە دەکات و باروگوزەرانی ژیانی خەڵکی گوندی (ل)[٥٦] دەردەخات و ، دەڵێت: "خەڵکەکە لەبەر هەر هۆیەک، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، یان ئاینییەوە، بە دڵ و گیان لە خێرو خۆشی و ترشیدا دەتگوت برای پشتی یەکترن.."[٥٧]. ئەم ژیانە خۆش و کامەرانییە بە هاتنی سەید عەبدوڵڵا بەرە بەرە تێکدەچێت پاش نواندنی چەند رەفتارو کردەوەی خراپ بەرامبەر خەڵکی گوندەکە. ئەم شاکەسە وەکو غەوارەیەک روو لە گوندەکە دەکات و لەماڵی مام مەجید بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو رەنجبەر کاردەکات و ژنی بۆ دەهێنێ و یارمەتی دەداو پارچەیەک زەویشی پێشکەش دەکات. بەم کارە چاکانەی مام مەجیدو یارمەتییەکانی دیکەی خەڵکی گوندەکە ژیانی سەید عەبدوڵڵا بەرەو باشتر دەڕوات. ئەم شاکەسە، کە لە گوندەکەی خۆی، پێش هەڵاتنەکەی بە عەبە دێزە ناسرابوو، بە ناوی ئاین و سەیدایەتییەوە دەتوانێت لەنێو دڵی ساویلکەی خەڵکی گوندەکە جێی خۆی بکاتەوە بێ ئەوەی بزانن عەبە دێزە لەسەر کوشتنی سافیەی میمکی و دزینی پارەکەی لەو گوندە بەرەو شاری هەولێرو پاشان بەرەو ناو گوندەکەیان هەڵاتووە.

سەید عەبدوڵڵا، لە کاتی چوونەکەی بۆ حەج و بۆ ئەوەی بنەچەی نێرینەی ماڵی مام مەجید لەناو ببات تاکو بەسەر موڵکەکانی زاڵ بێت، نەخشەیەک بۆ عەلی کوڕی و عوسمانی جدەوی هاوپەیمانی دادەنێت بۆ لەناوبردنی چەتۆی دووەم کوڕی مام مەجید بە هاویشتنی بۆ ناو بیری (گاورکار)ی پڕ لە مەترسی و ئەفسوناوی نزیک گوندەکە، حاجی عەبدوڵڵا پێشتر بەهەمان شێوە خەسرەوی

کوڕە گەورەی مام مەجیدی لەناو بردبوو، چونکە لە روویدا وەستابو و ملکەچی نیازە خراپەکانی نەبوو بوو. ئەم پیلانەی سەید عەبدوڵڵا سەرناگرێ و چەتۆ دەتوانێت لەپاش هەوڵدانێکی زۆر خۆی رزگاربکات و خەنجەرەکەی خوسرەوی برا کوژراوەکەی لەگەڵ دەستی خوێدا دەربکات، کەوا لەسەر دەستی عەلی کوڕی حاجی عەبدوڵڵا و محەمەدی کوڕی عوسمان جدەو دەکوژرێت و فڕێدەدرێتە نێو هەمان بیرەوە. ئەم کارەی چەتۆ دەبێتە شا رووداوی رۆمانەکەو کار لە داهاتووی پەرەسەندنی رووداوەکانی نێو رۆمانەکە دەکات. نهێنی شاردنەوەی تەرمەکەو گواستنەوەی بۆ چاڵێکی ژێر دیواری ماڵی حاجی عەبدوڵڵا لەلایەن چەتۆو موعتەبەری کچی حاجی عەبدوللاو زێنەبی کچی عوسمان جدە، پەردە لەرووی ئەو تاوانە هەڵدەماڵرێت، بەڵام لە لایەن ئامە هەیتەوە بە شێوەیەکی شانۆگەرییانە نهێنی ئەو تەرمە ئاشکرا دەکرێت. واتە گرێچنی ئەم رۆمانە "گرێچنی کردەوەیە"[٥٨].

خاڵی هەڵگەڕانەوەی خەڵکی گوندەکە دەرکەوتنی راستی کەسێتی حاجی عەبدوڵڵا لە هاتنی مام مەجیدو هۆری و خەسرەوی بۆ قەرزدانەوەی پارەی قەرزەکەی باپیری مرۆتی برای خەسرەوی دەردەکەوێت، لەو هاتن و چاوپێکەوتنەدا مام مەجید و هۆری نیوەی پارەی قەرزەکە بۆ حاجی عەبدوڵڵا دەبەنەوە، بەڵام حاجی عەبدوڵڵا لەبەر مرخ خۆشکردن لە زەویەکەی باپیر حەز ناکات ئەو پارەیان لێ وەربگرێتەوەو لە درێژەی ئاخاوتنی نێوانیان بەبێ ئاگا لەخۆ حاجی ئەم چەند وشەیە بە مام مەجید دەڵێت: "ئەگەر دڵیشت بە ئاستەم گەرد بگرێت ئەوا لە ئێستا زووتر نییە بە شایەدی جەنابت لێ خۆش دەبم"[٥٩]. ئەم هەڵەیەش پاش ئاخاوتنێکی زۆری حاجی عەبدوڵڵا و دەرخستنی ناچاری حاجی عەبدوڵڵا بۆ دانەوەی قەرزی پیاوەکەی هەولێر دێتە کایەوە، ئەوسا مام مەجید بە تووڕەییەوە بە حاجی دەڵێت: "ئەگەر دەرپێی سورمێشم فرۆشتبیت ئەورۆ هەر لۆت پێدا دەکەم و نایەڵم زەوییەکەی بداتێ"[٦٠].

خاڵی هەڵگەڕانەوەی چەتۆ لە کردەوە خراپەکانی و دەستکردنی بە نواندنی رەفتاری باش، لە پاش عاجیزبوونی (کەتان)ی خوشەویستی دێتە کایەوە: ئەو عاجیز بوونە لە ئەنجامی کردەوە قەڵپایەتییەکەی چەتۆ دێتە کایەوە، کاتێک چەتۆ رێویەک بە تەڵە دەگرێت و بە کلکی چەپۆڵەی سەگی ماڵی کەتان دەیبەستێتەوە و لەناو کۆڵانەکانی گوندەکە تا گیان بە دەستەوەدان سەگەکە لە ترسی رێوییە لەکلک بەستراوەکەی رادەکات و پەلکێشی دەکات.

چەتۆی پاڵەوان یەکەم کەسی ناو گوندەکەیان دەبێ رەخنە لە کردەوەو

ڕەفتارە خراپەکانی حاجی عەبدوڵڵا دەگرێت. لەم بوارەدا پاش چاوکەوتنی چەتۆ بە تێکچوونی سەرو سیمای عەلی چاوباز بە بینینی خەنجەرەکەی خەسرەو، چەتۆ ئەم وشانە لەناخی خۆیدا بە حاجی دەڵێت: "کەواتە ئەو حیزو دزە هەموو لەمەڕ سەری گوڵی گەورەیە، کە ئەوها خۆی لێمان کردووەتە شێخی سەنعان"[٦١].
هەروەها پەردە لەڕووی لاپەڕەیەکی دیکەی ڕاستیی کەسێتی حاجی عەبدوڵڵا دەردەخات، کاتێک هانیدەدا بۆ سڵ نەکردنەوە لە ڕەفتاری خراپ و بەد و قەڵپ. لەم بارەیەوە چەتۆ دەڵێت: "کە من منداڵ بووم لە رووالەتدا بەناوی ئەوە کە کوڕی مەجیدی بووم و ڕێزی دەگرت منی خۆش دەویست، فێری سەدو یەک نازو نوزو ئاین و ئۆین و کردەوەی قۆڕو نالەباری کردم"[٦٢]. هەروەها دەڵێت: "ئەوەندەی لە دەودام تا تەواوی سوخەتی گۆیم و کەڵکی بڕیم و لە هیچ تاوان و کاری خراپ نەدەپەنگامەوە... ئەو تاوانبارە ڕەفتاری لەگەڵ من ئا بەو چەشنە بوو. تا دوارۆژ خوێری و بەڕەڵڵا دەرچم و جێ بابم نەگرمەوەو دنیاش لۆ ئەو تەخت بێت و بەکەیف و ماشای خۆی سوار سوارانێ لێ بکات.ئ. ە.. لە لایەکی دی کە زانی خەسرەوی برام جێگەی بابمی گرتووەتەوە لەناوی برد..."[٦٣].
چەتۆ هەر بەوەندە ڕەخنە لە حاجی عەبدوڵڵا ناوەستێ، بەڵکو ڕەخنەش لە خۆشباوەڕی و ساویلەکەیی بیرکردنەوەی گوندەکەیان بەرامبەر فێڵی سەیدایەتییەکەی عەبە دێزە دەگرێ و دەڵێت: "هۆ ئەو بەڵایە گەورەیەی کە تووشمان بووە تەنیا لە نەزانین و نەفامی ئەختیارەکانمانە، بە تایبەتی بابم! هەر کە ئەو ڕۆژە هاتووەتە ئێرە بەبێ ئەوەی بزانن کێ و کێ نییە. هەنووکەشی لەگەڵدا بێت نازانم لە چ دێێک پاش کەوتووە، هەر لەبەر ئەوە دوو گەز پەڕۆکی کەسکی لە پشت بووە سەجدەیان لۆ بردووە. بە پێغەمبەریان داناوە! لە ڕاستی سەریان پێوە نەبووە. هەر ئەوەندەیان مابووە ژنەکانیان لە بەری بکەن: لە خاک کێوە؟ تا وای لێ هات ئەوەها دەسەڵات پێدا بکات و لایەکی زەوی و زاری ئاوایی لۆ خۆی دابڕێت. بە ئەوەندەش نەوەستا خوێنیشی ڕیشتن"[٦٤].
پاش ئەم ڕەخنانە چەتۆ، دەنگی بگێڕی بوری هەمانشتزان هاریکاری دەنگی چەتۆی پاڵەوان دەکات لەو ڕەخنەگرتنە دەڵێت: "سەیری بە ساولکەیی و خۆش باوەڕی دوور نەبینینی باوک و ئەختیارەکان دەهـات"[٦٥]، دوای ئەمە دەنگی ڕەخنەی چەتۆ دیسانەوە بەرز دەبێتەوەو، دەڵێت:" خۆ ڕەنگ نییە سەیدێک، شێخ ڕەزاییەکە، دەروێشێکە لۆ دەروزە ڕێی بە ئاوایی بکەوێت وا دەزانن ئاسمان کون بووەو ئەوی لێ بەربووەتەوەو دەبنە خاک و خۆڵی بەر پێی!... ئی لۆ؟... ئاخ...خ خ، تاکو خاوەنی بیروبڕواو ڕەوشتی ئەوها بین ڕۆژی خۆشمان ئەوڕۆ دەبێت"[٦٦].

ئەو رەخنانەی لە ناخەوەی چەتۆ پەنگی دەخـواردەوەو لەرێی مەنەلۆگ بۆمان دەریدەخات، بەرە بەرە لەنێو خەڵکی گوندەکە تەشەنە دەکات، بۆ نموونە مام مەجیدو مام سێوە دێن لە پاش دەرکەوتنی تاوانباری حاجی عەبدوڵڵا و هێزە خراپەکەی لە کوشتنی خەسرەودا دەڵێت: "مەجید گوتی: لەوەتی بابۆ باپیرانمان بیناتی ئەو گوندەیان ناوە، نەک بنیادەم، کێشکە چییە لێی نەکوژراوە، ئەوە یەک. سێوە دین گوتی: راست دەکەیت، بەڵام دەستی غەوارەی تێکەوت، غەوارە"(٦٧).

*مەجید: ئێمە تا خاوەنی ئەو سوخەتانە بین حاڵمان لەورۆ باشتر نابێت.

سێوەدین بە دڵنیاییەوە: کورە خراپتریش دەبێت "(٦٨).

رۆماننووس بەم کەسانە کیفایەت وەرناگرێت لە رەخنەگرتن لە هۆی ناخۆشی و ناکۆکی ژیانی گوندەکەیان، بەڵکو فاکتەرێکی کاریگەرتر دەخولقێنێ، ئەوەش هاتنی ئامە هەیتەیە لە هەولێرەوە بۆ ناو گوندەکەی (لاوەر)، بێ ئەوەی ئەوە دەربخات لەوێندەری لە ماڵی کێ دەژیا، بەڵکو تەنیا لەبەر مردنی ژنەکەی عوسمان جدەوی برای دێت بۆ ناو گوندەکەو ئەوسا زۆری پێ ناچی حاجی عەبدوڵڵا یەکسەر خەمی هاتنی ئەم ئاگرە سوورە دەخوات، چونکە پێشتر چاکی دەناسێ چۆن دەم هارو شرێکە. تەنانەت خێزانەکەشی ئەو ترسەیان لێ دەنیشێت پاش چوونی بۆ داواکردنی موعتەبەر بۆ محەمەدی برازای و هەروەها پاش چوونی بۆ تەپسکردنی سکپڕی زێنەبی برازای لە لایەن عەلی چاوبازی کوڕی حاجی و داوای هەڵسان بە داخوازی زێنەب، بەڵام کە دەبینێ ملی بۆ شل ناکەن و گوێ بە قسە لووس و تکاکانی نادەن بۆ نەبردنی نامووسی کچە برازاکەی، ئەوسا بە دەنگی بڵندی "هۆ... گوندینە... هۆ... خەڵکینە... هۆ... موسڵمانینە..." خەڵکی گوندەکە لە شوێنێکی ناو گوندەکە کۆ دەکاتەوەو بە شێوەیەکی شانۆگەرییانە هانی خەڵکەکە دەدا بۆ رووخاندنی دیوارێک و هەڵکەندنی خاکەکەی ژێری تاکو ئێسقانەکانی خەسرەو بە چاو و دەستی خۆیان بدۆزنەوە، بێ ئەوەی پێشتر ئاماژە بۆ زانینی ئامە هەیتە، یا زینەبێ برازای، بەو شوێنە بکات، ئامە هەیتە پاش ئەم کردەوەو نواندنە شانۆگەرییە دەست بە رەخنەگرتن لە حاجی عەبدوڵڵا دەکات و پەردە لەمەڕ راستی کەسێتییەکەی بۆ خەڵکەکە هەڵدەماڵی و بە دەنگێکی بەرز دەڵێت: "سەیر لەوەدایە باش بزانن ئەو تاوانە کەرخی ئەو بێ دینەیە، کەرخی ئەو رافزیەیە!... کەرخی ئەو فەرمەسۆنەیە کە ئەنگۆی دڵ ساویلکەو لە دنیا نەگەیشتوو بە وەلیتان داناوە"(٦٩).

ئەم کردەوەیەی ئامە هەیتە دەبێتە هۆی گڕدانی مەشخەڵی رەخنەگرتن لە حاجی عەبدوڵڵا لەنێو خەڵکی گوندەکەو ئەوسا پیرۆزیەکەی جارانی نامێنێ و

چەندین وشەی پێ دەڵێن، وەکو: "بێ ویژدان، کارخانچی، دین پەڕۆ، دین تەنەکە، سپلە، بێ ئەمەک"(٧٠). ئەم هەڵگەڕانەوەیەی خەڵکی گوندەکە لەمەڕ حاجی دەگاتە رادەی بڕیاردان لەسەر کوشتنی ئەگەر لە سەفەرەکەی بۆ هەولێر بگەڕێتەوە، هەر یەکێکیانیش "لە راستەخۆی حاجی دەبانزدەی داگرت:

- با ئەو زەندیقە بێتەوە دەبێ دکرێکی پێ بکەین با بە دەواری شڕی نەکردبێت.
- دکرێکی وا تاماوە لە یادی نەکات.
- سمێل و ردێنی لووس بتاشین و ئەوجا منداڵە وردکەی ئاوایی دوا بێخین.
- بە رەجم کردن رەجمی بکەین"(٧١).

ئەم بایەخدانەی رۆماننووس بە دیالۆگی شانۆگەرییانە بە هەمان شێوەی رۆمانی (دیوەخان)ی محەمەد رەشید فەتاح نییە، کەوا زیاتر دیالۆگ هاریکاری گێڕانەوە دەکات لە دەرخستنی کەسێتی خاوەن ئاخاوتنەکە، لە رۆمانی (غەوارە) جۆرێکی دیکەیش لە دیالۆگی درێــژدادەر تێیدا مەزرێندراوە بۆ خزمەتی دەرخستنی سرووشتی رووداوەکان.

هەروەها رۆماننووس بە شێوەیەکی گونجاو چەندین پەندی پێشینانی لەنێو دیالۆگ و مەنەلۆگەکانی رۆمانەکە مەزراندووە، چونکە "پەندی پێشینان رۆڵێکی گەورە لەنێو رۆماندا دەنوێنێ و زۆرجار لەگەڵ رووداوەکە گونجاو دەبێ و ناخەوەی کەسەکە دەردەخات"(٧٢). هەروەها رۆماننووس، توانای باشی خۆی بەکارهێناوە لە بەکارهێنانی گەنجینە فراوانەکەی لە وشەی ئاخاوتنی دەشتی هەولێر لەنێو گێڕانەوەو دیالۆگی دەقەکە. رۆماننووس لە هەندێک شوێن دەنگ و بیروڕای خۆی بلندو ئاشکرا دەکات بێ ئەوەی درکی پێ بکات بۆ نموونە:

* نووسەر لە تۆمارکردنی ئاخاوتنەکانی عەلی چاوباز بە زمانێکی لووس لەگەڵ زێنەبی عوسمان جدەو دەڵێت: "دەوجا وەرە کچی تایەن پێی باوەڕ نەکات"(٧٣).

* نووسەر لە وەسفی رووخساری ئامە هەیتە دەڵێت:" هەر کەسێک بیدیت بووایە یەکسەر ئەو رایەی (داروین)ی دەسەلماند کە دەڵێت:"بینادەم لە رەگەزی مەیمون سەری هەڵداوە"(٧٤).

* لە وەسفی رەشبەڵەک و هەڵپەرکێی ناو شاییەکەی محەی عوسمان جدەو دەڵێت: "قوربەسەر ئەوانەی تۆزێک گۆشتن بوون وا گۆڕا بوون نەیان دەتوانی لە سەریان پاڵدەنەوە بەراستی رەشبەڵەکێکی تەواو بوو..."(٧٥). رۆماننووس، وەکو بۆ زیاتر خولقاندنی کاریگەریی رووداو لە هەستوهۆشی خوێنەر، چەندین پەندی پێشینانی لەم رۆمانە مەزراندووە، ئەم لایەنە لە زۆربەی رۆمانە ریالیزمییەکاندا

ڕەچاوکراوە بۆ ئەوەی زیاتر ڕیالیزمی دەقەکەو ڕووداوەکانی دەربخرێت. پەندەکان زۆربەی زۆریان لە جێی شیاوی خۆیانن، لە (کوێخا سێوێ)و لە (غـەوارە)دا قسەیەک دووبارەدەکاتەوە لەسەر زاری ئەو کەسەی دەکەوێتە تەنگانەو داوای دەخالەت بکات و دەڵێت: "وەک عارەبی بەغدا بێت دەخیل بم" لە ڕاستیدا (ناوی عەشایەری عەرەبی) لە بری (عارەبی بەغدا) شیاوتربوو، چونکە پەناهەندەیی بۆ لای سەرەک عەشیرەتێکی عەرەب ژیانی غەوارەکە لە مەترسی دەپارێزێ و ئەمە یەکێکە لە ئەخلاقی عەشایەری دەشتەکی، نەک شارستانی، نێو عەرەبدا.

ڕەخنەکانی چەتۆ لە حاجی عەبدوڵڵا و پـەردە هەڵماڵین لە ڕاستی کەسێتییەکەی لەگەڵ ڕۆڵی پاڵەوانی ریالیزمی ڕەخنەگری دەگونجێت، کە نەک بۆ ژیان لەناو کۆمەڵەکەی دەژێت، بەڵکو بۆ گۆڕینی. هەوڵی گۆڕینی ژیانی خەڵکی گوندەکە لەلایەن چەتۆوە دەدرێت لەڕێی بەگژاچوونی لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵاو تاقمە خراپەکەی، کە لەبەر چەند ناکۆکییەکی بەرژەوەندەیی لەناو خۆیاندا تێکدەچن و لە کۆتاییدا دەبنە دوژمنی یەکتری. بەم جۆرە کارانە ناکۆکی چەند لایەنێکی ژیانی خەڵکی گوندەکە دەردەخرێت و ئەمەش لەگەڵ سرووشتی ریالیزمی ڕەخنەگریی دەگونجێت.

بگێڕەرەوە لەم ڕۆمانەدا هەموو شتزانە، ڕۆماننووس تەنیا ڕێگای بە بگێڕەرەوی بزر (ئەو) نەداوە ڕۆڵی گێڕانەوەی ڕووداوەکـان بنوێنی، بەڵکو هەندێک کەسی سەرەکی وەکو مام مەجیدو سیوەدین و ئامە هەیتە هاریکاری لە گێڕانەوەی هەندێک لە کردەوەکانی ڕابردووی حاجی عەبدوڵڵا دەکەن، کەوا ڕۆڵی کەسی ڕەخنە لێگیراو و سەرەکی هێزی خراپە لەنێو ڕۆمانەکەی دەبینێ[٧٦] کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، کە بۆ ساڵانی سیەکان و چلەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ دەقەکانی ڕۆمانەکە ناگونجێت، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا نووسراوە. ئەم لێکنەچوونە نەبووەتە هۆیەک بۆ لاوازیی بەرجەستەکردنی کێشەی جووتیارو زەوی و زار لەنێو ڕۆمانەکە. ڕاستە ئەم جۆرە بابەتە تازە نییەو پێشتر لە بواری چیرۆکی کوردیدا دەرخـراوە، بەڵام ڕۆماننووس هەوڵیداوە بە گیانێکی زۆر نزیک لە ڕاستی ڕووداوەکانەوە دایبڕێژێتەوە. بۆ نموونە لەگەڵ ڕووداوی نێو چیرۆکە کورتەکەی جەمال باباندا، کە بە ناونیشانی (سەید کەڵەک)ەو لە دووتۆی کۆمەڵە چیرۆکێک لە ساڵی ١٩٦٩دا بڵاوی کردووەتەوە. چەند لایەنێکی ڕاستی ڕووداوەکانی نێو (غەوارە) لەلایەن ڕۆماننووسەوە دەرخراوە. هەروەها لە تێبینیەکە ڕاستی کاتی ڕووداوەکان دەرخراوە، کەوا چەند ساڵێکی پێش و پاش

هاتنەکەی مستەر لاینە لە ساڵی ١٩٣٨- ١٩٣٩دا بۆ کاروباری تەسویەکردنی کێشەی زەوی و زار لەنێوان جوتیارەکاندا، هەروەها ناوی راستەقینەی حاجی عەبدوڵلای نێو رۆمانەکە ئاشکرا دەکات، کە ناوی سەید کەڵەکەو کاتی خۆی بە فرت و فێڵی سەیدایەتی توانیویەتی دەست بەسەر زەوی و زاری گوندی (حەسەن ئاوا) بگرێت، لە ساڵی تەسویەکە ئیدعای ملکداریێتی زەوی و زاری گوندەکە دەکات، کەوا لەنێو رۆمانەکە کراوە بە گوندی (لاوەر). هەروەها رۆماننووس ئەوەش دەردەخات کەوا سەید کەڵەک "نەک هەر سەید نییە، بەڵکو پیاوکوژەو لە بەندیخانە رایکردووەو لە ئەنجامدا دەگیرێت"[٧٧]. ئەم رووداوە راستەقینەیە لەلایەن رۆماننووسەوە بە شێوەیەکی دیکە مەزرێندراوەو حاجی عەبدوڵلای کلاوچی بە هۆی کارەساتێکی ئوتومبێلەوە لەگەڵ عەلی چاوبازی کوڕی لەناو دەچن و چەند شووشەی مەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیان دەدۆزرێتەوە. ئەم دەستکارییە مافی رۆماننووسە لەبەکارهێنانی خەیاڵی هونەریی لە دیسانەوە خەڵقکردنی رووداوەکانی نێو کەتوارەکەی. ئەمەش یەکێکە لە خاسییەتەکانی رۆمانی ریالیزمیی، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم جۆرە رووداوە راستەقینانە لەلایەن رۆماننووسەوە بۆچوونەکەی (ئای.ئای. مەندیلۆ) دەسەلمێنێ، کە دەڵێت: "نووسەری مەزن بە راستگۆییەکی زیاتر لەوەی خۆی پێ بزانێ دەنووسێ"[٧٨].

لەم رۆمانەدا بۆ گێڕاو (**المروي** لە- Narrate) بەدیدەکرێت، مام مەجید و سێوەدین و هەردوو خێزانەکەیان لە گێڕانەوەکەی چەتۆدا، هەروەها لە گوێگرتنەکەی خەڵکی گوندەکە لە گێڕانەوەکەی ئامە هەیتە، رۆڵی بۆگێڕاو دەبینین و رۆڵی سەرەکی گێڕانەوەکە بگێڕەوەی بزر (**الراوي الغائب**) دەبینێ، کە رۆڵی نووسەری ناوەوەش (**المؤلف الضمني**) دەبینێت. ساتی رووناککردنەوەی (**لحظة التنوير**) نێو ئەم رۆمانە لە کردەوەکەی ئامە هەیتەو هاندانی بۆ رووخاندنی دیوارەکەو هەڵکەندنی چاڵەکەی ژێری و دەرهێنانی ئێسقانەکانی تەرمەکەی خەسرەوی کوژراو بەرجەستە کراوە. ئەم کارە دەبێتە هۆی وشیارکردنەوەی خەڵکی گوندەکە بەرامبەر راستیی کەسێتی حاجی عەبدوڵلاو کردەوە خراپەکانی لەنێو گوندەکە. هەروەها ئەم کردەوەی ئامە هەیتە دەبێتە مەشخەڵی رووناککردنەوەی ئاستی ساویلکەیی بیرکردنەوەو خۆش باوەڕیی خەڵکی گوندەکە.

سرووشتی شوێن لەم رۆمانە بازنەیی داخراوە، چونکە نە پاڵەوان و نە کەسەکانی دیکەی نێو رۆمانەکە بە یەکجاریی لە گوندو ناوچەکەیان دوور ناکەونەوە. هەروەها پانتایی شوێن لەم رۆمانەدا فراوان نییە، بەڵام لە بواری

وەسفکردندا رۆماننووس تا رادەیەک بایەخی بەم لایەنە داوەو عەشقی شوێن لەلای ئەم رۆماننووسە زۆر گەورەیە. تەنانەت لە هەر سێ رۆمانەکەی (غەوارە) و (کوێخا سێوێ) و (بۆرە) زیاتر گوندەکانی ناوچەی (کەندێناوە)ی کردووە بە تەختی شانۆی رووداوەکانی نێو ئەو رۆمانە. ئەم لایەنەش، وەکو خۆی دەڵێت[٧٩]. بۆ زیاتر شارەزابوونی لە سرووشتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، چونکە خۆی لە گوندی (چەغەمیرە)ی سەر بە ناوچەی کەندێناوە لە دایکبووە. ئەم جۆرە بایەخدانە بە گرنگی هەڵبژاردنی شوێن مۆرکێکی ریالیزمی بە رۆمانەکە بەخشیووە، چونکە رۆمانیش وەکو هونەرێک "ئەگەر لە ئامێزگرتنی شوێن دوورکەوتەوە، لایەنە ریالیزمییەکەی لەدەست دەچێ"[٨٠]. هەروەها بایەخدانی رۆماننووس بە هەڵبژاردنی ناوچەی لەدایکبوونی وەکو تەختی شانۆی رووداوەکانی نێو رۆمانەکانی بۆ هەمان رۆڵی شوێن دەگەڕێتەوە، کە "هەستی هاوڵاتیەتی و هەستکردنی بە کات و ناوچەگەریمان پێ دەبەخشێت."[٨١].

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

(٥٣) گێڕانەوە کاتی دەقی هەموو رۆمانێکی یا چیرۆکێک هاوتەریبی هەمان کاتی ناوەوەی دەقەکەیە. بەڵام دەقکاتەکە مەرج نییە هاوتەریبی هەمان کاتی دەرەوەی دەقەکە بێ، دەقکاتەکەش زیاتر کاتی نووسینی دەقەکە دەگرێتەوە ئەگەر لەلایەن نووسەرەکەی دەستنیشان کرابێ و ئەگەر نەبوو ساڵی چاپکردنەکەی دەبێتە ساڵی دەقکاتەکە. بەم شێوەیە دەردەکەوێ گێڕانەوەی کات هاوتەریبی کاتی ناوەوەی دەقەکەی و دەقکاتەکە هاوتەریبی کاتی دەرەوەی دەقەکەیە.

(٥٤) محەمەد رەشید فەتاح. دیوەخان، رۆمان، ل١١.

(٥٥) عەزیزی مەلا رەش ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی (چەغە میرە)ی ناوچەی کەندێناوەی دەشتی هەولێر لەدایکبووە، لە حوجرەی مەلایان خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٦٠دا پاش تەواوکردنی خولێکی پەروەردەیی کراوە بەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و، لە ساڵی ١٩٨٩دا خانەنیشین کراوە و لە ساڵی ١٩٩٢دا دیسانەوە گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایەتی. جگە لە رۆمانی "غەوارە/١٩٩٠" خاوەن ئەم رۆمانانەیە:

- پشیلۆکە- شیعر بۆ منداڵان/١٩٧٩.
- قوڵە میتر- چیرۆک بۆ منداڵان/١٩٨٠.
- کوێخا سێوێ/١٩٨٦.
- گورگ و بزن، چیرۆک بۆ منداڵان/١٩٨٩.
- تۆبەی گورگ مەرگە- چیرۆک بۆ منداڵان/١٩٩٠.

– بۆرە/١٩٩٠.

– رمان بۆ مێرد منداڵان/١٩٩١.

– لێ قەومان، کورتە رۆمانە لە ژمارە (٤)ی خولە تازەکەی گۆڤاری کاروان لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە.

(٥٦) نهێنی ناوی گوندی (ل) لە کۆتایی رۆمانەکەی، بەبێ ئاگا لەلایەن رۆماننووسەوە ئاشکرا دەکرێ، کەوا گوندی (لاوەر)ی دەشتی کەندیناوەیە، هەروەها ئەم نهێنییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە لایەن رۆماننووسەوە لە روونکردنەوەکەی ئاشکرا کراوە.

(٥٧) عەزیز مەلا رەش، غەوارە – رۆمان، چاپخانەی **الحوادث**، بغداد، ١٩٩١، ل٧.

(٥٨) لە لاپەڕە (٢٩)ی کتێبی (گرێچن)ی ئەلیزابێس دیبل، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کەوا گرێچنی بنەمای کۆکردنەوەی بریتی دەبێ لە گۆڕانکارییەکی تەواو، بە شێوەی بەرە بەرە یا ناکاوی لە دۆخی پاڵەوان رووداوەکات و هەردوو لایەنی کەسێتی و بیرەکە کاری لێ دەکەن، وەکو لە رۆمانەکەی (برایانی کرامازۆف)ی دیتسۆیفسکی بەدی دەکرێ)بڕوانە : **الیزابث دیبل، ترجمة د. عبدواحد لؤلؤة، موسوعة المصلطع النقدي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل٢٩.**

(٥٩) عەزیزی مەلا رەش– غەوارە، رۆمان، ل٦٢.

(٦٠)هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

(٦١) هەمان سەرچاو، ١٢٧.

(٦٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٩.

(٦٣) هەمان سەرچاوە، ل١٤٠.

(٦٤) هەمان سەرچاوە، ل١٤٠, ١٤١.

(٦٥) هەمان سەرچاوە، ل١٤١.

(٦٦) هەمان سەرچاوە، ل١٤١.

(٦٧)هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

(٦٨) هەمان سەرچاوە، ل١٥٥.

(٦٩) هەمان سەرچاوە، ل٢١٩– ٢٢٠.

(٧٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٠.

(٧١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٨.

**(٧٢) صبري مسلم حمادی – التراث الشعبي في الرواية العراقية الحديثة، الموسسة العربية للدراسات والنشر بيروت، ١٩٨١، ل١٤٣.**

(٧٣) عەزیزی مەلا رەش – غەوارە، رۆمان، چاپخانەی **الحوادث** بغداد، ١٩٩١، ل١١٤.

(٧٤) هەمان سەرچاوە، ل١٦٤.

(٧٥) هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.

(٧٦) رۆماننووس لە نامەیەكی تایبەتیدا وەڵامی پرسیارێكمان لە بارەی دەرخستنی كەسانی وەكو سەیدو مەلاو حاجی و شێخ وەكو نموونەیەكی پیاو خراپ لەنێو رۆمانەكانی دەڵێت: "لەبەر ئەوەی خۆم لە بنەماڵەیەكی دیندار پەروەردە بووم، بە راستی لە دین گەیشتووم بە خوایشتی خۆم نییە، رقم لە باس نایەت ئەوەندە زۆر لەو كەسانە دەبێتە، كەوا لە رووالەتدا بەدین و لە ژێرەوەشدا بە بەرەواژین، ئەگەر بۆم بلوێت خۆم لە قەرەشیان نادەم، ئەو تەرزە سەرمەرو زگ گورگانەش ئامێزیان بە زۆری بۆ سەیدو حاجی گرتووەتەوە. بۆیە لە ناخەوە مەراقمە پڕ تۆخیان لای خەڵك و خوا بەگۆڕی وەربكەم..." هەروەها لە وەڵامێكی دیكەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەوا هەندێ لاساریی چەتۆ لە هەندێ كردەوەی سەردەمی منداڵی خۆی دەچێت؟!

(٧٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.


(٧٨)د.محسن جاسم الموسوی-عصر الروایه- مقال فی النوع الادبی، مكتبه التحریر، بغداد، ١٩٨٥، ص٥١.

(٧٩) دەربارەی ئەم دیاردەیە لە وەڵامی پرسیارێكمان رۆماننووس دەڵێت: "من لەبەرئەوەی خۆم لەم ناوچەیە چاوم هەڵهێناوەو تێیدا پەروەردە بوومە، بەڵگە نەویستە نووسەری چیرۆك و رۆمان لەم تەرحە بابەتانە باش سەر دەكەوێت و زۆر شەكەتی و شەونخونی پێوە نابینێت كەتێیدا ژیابێت. چەشنی لەقتەی فلیمێك لە بەرچاوی ئامادەیە پێویستی تەنیا بەوەیە بیخاتە سەر كاغەز...".

(٨٠) یاسن النصیر- اشكالیه المكان فی النص الادبی، **مطابع** دار الشؤون **الثقافیة**، بغداد، ١٩٨٦، ص٨.

(٨١) هەمان سەرچاوە، ل٥.

# مەم و زین



**گوڵاڵە کەمانگەر**

**پێشەکی:**

هەروەک مامۆستا هێمن دەڵێ: مەم و زین بە ناوبانگترین چیرۆکی کوردییە.

چیرۆکێک کە چەندین گێڕانەوەی هەیە و برێ جیاوازی لەنێوان توخمەکانی گێڕانەوەیدا هەیە، بەڵام ناوەرۆکی رەسەنی چیرۆکەکە ئوستوورەیەکی کۆنی ناوچەی خۆرەڵاتی ناوەڕاستە، کە لە شوێنی خۆیدا بە تەواویی باسی لەسەر دەکەین. ئەم چیرۆکە وەکو هەموو چیرۆکە کوردییەکان و بە گشتی وەکو هەموو چیرۆکە کۆنەکانی دنیا لە سەرەتاوە بە شێوەی زارەکی و لە زمانی شایەرەکانەوە (کە بە بەیتبێژ دەناسرێن) گوتراوە، هەر بۆیە جیاوازیی گێڕانەوە و هەروەها تێکەڵبوونی توخمەکانی گیڕانەوە، لە ئەدەبی زارەکی و ئەم بەیتەشدا شتێکی ئاسایی و حاشاهەڵنەگرە.

هەر شایەرێک بەپێی پێخۆشبوون و بۆچوونی خۆی هێندێک شتی بەسەر چیرۆکەکەدا زیادکردووە و یان گۆڕیویەتی، ئەم دەستێوەردانە تا ئەوکاتەی کە

چیرۆکەکان تۆمار نەکرابوون زۆر زەقتر بوون، بەڵام دوای تۆمارکردنی بەیتەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی بەرچاوی ئەدەبی زارەکی ئەو گۆڕانکارییانە کەم بوون یان بە تەواویی نەمان.

لەبارەی مەم و زینەوە ئەوەی لەبەردەستدایە، گێڕانەوەی بەناوبانگی خانییە، کە بە ڕاستی شاکارێکی ئەدەبییە و مەم و زینی لە بەیتێکی سادە تا ڕادەی حماسە کێشاوەتەوە سەرەوە. دووەم گێڕانەوەی پیرەمێردە کە بە وتەی مامۆستا هێمن ئیبداعێکی خۆیەتی و زیاتر لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی و دراماکانی شکسپیر دەچێت. سێیەمیش گێڕانەوەی ڕەحمان بەکری شایەر، کە ئۆسکارمان تۆماری کردووە و وادیارە شێوەی باو لەناو بەیتبێژانی کوردستانی ئێراندا هەر ئەم گێڕانەوەی ڕەحمان بەکر بووە (چونکە بە وتەی ئۆسکارمان جیاوازیی نێوان گێڕانەوەی شایەرەکان بە گشتی زۆر کەم بووە).

ئەوەی ئێمە لێرەدا پشتی پێدەبەستین دوو گێڕانەوەی خانی و ڕەحمان بەکرە، بە تەواویی و بە دڵنیایی ناتوانین بڵێین کام لەم دوو گێڕانەوەیە ڕەسەنترە. گێڕانەوەی خانی لەبەرئەوەی کە تێکەڵی وردەکاریی سۆفییانە و بۆچوونی عیرفانیی بووە، لە چوارچێوە ئوستوورەیی و فۆلکلۆری چیرۆکەکە دەترازێت و گێڕانەوەکەی ڕەحمان بەکریش بەبۆنەی تێکەڵکردنی چەندین ئوستوورە و دەقی ئایینی جیاواز لەناو ئوستوورەیەکی تایبەتدا، ڕەنگە خوێنەری شارەزا تووشی سەرلێشێواویی بکات و ناوەڕۆکی ئوستوورەیی چیرۆکەکەی لێ ونبێت. بۆیە لە هەردوو ئەم گێڕانەوەیە کەڵک وەردەگرین بۆ وەدەرخستنی پاژە پرشوبڵاوە ئوستوورەییەکانی ئەم چیرۆکە کە بە ئوستوورەی خودای کوژراو (شەهید) دەناسرێت.

### ئوستوورەی خودای کوژراو

لە دنیای ئوستوورەناسیدا زۆرجار هەیە کە لەنێوان ئوستوورەی چەندین نەتەوەی جیاوازدا توخمگەلی ئوستوورەیی هاوبەش دەکەوێتە بەرچاو، تەنانەت جار هەیە کە ئوستوورەی نەتەوەیەک دەقاودەق لەناو نەتەوەیەکی بەڕواڵەت دوور لە نەتەوەی پێشوو دەبینرێت و تەنیا ناوەکان دەگۆڕدرێن، کە بەم ئوستوورەگەلە دەڵێن ئوستوورەگەلی هاوتەریب. لە ڕێگای ئوستوورە هاوتەریبەکانەوە زانیاریی زۆر لەبارەی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و هەروەها مێژووی هاوبەشی ئەوان یان شێوەی ژیانی ئەو نەتەوانە دەکەوێتە دەستی توێژەر و ڕەنگە بازنە ونبووەکانی مێژووی نەتەوەیەک بەهۆی ناسینی ئوستوورەکانی وەدەرکەوێت.

یەکێک لە ئوستوورە هاوبەش و هەرەناسراوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، ئوستوورەی خودای شەهیدبووە، ئوستوورەیەک کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شێوەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە هەیە و گرنگترین ئوستوورەی ژیانی وەرزێرییە. ئەم ئوستوورە لەگەڵ کشتوکاڵ و چاندن و دروێنەی بەروبووم پێوەندیی هەیە. ناوەڕۆکی ئوستوورەکە باس لە پاڵەوانێک دەکات کە تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی داوێنپاکییە. ئەم پاڵەوانە کە بووەتە دڵداری ژنێکی خاوەن دەسەڵات، بۆ ماوەیەک دەکەوێتە زیندان یان بیر یان دۆزەخ (کە جۆرێک لە مردنە) و خەڵک ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی مردن یان بە زیندانکەوتنی پاڵەوانەکە بەڕێوە دەبەن. لەم داستانەدا پاڵەوانەکە نوێنەری تووی گیایە، واتە خودایەکی گیاییە کە وەرزێر لەژێر خاکی دەکات و هیوادارە شین ببێت و سەرهەڵبێنێت. لە بۆچوونی ئینسانی ئوستوورەییدا پێوەندیی هۆیی و بەرهۆیی هێشتا مانای نییە و ئەو هێشتا بەو قەناعەتە نەگەیشتووە کە سەرهەڵهێنان و ڕوانی گیا چەندین مانگ پاش چاندنی شتێکی سرووشتی و ئاساییە، ڕووداوی لەدایکبوونی منداڵیش هەر بەو شێوەیە. سەرەتا دڵەڕاوکەی ئەوەی کە ئایا ئەو شتەی کە چاوەڕوانییەتی ڕوو دەدات یان نا، دەبێتە هۆی خولقاندنی ئایین و دابونەریتی تایبەتی (کە زۆربەی جار لەگەڵ ڕێوڕەسمی قوربانیی بۆ خودایان بە ڕێوە دەچێت)، پاشان ئەو دابونەریتە دەبێتە بەشێکی نەگۆڕی ئەو دیاردە سرووشتییە، واتە لەبەر چاوی ئەو دەبێت بە عیللەتی ئەو ڕووداوە سرووشتییە (بۆ نموونە سەر هەڵێنانی تۆم لە خاک). ئینسانی ئەساتیری ئایینەکان و دابونەریتی زۆر بە لاوە گرنگە و وادەزانێت جێبەجێ نەکردنی ئەوانە دەبێتە هۆی تۆران و ڕقهەستانی ئیزەدی ئەو ڕەسم و ئایینە و تۆڵەکردنی ئەو. بۆ نموونە پێداهەڵنەوتنی ئیزەدی ئاو دەبێتە هۆی تۆرانی ئەو و پشتهەڵکردنی لە خەڵک و زاڵبوونی دێوی وشکساڵی( )، بۆیە هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە ئەو خوداگەلەی کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانەوە هەیە، هەمیشە بە باشی ستایش و پەرەستن بکات. خودای گیاییش یەکێک لەو خوداگەلەیە کە ناوەند و کۆڵەکەی ژیانی وەرزێرییە.

کۆنترین بیچمی ئەم ئوستوورەیە، ئوستوورەیەکی مێزۆپۆتامیاییە، لەم ئوستوورەیەدا ئینانا ژن-خودایەکە کە عاشق بە کوڕە شوانێک دەبێت بە ناوی دومـووزی، دومـووزی مل بەو خۆشەویستییە نادات و ئینانا بە تۆڵەی ئەو نافەرمانییە کارێک دەکات دوموزی بکەوێتە دنیای ژێرزەوی یان دۆزەخ.

لە ئەساتیری بابلیدا ئینانا دەگۆڕدرێتە ئیشتار و دومووزیش دەبێتە تەمووز، بەڵام داستانی خۆشەویستیی بێ ئاکامی ژن-خودا و تۆڵەکردنی لە جێی خۆی ماوەتەوە، ئەم مۆتیڤە دەڕواتە کەنعان و شارستانییەتی ئۆگاریت و لەوێوە وەکو

چیرۆکی پێغەمبەرێکی پاکداوێن بە ناوی یوسف واردی دەقە پیرۆزەکان (واتە تەورات و ئینجیل و قورئان) دەبێت و کە دێتە ئێران ناوی چیرۆکی سیاوەشی لەسەر دادەنرێت. کوردیش وەکو نەتەوەیەکی ئەم بیاڤە فەرهەنگییە خاوەن گێڕانەوەیەکی خۆجێییە لەم ئوستوورەیە کە لە چوارچێوەی چیرۆکی مەم و زین دەیناسین.

جیاوازیی بەرچاوی چیرۆکی سیاوەش و مەم لەگەڵ ئەوانی دیکە، گۆڕانی پیشەی خودای کوژراوە. لە چیرۆکە کۆنترەکاندا ئەم خودایە هەمیشە شوانە، کە ئەمەش دەتوانێت بۆ خۆی هۆکارێکی هەبێت بەو مانایەی کە ئەم چیرۆکە لە لایەنێکەوە باس لە گۆڕانی شێوەی ژیانی ئینسان لە شوانی و ئاژەڵداریی بۆ وەرزێریی دەکات (شوان دەکوژرێت و دەبێتە قوربانیی گیا و وەرزێریی). لە داستانی مەم و زیندا ئەو بەشە گۆڕاوە، بەڵام هەر لەو مۆتیڤە دەیان چیرۆکی سەربەخۆ و جوراوجۆر سەری هەڵێناوە، تا رادەیەک کە ماجەرای خۆشەویستی نێوان شوان و کچە ئەمیر یان کچەخان بووە بە ناوەرۆکی بەشێکی زۆر لە بەیت و چیرۆکە کوردییەکان و بۆ هەمووان ناسراو و ئاشنایە.




لە هەرکام لەم چیرۆکانەدا، بنەما ئوستوورەییەکە بە هەندێک لق و چڵ و وردە گێڕانەوەی جۆراوجۆر داپۆشراوە، بەڵام هەبوونی چەند خاڵ خۆێنەر بەرەو ناوەڕۆکی ئیزەدی شەهیدکراو رێنوێنی دەکات. لە چیرۆکی مەم و زینیشدا ئەو خاڵگەلە بەم شێوەیە دەکەونە بەرچاو:

**١- خۆشەویستی زین بۆ مەم:**

ئەگەرچی لەم چیرۆکەدا باس لە خۆشەویستی دوولایەنەی مەم و زینە، بەڵام لە هەردوو گێڕانەوەی سەرچاوەکان بۆ ئێمە خوازیاری زین زەقتر و بەرچاوترە،

لە مەم و زینی خانیدا پاش یەکەم دیداری مەم و زین (بە جلی گۆڕدراو و لە جەژنی نەورۆزدا) ئەو کەسەی هەوڵدەدات بۆ ناسینی ئەوی دیکە، زینە. زین دایەی خۆی رادەسپێرێ کە لەبارەی ئەو کەسەی کە بینیویەتی (واتە مەم) لە فاڵگیر پرس و جۆ بکات و پاش ناسینیشی دیسان دایە بۆ لای ئەو دەنێرێت و بە مەم رادەگەیەنێت کە خۆشی دەوێت. لەوە دیارە خۆشەویستی لەلایەن زینەوە دەست پێدەکات. تەنانەت لە سەرچاوەی دیکەشماندا (واتە مەم و زینی تۆمارکراوی ئوسکارمان) لە بەشێک لە چیرۆکەکەدا مەم بە ئاشکرایی زین رەت دەکاتەوە و سێ جار بەدوای یەکدا دەڵێت کە زینی ناوێت. ئەگەرچی چیرۆکخوان هۆکاری ئەو هەڵویستەی مەم کارتێکەری بەکر دەزانێت و دەڵێت: بەکر بە گوێی مەمی گەیاندووە کە زین نەخۆشی پیسی گرتووە، بۆیە کاتێ میر زێنەدین (برای زین) سێ جار زین بە مەم دەدات، ئەو هەرسێ جارەکە رەتی دەکاتەوە و دەڵێت نامەوێت، بەڵام دیارە ئەمە دەستێوەردانی شایەرەکانە و قووڵپێکهاتەی ئەم رەتکردنەوانە و هەروەها پێشدەستی و هەستی بەتینی زین، بەرەو هەمان ژن-خودای عاشق و ئیزەدی پاکداوێن رێنوێنیمان دەکات.

### ٢- لە زیندانکەوتنی مەم:

لە هەردوو سەرچاوەکەی ئێمەدا هۆی زیندانیبوونی مەم بە ئاڵۆزکاریی و ئاژاوەگێڕیی بەکر دەناسرێت، بەڵام لە گێڕانەوەی رەحمان بەکردا رەدکردنی زین لەلایەن مەمەوە دەبێتە بەردی بناغەی کێشەی میر و مەم و لە ئاکامدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیندانیبوونی مەم. کە ئەمەش لە تۆڵەکردنی ژن-خودا دەچێت.

### ٣- مردنی مەم و شینگێڕیی بۆ ئەو:

لە گێڕانەوەی خانیدا بە روونی باس لە رێورەسمێکی گەورە بە بۆنەی مەرگی مەم دەکرێت و هەروەها بەڕێوەبردنی شایی بۆ مەم و زین پاش مردنیان. رێورەسمی ماتەم و شینگێڕان بۆ ئیزەدی گیایی بەشی ئایینی ئوستوورەکەیە. هەر بەوجۆرە کە لە سەرەتا باسکرا، ئوستوورە و ئایین پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە و بەردەوام یەکتر شارژ یان بەهێز دەکەنەوە، بەڵام ئایین بەهۆی پراکتیکبوونی بەرچاوترە و لە رێگای ئایینەکانەوە دەتوانین پاژە پرش و بەڵاوەکانی ئوستوورەیەک کۆبکەینەوە و پێکەوە پێوەندییان بدەین.

نموونەی هەرە بەرچاوی شینگێڕیی بۆ ئیزەدی گیایی، شینی سیاوەشە کە لە ئێرانی پێش لە ئیسلامدا بەڕێوە دەچوو و لە هێندێ شوێن وەکو شیراز تەنانەت تا سەدەی بیستەمیش مابوو. ئەو ئایینە ئەوەندە بەقوەت بوو کە پاش زاڵبوونی

ئیسلامیش توانی خۆی رابگرێت و لە رێگای گۆڕانی ناوی پاڵەوانەکانەوە بە ژیانی خۆی درێژە بدات. شینی سیاوەش بە زۆربەی تایبەتمەندییەکانییەوە و زۆرینەی سیمبوولەکانییەوە لەژێر ناوی عاشوورای حوسێنیدا دیسان بە قوەتەکەی پێشوویەوە سەری هەڵێنا و ئێستاکەش هەموو ساڵێک لەناو شیعەکانی ئێراندا بە تینێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت. سەرنجدان و لێوردبوونەوە لەسەر ئاڵاو بەیداخەکانی رۆژی عاشوورا کە پڕن لە نیشانەکانی رێوڕەسمێکی وەرزێری (وەکو درەختی سەروو و گیا و باڵندە و هتد) سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە عاشوورای حوسێنی درێژەدراوی شینی سیاوەشە و یەکبوونی و یەکسانی ئەم دوو ئایینە دەخاتە بەرچاو.

شینی سیاوەش و شینی مەم، دوو رێوڕەسمی هاوتەریب و دوو گێڕانەوەی یەک ئایینن کە ئەگەری زۆر هەیە کە لە هەموو بەشەکانی ئێراندا بەڕێوە چووبێت.

**٤- شینبوونی گیا یان گوڵێک لەسەر مەزاری مەم و زین:**

لە هەردوو گێڕانەوەکانی خانی و ئۆسکارماندا باسی شینبوون و سەرهەڵدانی گیا یان گوڵێک لەسەر مەزار واتە لە خاکی مەم و زین هاتووە. هاوشێوە و هاو واتای ئەم رووداوە لە چیرۆکی سیاوەشیشدا هەیە. شینبوونی گیای سیاوەشان لە خوێنی سیاوەش و شینبوونی گوڵ لەسەر مەزاری مەم، ئەو دوایەمین ئامانج نیشان دەدات کە ئوستوورەکە بەدواوەیەتی. هەر بەو جۆرە کە باسمان کرد ئوستوورە و بەتایبەت ئایینە پێوەندیدارەکان بە ئەوانەوە تێکوشان و پەلەقاژەی ئینسانی ئەو سەردەمەیە بۆ رازیکردن و پێخۆشبوونی ئەو خوداگەلە، کە هەرکامیان بەڕێوەبەری بەشێکی سرووشت بوون، بۆئەوەی کە بتوانێت لە سرووشت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی کەڵک وەرەگرێت و هیچ کێشە و کارەساتێکی سرووشتی ژیان و کاروبار و شێوەی ژیانەوەی نەخاتە مەترسییەوە.

ئوستوورەی ئیزەدی شەهیدکراو، ئوستوورەی ژیانی وەرزێرییە و ئاوات و ئامانجی هەمیشەی وەرزێر هاوڕێبوونی زەوی و وەرزەکان لەگەڵ ئەو و باشبوونی بەروبوومەکەیەتی. بۆیە رێوڕەسمێک لەژێر سێبەری ئوستوورەیەکدا بەڕێوەدەبات، بۆئەوەی ژن-خودای زەوی( ) لێ خۆش بێت و کشتوکاڵێکی بە بەهرەی بداتێ. واتە دوایەمین بەشی چیرۆکەکە ئەو چاوەڕوانیی و ئەو ئومێدە نیشان دەدات کە ئینسان بەهۆی ئەوەوە ئوستوورەکەی خولقاندووە. ئەو گوڵەی کە لەسەر مەزاری مەم و زین شین بووە، هۆکاری رەسەنی پێکهاتنی چیرۆکی مەم و زینە.

جیاوازیی سەرەکی چیرۆکی مەم و زین لەگەڵ چیرۆکە هاوتەریبەکانی خۆی لە ناوچەدا، گۆڕانی ئاکسیۆنی ژن-خودا(زین)ە، لە هەموو چیرۆکە هاوشێوەکاندا ژنی چیرۆکەکە ژنێکی هەوەسبازە کە هەندێک جار واشتاکەی خۆی دەکوژێت، بەڵام زین ئەو ئاکسیۆنەی نییە و وەکو یارێکی وەفادار لەگەڵ مەمدا دەمێنێتەوە و لە سویێی یارەکەیدا دەمرێت.

ئەوەی کە لە چ زەمەنێکەوە چیرۆکی مەم و زین ڕێگای خۆی گۆڕیوە و لە هاوتاکانی خۆی لەو بابەتەوە دوورکەوتووەتەوە، بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە ئەم گۆڕانەش تەنیا بەسەر مەم و زیندا نەهاتووە و هاوتایەکی دیکەی هەر لەنێو ئەساتیری ئێرانیدا هەیە، ڕادەی دوورکەوتنی ئەو چیرۆکە لە ئوستوورەی ژێدەر زۆر زیاترە، بەڵام ناوەرۆکی چیرۆکەکە هەمان ئوستوورەیە، ئەوەش چیرۆکی بیژەن و مەنیژەیە، زیندانیکردنی بیژەن لەنێو بیرێکدا، هەمان زیندانیبوونی ئیزەدی گیاهییە، بەڵام لێرەشدا مەنیژە ئەو ژن-خودای هەوەسباز و دڵڕەق نییە، بەڵکو ڕۆڵی دڵداری بیژەن دەگێڕێت.

ئەو چیرۆکبێژگەلە کە بە مرووری زەمان سیمای زین و مەنیژەیان گۆڕیوە، ئەگەرچی ئوستوورەکەیان لە فۆرمی ڕەسەن دوورخستووەتەوە، بەڵام باری دراماتیک و هەستیاریی چیرۆکەکەیان زۆر بردووەتە سەر و بەو شێوەیە توانیویانە لە ڕێگای گۆڕینی داستانی دەسەڵاتی خودایان بە چیرۆکی دڵداری دوو ئینسان مانەوەی ڕیوایەتەکە گەرەنتی بکەن و هەست و هاودەردی خەڵکەکە بکەن بە پارێزەری کیانی بەشێک لە فەرهەنگ و دابونەریتی خۆیان. ڕەنگە ئەگەر بیچمی ڕاستەقینەی زین وەدەرکەوتبا ئەم چیرۆکە ئەوەندە لەسەر زار و نێو دڵی خەڵکی کورد نەمابا و بەهۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد زۆر بە درەنگ دەستی بە تۆمارکردنی ئەدەبی زارەکی خۆی کرد، بە تەواویی لەناو چووبایە، چونکە لە دەورانی ڕەواجی ئەدەبی زارەکی ئەوەی ژیانی دەقەکان دەپارێزێت، مێشکی شایەر و دڵی گوێگرەکەیە. گوێگری بەیت ئەگەر بەیتەکەی بەدڵ نەبێت و بە بیستنی هەستی نەجووڵێت و نەتوانێت لەگەڵ ئەکتەرەکان و ڕەوتی داستانەکەدا پێوەندییەکی دەروونی و قووڵ پێکبێنێت، ئەو چیرۆکە خودبەخود لە مێشکی شایەرەکانیش کۆچ دەکات، شایەر بۆ حەزپێکردن و ڕەزامەندیی گوێگرەکانی بەیت دەڵێت، بۆیە لە ڕەوتی زەماندا بەشگەلێ لە چیرۆکەکان گۆڕدراون و گۆڕانی سیمای زینیش لە ژن-خودایەکی هەوەسباز و خۆپەسەند بە دڵداری وەفادار و غەدرلێکراوی مەم لەم چەشنەیە.

**توخمە ئوستوورەییەکانی مەم و زین:**

ئەگەرچی ناوەرۆکی چیرۆکی مەم و زین ئوستوورەی خودای گیاهییە، بەڵام هەندێک گێڕانەوەی لاوەکیی کە وەکو لق و چڵ و گەڵای ئەو چیرۆکە، ماجەراکە بەربڵاو دەکەن و رواڵەتی داستانی پێدەدەن، لەم بەیتەدا هاتووە کە زۆرجار دەربڕی دابونەریت و فەرهەنگی کۆنی خەڵکی ناوچەکەن و جاریش بڕگەگەلێ لە ئوستوورەیەکی جیاواز و سەربەخۆن کە خزاونەتە ناو گێڕانەوەکە، ئەم تایبەتمەندییە لە زۆربەی هەرەزۆری بەیتەکاندا زەق و بەرچاوە کە لە شوێنی خۆیدا باسیان لەسەر دەکەین، بەڵام بۆ لێکدانەوەی ئەو بەشگەلەی مەم و زین کە لە باری توخمە فەرهەنگی و ئوستوورەییەکانەوە شایانی ئاماژەپێکردنن، دەست دەکەین بە خوێندنەوەی هاوکاتی هەردوو گێڕانەوەی خانی و رەحمان بەکر:

لە سەرەتای مەم و زینی رەحمان بەکردا (تۆمارکراوی ئۆسکارمان) لەگەڵ کەشوهەوایەکی ئەفسانەیی و هەزارویەک شەوی رووبەڕوو دەبین: پاشایەک کوڕی نابێت و بە دوای راز و نیاز لەگەڵ خودا و پاڕانەوەی زۆر، بەهۆی سێوێکی بەهەشتی دەبێتە خاوەن کوڕێک و ناوی دەنێت مەم. دەقی بەیتەکە لەبارەی چۆنییەتی لەدایکبوونی مەم (کە سەرەتای چیرۆکەکەیشە) ئاوا دەست پێدەکات:

ئیبراهیم پاشای یەمەن هیچ کوڕی نەبوو، دەگەڵ وەزیری خۆی هەڵستان رۆین بۆ ماڵە خولا، دوازدە مەنزلان رۆین، خولا رەحمی بەوان کرد. وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی ناردیە کن ئەوان، دوو سێوی پێدا نارد... ئەوانە بۆ کوڕی هاتوون بچنە ماڵە خۆیان شەو جومعەی دەسنوێژێ هەڵگرن، ئەو سێوەی لەتی بکەن، لەتێکی بۆ خۆی بخوا لەتێکی ژنی...

بەڵام لە گوتنەوەکەی خانیدا نە باسی سێوی بەهەشت دەکرێت و نە مەمیش شازادەیە، بەڵکو کوڕی نووسەری میرە.

شێوەی لەدایکبوونی مەم و سێوی بەهەشتی و... هتد وەبیرهێنەری ئەفسانەیەکی ئیسلامییە کە لەودا پێغەمبەر بەهۆی خواردنی سێوی بەهەشتی دروست دەبێت. موتیڤی سێوی بەهەشت زۆر کۆنە و ئاماژە بە ئەستوورەی تەوراتی دەکات و خواردنی میوەی قەدەغە لەلایەن ئادەم و حەوا کە خوازەیەکە بۆ پێوەندیی جنسی ژن و مێرد، ئادەم و حەوا میوەی قەدەغەکراو (سێو) دەخۆن و بەدوای ئەوەدا لە رەگەزی خۆیان بەئاگا دێن، کەوابوو یەکەم منداڵی ئەوان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە خواردنی سێوی بەهەشت خولقاوە. ئەم جۆرە لەدایکبوونە بەوە رێنوێنیمان دەکات کە لەگەڵ چیرۆکی رووبەڕووین کە باسی خولقانی سەرەتایی دەکات و

تێکدەری زەمانی مێژووییە و دەیەوێت رەوتی ژیانی ئینسانی لە سەرەتاوە تا گەییشتن بەو بەشە کە مەبەستی ئەسڵی ئوستوورەکەیە، باس بکات. لە واقیعدا ئەم گەڕانەوە تا سەردەمی خولقانی سەرەتایی و یەکەمین دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتمەندیی بەشێکی زۆر لە ئوستوورەکانە.

ئوستوورە بە پێچەوانەی رۆمان یان داستانی ئەمڕۆ، کامێرای خۆی ناخاتە سەر بەشێکی دیاریکراو لە زەمان و شوێن. زەمانی ئوستوورەیی زەمانێکی تۆکمە و لێکدانەبڕاوە گشتییەتێکە کە بەش بەش ناکرێتەوە و شوێنیش قەت بە روونی باسی لێ ناکرێت، تەنیا ناوێکی لەسەرە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەکە (کە خولقێنەری راستەقینەی ئوستوورەکانن) دەیانەوێت بەستراوەیی ئوستوورەکە بە خۆیان بخەنە بەرچاو، کە ئەوەش دەبێتە هۆی پێوەندیی هەستیارانە لەگەڵ ئەکتەرەکان، هۆکاری مانەوەی چیرۆکەکانن لە ئەدەبی زارەکیدا.

لە بەیتی مەم و زیندا، شێوەی لەدایکبوونی مەم باسی چۆنییەتی خولقانی یەکەم مرۆڤ دەکات و پاش ئەوەش دەچێتە سەر بەشێکی دیکە لە دابونەریتی هەرە کۆنی ئینسان و بەو شێوەیە رەوتی ژیانی مرۆیی وێنا دەکات.

مەم لە سەرەتاوە نۆکەرێکی هەیە بە ناوی بەنگینە (کوڕی وەزیری پاشا، کە ئەڵبەتە لە مەم و زینی خانیدا باسی لێ ناکرێت و ئەو کەسەی کە رۆڵی هاوڕێی مەم دەگێڕێت قەرەتاژدینە)( )، مەم و بەنگینە دوای لەدایکبوون بەسەرهاتێکی سەیر و سەمەرەیان هەیە. بەیتەکە دەڵێت:

... بە دایانیان دان، دوو ساڵ لە کن دایانێ بوون لە پاشان بە لەلەیان دان، سێ ساڵ لە کن لەلەی بوون لە پاشان سواریان کردن دووساڵان سوار بوون ئەوجار هێنایانن بردیاننە مەدرەسەی لە خزمەت مامۆستا دانیشتن، حەوساڵان دەژێرخانێدا بوون رۆژ و شەویان لێ قەدەغە کردن...

ئەم بەشە جگە لەوەی کە بەهۆی ئاماژە بە بەشێکی ئاییني میترایی گرینگی تایبەتی هەیە، دەتوانێت سیماکێشی درێژەی رەوتی ژیانی ئینسانی بێت. سواربوون ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بۆ دەستەمۆکردنی ئەسپ (کە رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە)، لەژێرخانبوونیش ئاماژە بە سەردەمی ئەشکەوتنشینی و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت ئاماژە بێت بە نەریتێکی کۆن بۆ تەربییەت و پەروەردەی مێرمنداڵان کە ئەوانیان لە خەڵک دوور دەخستەوە و لە هەلومەرجی سەخت و بە ئەستەم و تەنانەت زۆرجار لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی پەروەردە

دەکران و پاشان دەگەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا. حەوت ساڵ قەدەغەکردنی ڕۆژ، وەبیرهێنەری ئەو یاسا سەختە کۆمەڵایەتییانەیە.

پێوەندیی ئەم قەدەغەیە لەگەڵ ڕۆژ و هەروەها لەژێرخان زیندانیکردنی کوڕەکان بەرەو ئاییني میترایی ڕێنوێنیمان دەکات، لە ئاییني میتراییدا ڕێوڕەسمەکان لە ئەشکەوت بەڕێوە دەچوو. "ئەم ئەشکەوتگەلە نوێنەری تاقی ئاسمان بوون... بەڵام لەو شوێنگەلەدا کە ئەشکەوت نەبوو، پەرستگەکانیان بە لاساییکردنەوە لە ئەشکەوت، لەژێر زەوی دروست دەکرد و پلەکانێکی درێژ پرستگەکەی دەگەیاندە سەر عەرز، ئەم پرستگەگەلە هیچ پەنجەرە و شتی وایان نەبوو. لە گۆڕەپانی پرستگەکەدا ئاگردان و ئاودان و شتانی دیکە هەبوو". (بەهار، ١٣٧٣: ٣٢-٣٣).

دکتۆر بەهار هەر لەم دەقەدا (واتە لە ئوستوورەوە تا مێژوو) ئاماژە بەوە دەکات، کە تەنیا ئەو پیاوانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی گەورەساڵی دەتوانن لە ڕێوڕەسمی میتراییدا بەشداریی بکەن و مێرمنداڵان بۆ ئەو مەبەستە، واتە بەشداریی لە ڕێوڕەسمی میترایی، بەشێوەی شەڕڤان (بە لاساییکردنەوەی میترای شەڕڤان) پەروەردە دەکرێن. بەهۆی ئەم بەڵگەگەلە دەتوانین بڵێین ئەو شێوەی تەربییەتە کە بۆ مەم و بەنگینە باسکراوە، ئاسەواری ئاییني میترایی پێوە دیارە و ئەم گومانە بە ئاوڕدانەوە بە درێژی بەیتەکە بە هێزتر دەبێت، مەم و بەنگینە بە هەڵکەوت پەنجەرەیەک بەرەو دەرەوەی ژێرخانیان بۆ دەردەکەوێت:

تیشکی ڕۆژ هاتە ژووری، ئەستەغفروللا گوتیان ئەوە خولایە مامۆستای وان لە وێ نەبوو هەر ئامێزیان لە تیشکی وەدەر هێنا بۆیان نەدەگیرا... گوتیان ئەوە خولایە هاتۆتە نێو مە...

مامۆستا هێمن تەنیا باسی ئەوە دەکات کە ئەم بەشە، تەورات و حیکایەتی ئیبراهیمی پێغەمبەرمان وەبیر دێنێتەوە، بەڵام ئەو حیکایەتەی تەوراتیش خۆی بەستراو بە ئاییني بەربڵاوی پەرەستنی میترا و خۆرخودایە کە لە هەر وڵات و شارستانییەتێکدا ناوێکی جیاوازی لەسەرە و لە ڕێگەی ریوایەتە ئوستوورەکانەوە چووەتە نێو دەقە پیرۆزەکانی تەورات و قورعانیش( ).

لە درێـژەی بەیتەکەدا باسی هاتنە دەرەوەی مەم و بەنگینە دەکرێت و مشتومڕی مەم لەگەڵ بابی لەسەر ئەوەی کە حەوت ڕۆژی دیکە بمێنێتەوە یان حەوت مانگ. دیارە حەوت خۆی ژمارەیەکی پیرۆزە و قۆناغەکانی هەنتەش لە ئاییني میتراش حەوت قۆناغە و لە زۆربەی چیرۆکە کۆنەکانی دنیادا چەند ژمارەی

پیرۆز هەیە وەکو سێ، چوار، دوازدە و چل و لە مانەدا حەوت لە هەمووی زەقترە. هەرکام لەم ژمارەگەلە بۆ ئینسان مانایەکی هەبووە و بەو بۆنەیەوە جلی پیرۆزیی لەبەرکردوون( ).

بەیتەکە دوای هاتنە دەرەوەی مەم و بەنگینە باسی یەکەم دیداری مەم و زین دەکات. لە بەیتە تۆمارکراوەکەی ئۆسکارماندا ئەو یەکەم دیدارە زۆر خەیاڵاویی و ئەفسانەییە و چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو و دکامرۆنی بووکاچیۆ و داستانەکانی جندۆکە و دێو و پەریمان وەبیردێنێتەوە، واتە ڕواڵەتی ڕۆمانسەکانی سەدەی شازدە و حەڤدەی هەیە کە لە ئێراندا عەییارنامەکان بەو شێوازە بوون.

زمانی بەیتبێژ لەم بەشەدا دەبێتە زمانێکی مەوزوون و لێرە بەدواوە بە وردیی هەموو وردەکارییەکانی ماجەراکە باس دەکات: شەوێک سێ پەری دێنە سەر کۆشکی مەم و دوای هێندێ قسە لەسەر جوانیی مەم و زین، هەر لە شەودا زین لە جزیرە دەگوازنەوە بۆ کۆشکی مەم. شایەر ئەگەرچی ئەم گواستنەوە زۆر درێژە پێدەدات، بەڵام زمانێکی شیرین و گێڕانەوەیەکی جوانی هەیە کە گوێگر دەباتە دنیای خەیاڵ و ئیزنی ئەوەی دەدات تا هەموو وردەکارییەکانی وتووێژی پەرییەکان و دیداری مەم و زین وەبەرچاو بێنێت. لێرەدا بەشێکی کورتی داستانی ئەو شەوە بۆ ئاشنابوونی خوێنەر لەگەڵ زمان و دەربڕینی ناسک و خەیاڵاویی شایەر دەگێڕینەوە:

**خالق هەر ئەتۆی لە سەرە**
**سێ پەری لە ئاسمانی حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە**
**لە سەر کۆشکی کاکە مەمی هەڵدەنیشن ئەوبەر ئەوبەرە**
**خوشکی گەورە دەڵێ بە خوشکی چکۆلە**
**خولاکەی خوشکی رومەتی کاکە مەمی زەریفە یان چرا و فەنەرە؟**
**خوشکی نێوەنجی وای گوتیە**
**هەر لە عەرشی تا کورسییە**
**هەر لە گای هەتا ماسییە**
**هەموو دنیام پشکنییە**
**هیچکەسم نەدیوە لە گوێن جوانی کاکە مەمییە...**

ئەم بەشەی بەیتەکە بە هەموو جوانییە زمانییەکانییەوە لە ئەسڵی گێڕانەوە ئوستوورەکە دوورکەوتووە و تەنیا ماجەرایەکی خەیاڵاویی بەیان دەکات، بەڵام

مەم و زینی خانی لەم بابەتەوە جیاوازە و لەوە دەچێت بە ڕێگای ڕەسەنی گێڕانەوەکەدا چووبێت، چون ئەو ڕەوتەی کە باسمان کرد (واتە گێڕانەوەی ژیانی ئینسان لە سەرەتاوە تا گەیاندنی بەو شوێنەکە مەبەستی ئوستوورەکەیە) لە گوتنەوەکەی خانیدا نەپچڕاوە و چۆنییەتی یەکەم دیداری مەم و زین پێوەندیی سەدلەسەدی لەگەڵ ڕەوتی ئوستوورەیی پاش و پێشی خۆی هەیە.

خانی مەم و زینی لە جەژنی نەورۆزدا تووشی یەکتر کردووە. ماجەراکە بە گشتی وایە کە مەم و تاژدین بە جلی کچان دەڕۆن بۆ جەژنی نەورۆز، لەوێ چاویان بە دوو کوڕە لاوی جوان و چالاک دەکەوێت کە خەریکی زۆران و شەڕن و کەس نایانبەزێنێت. مەم و تاژدین وەدوویان دەکەون و بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوانە کوڕ نەبوون، بەڵکو دوو کچی جوان بوون و هەر لەوێ عاشقیان دەبن، کچەکان ئەنگوستیلەی خۆیان لەگەڵ کوڕەکان دەگۆڕنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ کۆشکی خۆیان.

جەژنی نەورۆز کە جێژنێکی بەهارییە، بۆخۆی پێوەندیی ڕەسەنی لەگەڵ خودای کوژراودا هەیە. ڕێوڕەسمی شینگێڕان بۆ خودای کوژراو لە سەرەتای بەهاردا ئەو کاتەی کە خەڵک چاوەڕوانی شینبوونی خاکن بەڕێوە چووە و جادوویەکی لاساییکەرانە بووە بۆ هاندان و هەڵخراندنی ئیزەدی زەوی و بەوجۆرە مەجبوورکردنی بەوەی کە گیای لێوە شین ببێت و پیت و بەرەکەت بدات بە ژیانی وەرزێریی. لە دنیای ئوستورەییدا هەموو جەژنەکان پشتئەستوور بە گێڕانەوەیەکی ئەساتیری لە شێوەی ژیان و تایبەتمەندییەکانی ژیانی و ئینسانن، واتە جەژنەکان هەموو واتای تایبەتییان هەبووە و هیچ جەژنێک بێ پاڵپشتی مانایی و ئایینی نەبووە.

جەژن دەرخەری باوەڕە ئەساتیرییەکانی ئینسان و پێوەندییەکانی ئەو لەگەڵ خودایانی بەڕێوەبەری دنیا و هەروەها زمانی دوانی ئینسان لەگەڵ سرووشتدایە، بەو زمانە داخوازییەکانی خۆی بەرامبەر بە سرووشت دەخاتە بەرباس و لە هەمان کاتدا ئەمەکناسی خۆی بە یاسا سرووشتی و کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات و ڕێز بۆ تەکووزەکان دادەنێت.

دەرچوون لە تەکۆزی باو و ئاسایی و تێکدانی زۆربەی یاساکان کە تایبەتمەندیی بەرچاوی زۆربەی جەژنەکانە، لە ڕاستیدا گەڕانەوە بە هەلومەرجی ئاژاوەی پێشڕۆژییە بە مەبەستی وەیادهێنانی پێویستی تەکۆز و دیسانەوە گەڕانەوە بە تەکۆز و یاسا و پاراستنی جدیتری. (ئەو تایبەتمەندییە لە نەورۆزدا لە بەڕێوەبردنی

ڕەسمی میری نەورۆزی دەکەوێتە بەرچاو)، تایبەتمەندییەکی دیکەی زۆربەی جەژنەکان هەڵپسێرانە، کە لە دوو بواری زەمان و شوناسدا خۆی دەنوێنێت، هەڵپسێرانی زەمانی لە ڕێگای سەما و هەڵپەڕکێ و بێخودبوون و هەڵپسێرانی شوناسی لە ڕێگای گۆڕینی جلوبەرگ و شاردنەوەی شوناس و کەسایەتی ڕاستەقینەی نەفەرەکانەوە دەستەبەر دەبێت. ئەم گۆڕینە گۆڕینێکی جیاواز و تایبەتە، جار هەیە جلی گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان لەبەر دەکرێت و دەمامکی جانەوەرەکان لەسەر دەکرێت، جاریش هەیە جێگای ژن و پیاو دەگۆڕدرێت، واتە ژنان جلی پیاوان لەبەردەکەن و پیاوانیش جلی ژنان، ئەم جێگۆڕکێیە دەبێتە هۆی نەناسراویی و جۆرێک لە هەڵپسێرانی شوناسی دەخولقێنێت.

لە چیرۆکی مەم و زینیشدا ئەم تایبەتمەندییە هەیە، مەم بە جلی کچان و زین لە بەرگی کوڕاندا بۆ یەکەم جار یەکدی دەبینن.

دوای ئەم ناسینەش ماجەرای دڵداریی مەم و زین دەست پێدەکات و پاشان ڕۆڵگێڕانی ئەکتەری شەڕخولقێن یان دژەپاڵەوانی چیرۆکەکە، واتە بەکر کە ڕاوێژکاری ئەمیرە و بەهۆی کارتێکدانی ئەو، دوو دڵدار لە یەکتر دووردەکەونەوە. بوونی دژەپـاڵـەوان ئەگەرچی بۆ گەیاندنی چیرۆک بە لوتکەی کاریگەری هەستییارانە گرنگە و هیچ چیرۆکێکی سەرکەوتوو نییە کە دژەپاڵەوانی تیا نەبێت، بەڵام لە باری ئوستوورەییەوە بە ئاوڕدانەوە لە ئەسڵی ئوستوورەکە بۆمان دەردەکەوێت کە دژەپاڵەوان بوونی نییە و دواتر بۆ پاساودانەوەی دابڕانی مەم و زین هاتووەتە ناو چیرۆکەکە. کاتێ لە ڕوانگەی ئوستوورەییەوە چاو لە چیرۆکەکە بکەین و بزانین ئەم چیرۆکە گێڕانەوەیەکی کوردی لە ئوستوورە ئیشتار و تەمووزە، ڕەتکردنی خواستی زین لەلایەن مەمەوە نەک تەنیا شتێکی سەیر و سەمەر نییە، بەڵکو دەرخەری دەقاودەقی دوو گێڕانەوەکەیە. هەر ئەو جۆرە کە پێشتریش باسمان کرد لەم بەشەی چیرۆکەکەدا میرزینەدینی برای زین سێ جار زین پێشکەش دەکاتە مەم و ئەو هەر سێجارەکە دەڵێت نامەوێت، ئەم ڕووداوە لە دەرەوەی بەستێنی ئوستوورەییەوە شتێکی نەگونجاوە بۆ چیرۆکێکی دڵداریی. بۆیە ئەکتەرێک بە ناوی بەکر وەکو دژەپاڵەوانی چیرۆک ئەم کردەوەی مەم پاساو دەداتەوە، بەوشێوەیە کە ژنانێکی بەکرێگیراو ڕادەسپێرێت کە بە مەم بڵێن زین نەخۆشیی پیسی هەیە و لە ڕێگایەوە ڕای مەم بەرامبەر بە زین دەگۆڕێت.

دوای ئەمەش تۆڵەکردنی برای زین ڕوودەدات کە لە واقیعدا هەمان تۆڵەکردنی ژن-خودایە، مەم زیندانی دەکرێت و بەرەو لووتکەچوونی چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێدەکات. گرفتاربوونی مەم لە گرتووخانە و شین و ناڵەی زین لەدووریی ئەو، بە

راستی جوانترین و کاریگەرترین بەشی مەم و زینە (بە تایبەت لە گێڕانەوەکەی خانیدا)، زمانی ناسکی خانی لەم بەشەدا سۆز و تاوێکی بێوێنەی هەیە. بۆئەوەی خوێنەریش چێژێک لەو دەقە ببات بەشێکی کورتی لێرەدا دەخەینە بەرچاو، زین بەم زمانەوە گلەیی لە گەردوون و چارەڕەشیی خۆی دەکات:

**ئەو زینی بە دوایی دڵ گرفتار**
**ئارامی لە لا نەما بە یەک جار**
**...بێ هێز و توان و دەستەو ئەژنۆ**
**هەر مەم مەمی بوو بە داد و رۆڕۆ**
**دەتوایەوە بۆی دڵی رەقی بەرد**
**لاواز ببوو ببوە موویەکی زەرد**
**گەر لێی نەدەبووەوە هیچ دەرووی روون**
**هاواری دەکرد چەرخی گەردوون**
**چم کردوە بۆچی بوویە دوژمن**
**تۆڵەی چ دەسێنی دێیتە گژ من**
**مەم ببوە بەشم ئەوەند بە قینی**
**هێشتا بە منت روا نەبینی**
**تۆ تاقە مەمێک بە زۆر بزانی**
**لێم بدزی برادەری دەزانی؟!**
**بۆ توشی کچێکی وەک منت کرد**
**سووچم چ بوو پاشی بۆ ونت کرد**
**دوو دڵ کە بە ئاگرت پڕووکان**
**چیت پێ گەیی تۆ جگە لە تووکان**
**لای هەرکەسێ بەزم و پێکەنینە**
**هەر لای من و مەم شەپۆڕ و شینە...**

ئەم بەشەی چیرۆکی مەم و زین بەڕاستی زۆر جوانە، بەڵام لێرەدا باسی ئێمە شتێکی دیکەیە و خوێندنەوە و چێژبردن لە دەقە بەرزەکەی خانی دێڵینەوە بۆ خوێنەر.

مەم لە گرتووخانە دەمرێت و زینیش کە بەرگەی خەمی مەرگی مەم ناگرێت لە داخی مەرگی دڵدارەکەی دەمرێت و پێش لە مردن لە برای خۆی داوا دەکات کە وەکو بووک و زاوا جەژن و ئاهەنگیان بۆ ساز بکات و چۆن بۆ خاتوو ئەستێی

خوشکی کردوویە بۆ مەم و زینیش شار و دێ برازێنێتەوە.

لێرەدا ئوستوورەکە دەگاتە ئاکامی کۆتایی خۆی، واتە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک بۆ خودای رووەکیی و ڕێزنان لە ژیانی وەرزێریی بە مەبەستی کاریگەریی زیاتر لەسەر سرووشت بۆ پیتوبەرەکەت بەخشین بە خەڵەوخەرمان. هەر ئەو جۆرە کە پێشتریش باسمانکرد ئوستووره و ئایین پێوەندیی راستەوخۆیان هەیە و هەر ئوستوورەیەک بەسراوەی ئایین و ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی تایبەتە و لە واقیعدا بە ئایینەکان مانا دەبەخشێت و لە ڕێگای گێڕانەوەی هۆکاری خولقان و وەبیرهێنانی گرنگی ئایینەکان سنوورەکانیان دەپارێزێت. ئایینی ئیزەدی کوژراو کە لە بەهاردا بەڕێوەدەچێت، سەرەتا بە شینگێڕان بۆ ئیزەدی نێژراو دەست پێدەکات و پاشان شادیی و سەما بۆ رووانی دووبارەی ئەم ئیزەدە لە خاک.

شایی و ئاهەنگێک کە زین داوای دەکات، هەمان جەژن و شادییە ئایینییەکەیە، واتە لە رەوتی گۆڕانی ئوستووره بە چیرۆکێکی هەستیارانەی دڵداریی، شایی و ئاهەنگە ئایینییەکە رواڵەتێکی سۆزمەندانە و دراماتیک بەخۆ دەگرێت.

لە دوایەمین بەشی چیرۆکەکەشدا چڵقی مەم و زینان لەسەر مەزاری ئەو دوو دڵدارە دەڕوێت و رۆڵی مەم وەکو ئیزەدێکی رووەکیی دەسەلمێنێت. شایانی ئاماژەیە کە مەرگی زین لەم بەشەدا رووداوێکی رەسەن نییە و دواتر چووەتە ناو ئوستوورەکە. واتە رۆڵی ژن-خودا لەم ئوستوورەیەدا زیاتر رۆڵێکی سەتمکارانە و هەوەسبازانەیە و ئەگەرچی (بە لە زیندانکردنی ئیزەد کە خوازەیەکە بۆ چاندنی تۆم)، کاریگەریی ناڕاستەوخۆی لە پیتاندنی زەویدا هەیە، بەڵام بەرەکت بەخشی ئەکسیۆنی راستەوخۆی ئیزەدی کوژراوە.

**ئاکامگیریی:**

چیرۆکی مەم و زین پاشماوەی ئایین و ئوستوورەیەکی کۆنی ناوچەی خۆرهەڵاتە و ئەگەرچی وەکو چیرۆکێکی دڵداریی خۆ دەنوێنێت، بەڵام هەبوونی چەند تایبەتمەندیی سەرەکی کە لەم بابەتەدا باسکرا، دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئەم چیرۆکە پاڵی داوەتەوە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەوە. ئوستووره یەکێک لە بەڵگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە و هەبوونی گێڕانەوەیەکی کوردی لە ئایینێکی وەها کۆن، سەلمێنەری مێژووی شارستانییەتە لە کوردستاندا.

# رستە جوانەکانی نووسەرێک




## ئەریش کێستنەر ١٨٩٩-١٩٧٤

**سیروان رەحیم**

**بۆ ساڵی ٢٠١٢**

باشتر دەبێت؟ خراپتر دەبێت؟ مرۆڤ ساڵانە ئەم پرسیارە دەکات. با راستگۆ بین: ژیان بەردەوام مەترسییە بەسەر ژیانەوە.

**کێستنەر**

**کورتەیەک:**

ئەدەبیاتی ئەڵەمانی لە تەمەنی خۆیدا نووسەری گەورەی بە ئێمە بەخشیوە. نووسەرانی ئەڵەمانی زمان بەدرێژایی سەدان ساڵان ئەدەبیاتێکیان پێشکەش کردووە، شایستەی خوێندنەوەی بەردەوامە. هەمان ئەدەبیش بووە بە

سەرچاوەیەکی روون بۆ زیندوومانەوە و بەردەوام گەشەکردنی زمانی ئەڵەمانی.

لەنێو رووبەری زمانی ئەڵەمانیدا، ئیتر چ لە ئەڵەمانیا خۆی یان لە سویسرا و نەمسا (ئۆتریش) بێت، نووسەرگەلی وەها بەرهەمیان پێشکەش کرد، هاوکات بوون بە بەرهەمی زمانی ئەڵەمانی و هەموو ئەوانەی دەیانەوێت چێژ لە ئەدەبیات و بەرهەمی هزری وەربگرن.

تەمەنی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی لە دەوروبەری ساڵی ٧٥٠ی زاینەوە دەست پێدەکات. دەستپێکردنێک بە ئەدەبی زارەکی، بە تایبەتیش شیعر دەست پێدەکات و بە مێرگەکانی سەدان نووسەری گرنگدا بەرەو ئیمڕۆ درێژە دەکێشێت.

تا ئێستا ١٣ نووسەری ئەڵەمانی زمان بەنرخترین خەڵاتی ئەدەبی کە خەڵاتی نۆبڵە وەدەست ختسووە.

لە ئیمڕۆیشدا ئەو ئەدەبیاتە ساڵانە هەزاران کتێب پێشکەش دەکات کە لە ناویاندا نزیکەی ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ رۆمان هەن.

لەنێو نووسەران و بەرهەمهێنەرانی ئەدەبیاتی ئەڵەمانیدا، ناوی گرنگ هەن. ناوی وەها کە بەرهەمی نایاب و دەقی گرنگیان ئەفراندووە. نووسەر زۆرن کتێب و دەقی تایبەتمەندیان پێشکەش کردووە. ئێریش کێستنەر، یەکێک لەو نووسەرانەی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی، کە جگە لە نووسینی کۆمەڵێ بەرهەمی گرنگ. خاوەنی کۆمەڵێ قسە و رستەی نایابیشە. ئەو خاوەنی کۆمەڵێ رستەی جوانە کە بەردەوام دەچنەوە سەری و وەکو رستەی گرنگ و تایبەتمەند ئاماژەیان پێدەکرێت.

بەو پێیەی ئێریش کێستنەر هەمیشە بیرۆکەگەلی خۆی لە رێگەی شێوازی تەنز و گاڵتەوە ختسۆتە بەردەست، بۆیە رستە جوانەکانیشی خاڵی نین لەو شێوازی دەربڕینە، واتە شێوازی هومۆر. شێوازی هومۆر لە بەرهەمەکانی نووسەر و لە رستە تایبەتەکانیشیدا زەوینەی تایبەت دەخەملێنن.

وەکو خۆیشی گوتوویەتی:

هومۆر سێوان (چەتر)ی بلیمەتەکانە.

لەگەڵ خوێندنەوە یان گوێبیستی ئەو قسەیەدا، حاڵی دەبین شێوازی تەنز و نووسینی پڕ لە هومۆر بۆ ئەو نووسەرە چەند گرنگ بووە.

هەرچەندە ئێریش کێستنەر لە سەردەمی نازییەکاندا ژیا، بەڵام شەڕ و مەرگەسات نەیانتوانی وای لێبکەن دەستبەرداری نووسینی ئەو شیوازی تەنزە بێت. ئەو دوو شەڕی گەورەی جیهانی ژیابوو، لە یەکەمیاندا وەکو سەرباز ناچار بووە بەشدار بێت، بەڵام هەردوو شەڕی گەورە، بە هەڤڕا بوون بە هۆکاری

ئەوەی ئەو نووسەرە نەفرەت لە شەڕ و توندوتیژیی بکات.

لە سۆنگەی چێژ وەرگرتن و "فێربوونەوە" لە رستگەلی جوانی ئێریش کێستنەر، لە قسە و باسێکدا دەربارەی ئەو بابەتە و رستەی جوان، باسی رستە جوانەکانی کێستنەر-م کرد. هاوڕێی نووسەر و شاعیر کاک محەمەد کوردۆ پێشنیازی ئەوەی کرد بەشێک لەو بەرهەمە، یان ئەو رستە جوانانەی، ئێریش کێستنەر، ئامادە بکەم...

لێرەدا گەشتێکی کورت بە ناو ئەو رستە جوانانەدا دەکەین کە ئێریش کێستنەر بۆ هەمووانی بە جێهێشتووە. بە هیوای گەشتی درێژیش. بێگومان بۆ من رستەکانی کێستنەر، کۆمەڵێ رستەی تایبەت و پڕچێژ و سەرچاوەی رامانن، بە هیوام بۆ ئێوەیش وەها بن...

**رستەکانی کێستنەر:**

*** باشتر دەبێت؟ خراپتر دەبێت؟ مرۆڤ سالآنە ئەم پرسیارە دەکات. با راستگۆ بین: ژیان بەردەوام مەترسییە بەسەر ژیانەوە.**

*** مرۆڤ دەتوانێت لەسەر بۆچوونی خۆی راوەستێت، بەڵام نابێت مرۆڤ لەسەری دابنیشێت.**

*** چەندێ نەخشە و پلان گەش و روون بێت، ئەوەندە کردەوە ئاڵۆزتر دەبێت.**

*** لە رووداني هەموو نالەبارییەکدا، تەنها ئەو شتە گوناهبار نییە کە دەبێت بە مایەی رووداني ئەو نالەبارییە، ئەوەیش گوناهبارە کە نابێت بە رێگر لەبەردەم رووداني دا.**

*** دەبەنگی گەشە دەکات و دەبەنگی دەمێنێتەوە.**

*** تەنانەت لەو بەردانەی دەخرێنەر سەر رێت، دەتوانی شتێکی جوان بنیات بنێیت.**

*** هەر کەسێک ترسی نەبێت، فەنتازیای نییە.**

*** ئەوەی نەهاتە دنیاوە، شتێکی ئەوتۆی لە دەست نەچوو.**

*** هومۆر سێوانی بلیمەتەکانە.**

*** یەکەمین مرۆڤەکان دوا مەیموونەکان نەبوون.**

*** یەکەمجار لە کن نەوەکانی، مرۆڤ ئەوەندە حاڵییە، کە خەریکە لە منداڵ تێبگات.**

* ئەدەبیاتی ئەڵەمانی یەک چاوە، چاوی بە پێکەنینی نییە.
* مرۆڤ لە بواری بێدەنگییەوە دەئاخڤێ، لەگەڵ وشەیشدا بێدەنگ دەبێت.
* کاتێک مرۆڤ پارەی تەواوی هەبێت، ناوبانگێکی باش لە دڵی خۆیدا بۆ خۆی دروست دەکات.
* گەورەیی مرۆڤێک وابەستەی گەورەیی رووبەری کارلێکەری ئەو نییە.
* هەر بە تەنها "دوێنێ"ی نەمر نا، "سبەینێ"ی نەمریش هەیە.
* پرسیارەکان ئەوەن، لەوانەوە چ بمێنێتەوە، ئەوە سەوز دەبێت.
* ئارەزووی ئەوە بۆ یەکە بە یەکەی ئێوە دەخوازم، دەرفەتی "خزمەتکردن بە هاوڕێ"تان هەبێت، ئەو ئەزموونەتان هەبێت، کە ئەوی تر بەختەوەرکردن، چ بەختەوەرییەک بەرهەم دەهێنێت.
* هەڵەکان نرخی خۆیان هەیە، دیارە هەموو کەس بەرەو هندستان بڕوات، ئەمەریکا نادۆزێتەوە.
* هەموو ئەو شتانەی شێوەیەکی زەبەلاح وەردەگرن، لەوەیە کاریگەر بن، تەنانەت گەوجێتیش.
* بوێریی تەنها بە مشت نایەتە سەلماندن، مرۆڤ سەریشی بۆ ئەو مەبەستە پێویستە.
* بوێریی بێ ژیری ڤالآیە (بەتاڵە)، هەروەها ژیرێتی بێ بوێری پووچە.
* تەنها ئەو کەسە مرۆڤە، کە گەورە دەبێت و بە منداڵییش دەمێنێتەوە.
* هیچ شتێکی باش نییە، جگە لەوەی مرۆڤ بیکات.
* هەندێ مرۆڤ ژیرێتی خۆیان بۆ سادەکردنەوە بەکاردەهێنن، هەندێکیش بۆ ئالۆزکردن.
* ئەوەی شتێکی بۆ گوتن هەبێت، پەلە ناکات. کات وەردەگرێت و مەبەستی خۆی بە رستەیەک دەڵێت.
* پێتان وانەبێت ملیۆنان کەس دوژمنی ئێوەن. تاکە دوژمنی ئێوە ناوی "شەڕ"ە.
* هاوڕێیان، تەنها بوێرییە! پێدەکەنێت و دەڵێت: مرۆڤەکان باشن، بەڵام گەل خراپن.
* مرۆڤ دەبێت بتوانێت چاوەڕوان بێت. مەراق و پەلە مردنی خۆشیین.
* مرۆڤ دەمی خۆی پڕ ناکات، کاتێک کە لوتی گیرا بێت.


**سەرچاوە:**

Oliver Steller-
Erich Kästner
Gedichte, Briefe, Leben zum 100 Geburtstag.

Erich Kästner-
Gedichte
Reclam Verlag 1998

Beutin, Wolfgang u. a.: Deutsche Literaturgeschichte: von den Anfängen bis zur Gegenwart. Metzler, Stuttgart 1979.

Peter J. Brenner: Neue deutsche Literaturgeschichte: vom „Ackermann" zu Günter Grass. Niemeier, Tübingen 1996.



# دەق

# دوو


| | |
|---|---|
| سوورەتی دایک و ئایەتە بێ ناونیشانەکان | **لەتیف هەڵمەت** |
| پزیسکە خامۆشەکانی یاخیبوون | **یونس حسەینی** |
| تا پەنجەرەی نیگا روون دەبێتەوە | **کاروان ئیبراهیم** |
| سێ کورتەشیعر | **سارا زینەتی** |
| دۆزینەوەکان | **عومەر جەلال** |
| زیکرێ لە خانەقای عیشقدا | **زمکان عەزیز** |
| لیمۆکانی نێو تابووتی باوکم | **بڵند باجەڵان** |
| وەرزی پێنجەم | **ئارام شێخ وەسانی** |
| (٦) چیرۆکی کورت | **فەرهاد مستەفا** |
| دوو هێڵی ستوونی | **سەلاح حەسەن پاڵەوان** |
| ئیتر هەتاهەتایە مەیەرە نێو خەونەکانمەوە | **ئەدیب نادر** |

# سوورەتی دایک و ئایەتە بێ ناونیشانەکان



**لەتیف هەڵمەت**



**-١-**

**لەناو هەموو درەختەکاندا**
**تەنها شۆڕەبی**
**نیشتمانپەروەرە**
**هەتا دەمرێ**
**سوژدە دەبات بۆ**
**زەوی...**

**-٢-**

**کە یاری دەکات**
**لەسەر چیاکان**
**دەنووسێ:**
**سپی:-**
**بەفر**

***

که پێدەکەنێ
له دۆڵەکاندا
دەنووسێ:
گوڵ:-
شەختە

-٣-

هەرچەند
دەبێ بە میوانم
له دەفتەرەکەمدا
دەنووسێ: شیعر:-
وشە

***

هەرکاتێ لێرەوە
تێپەڕێ
لەسەر دەرگاکەم
دەنووسێ: سەرما:-
زستان

***


هەن بە گوللە
هەن بە وشە
هەن بە ماچ
ئەوانی دی
دەکوژن



-٤-

بە ئەستێرە
شیعر دەنووسێ
خوا

***



چرای ماڵی خوایە
مانگ

***

گرکان
گریانی زەوییە
بوومەلەرزە:
پێکەنین

***

ئێمە دووکەڵ
بە ئاسمان دەبەخشین
دارستانەکانمان
ئاو دەدات:
ئاسمان

***

زەوی
ئەنجن ئەنجن دەکەین:
بە گاسن
ئێمە
توورەکەکانمان
پڕاوپڕ دەکات
لە گوڵە گەنم:
زەوی

-٥-

لە ماچێکدا شاردوومەتەوە
دەیبەخشم بە تۆ
منداڵێتیم

***

هەزار ئاشووب
دەئەفرێنێ
گوڵێک

***

هەزار جیهانی نوێ
درووست دەکات
گوللەیەک

-٦-


با دڵنیابین
ئەو دەمەی ئێمە نوێژ دەکەین
گومڕایەکیش بیر دەکاتەوە
لە گەورەیی
خودا

***

ئەی خوایە
بە ئاگری گوناح
بمشۆ
با ڕێگای بەهەشت
بدۆزمەوە

***

ئەی خوایە
بە نووری نوێژ
گوناحبارم کە
با شارەزای ڕێگای
دۆزەخ بم



-٧-

ئەمشەو بۆ هاوڕێیەک گریام
لە موسڵ لە دار نەدرابوو
لە کارەساتی ئەنفالدا
زیندە بە چاڵ نەکرابوو
لە نزیک کانی عاشقان

به کیمیایی نەخنکابوو
لە شەڕی براکوژیدا
ون و سەرنگوون کرابوو...

-٨-

لەوێ دۆزیمەوە
لە ناخی شەڵاڵی تاریکایی دەروونددا
بە گورزەی دەزووی نوور
ئابڵوقە درابوو

***

لەوێ دۆزیمەوە
مەست مەست ببوو
بە شیعرێکی خەیام و
دێوانە دێوانە ببوو بە بۆن و بەرامەی
(بوستان) و (گوڵستان)ی سەعدی و
شەیدا ببوو بە ناڵەی(نەی)یەکەی مەولانەی رۆمی...
لەوێ دۆزیمەوە
ئەو شەوە حەلاج و سەهرە وەردی و
حافزی شیرازی و فاوست
پێکی ئەوینی پەیامبەرێتییان بۆ پڕدەکرد و
تلیاکی نووری خوداییان
بۆ دادەگیرسان و
دادوەری شاریش
بەردەبارانی دەکرد:-
دڵم...

-٩-

پڕ بوو لە یادەوەری دایکێکی میهرەبان
لێوانلێو بوو لە بۆنی
تەزبیح و تەهلیلەی
ژنێکی نوورانی

بۆنی کولیچە و نوقڵی ڕەنگاوڕەنگی
جەژنی لێ دەچۆڕا
بەرامەی رازیانە و سۆتکە و دارچینی و
مێوژ و گەزۆی
لێ هەڵدەقولا
ئەگەر بەوردی سەرنجت بدایە
منداڵێکی ڕەنگ برۆنزی
کە لە قوتابخانە دەهاتەوە
کتێبەکانی بندەستی
لە سووچێکدا ریز دەکرد
من بە چاوی خۆم لە دارەسووتاوەکە دیم
لەوانەیە لەو ڕۆژەوە کە ماڵمان لە کەرکووک
ڕاگوێزراوە
تاکو بازاڕی دارەسووتاوەکە
دەستاودەستی پێکرابێ
ئەم سنووقە بۆراقەی دایکم

-١٠-

ئەمەکدارە و
بیری زۆر تیژە و
دەزانێ
کوڕی چ دارستانێکە
بیدەیتە دەست هەر منداڵێک
وێنەی:
گوڵ و چۆلەکەی
لێ دەبارێ:
قەڵەم...

***

زۆر بێ ئەمەکە و
زوو لە بیری دەچێ کە:
ڕۆڵەی بێشەیەکی پڕ لە:

چۆلەکەیە
هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات
بچێتە هۆڵی پەرلەمانێکەوە و
فەرمانی کوشتنی
چۆلەکە
دەربکات:
کورسی...



-١١-
هەمیشە باسی ئازادی دەکات
هەمیشەش
قەفەز بۆ کەناری و
باخچەی ئاژەڵان
دروست دەکات
مرۆڤ...

***


هەمیشە... باسی ئازادی دەنووسێ
هەمیشەش
سەرقاڵی راوکردنی
ماسی و
باڵندەیە
مرۆڤ...

***

هەمیشە گۆرانی بۆ ئازادی دەڵێ
هەمیشەش
لە شەقامەکاندا
ماڵەوماڵ دەگەڕێ و
دەستڕێژ لە ئازادی دەکات
مرۆڤ...


-١٢-

سبەینێ هەینییە
سبەینێ هەر رۆژێ بێ
پشووی فەرمییە
و
زانکۆ و فەرمانگەکانی
بە جێدێڵێ و
خۆی دەشوا و نەختێک دەنوێ
ماچ
بەڵام ببڕای ببڕ
رۆژی پشووی نییە
هەمیشە لە:
شەقام و کۆڵانەکاندا
پیاسە دەکات و
جاربەجار بیر دەکاتەوە و
لەبری ئەوەی بڵێ:
منیش هەم
دەوەڕێ
تفەنگ...



# پزیسکە خامۆشەکانی یاخیبوون

یونس حسەینی



**بێوەژنێ بە دیار کچێنییەکانییەوە**
**دەگری و**
**هەراسانی خۆویستنە و**
**شەن و کـەوی* پـێـری دەکـا**
**قەرەجێ مەستانە ژنێ نووقمی خۆی دەکا و**
**رکات رکات**
**سەبووری گەڕەک دائەگرێ!!**
**منالێ لە ژنێکا بیانووە و**
**پارکێ چی جێ ژووانە هەتکی دەکا.**
**بێوەژنێ**
**مەجازی رۆژ ئەنووسێ**
**خۆی دۆڕاوی شەوەکانیە**
**قاپێ ژن لە قەدەغەی دا**
**مژێ لێو لە گەوزاندا و**
**منێک ئاوێزانی ژووان و پارک و ژنێ...**
**پیاوێ خۆی ئەدوورێ بە شارا و**
**مرادخانی مرادخانی**
**چۆڵ دەکرێ و**
**چەن ترپەیێک سنووری شەو واژۆ ئەکەن.**
**من بەدیار بێوەیی بوونی تۆوە**

روو لە قەور و
تۆ لە ماڵپەڕە قەرەباڵغەکەتدا
کچێنیت جێدێڵی و
خۆت رەجم ئەکەی.
چەقۆیێ سنووری مەرگ و تۆ
سەفەرێ مەودای من و مەرگ
دەستێ تا بڵێی بیانووی مەعسییەت دەیگرێ و
کۆڵانێ تا بخوازێ
نغرۆی خۆت و
نگات بکات.
تۆ لە راخستن و کرانەوە
من لە گەوزاندن و هەنار
بێوەژنێ شەراویە و
خۆرت دەتگرێ!
من لە مانگ شەراو و ئەسپێکا هیلاک
بەدیار ئەم بێوەژنەوە
قەدەغەکان دەکەمەوە و
تەسبێحی ماچە و خولیەدەم
هەنار لە لیمۆ پێوەند و
لێوم لە لێوت هەڵ ئەخەم
بەدیار دڵتەنگییەکانتەوە زاخاوی هەردوو دەردەکەم.
دەمەکەت و جێژووانت لەبیر نەچێ
خوا ئەزانێ چەن شەکەت و چەن نغرۆتم
مانگ ئەزانێ چەن زوڵاڵی و چەند رێگەتم
سەفەرەکەت دامەزرێنە
شەرتەو نەپەڕیوەتەوە...

سەقز
١٣٩٠/٧/١٨

* شەن و کەو: بێژنگکردن و جیاکردنەوەی دانەوێڵە لە کا و کۆت.

# هەناسەیەک بمکەرەوە

**بۆ لەتێ لە خۆم**
**جوغرافیات سەر لە سەرم هەڵناگرێ و هەناسەیشت...**
**چۆن و چلۆنی هەڵکردن لە تۆدا دانامرکێ و**
**لە گۆشە خەونی عەشقەوە ئەڕوانمە شەکەتیت و**
**تۆ و چاوەڕوانی و پەنجەرە!!**
**کردنەوەم بارانێکە**
**تا سەوزبوونی هەمیشەیی و شکاندنەوەت بە گوڵ!!**
**حوزنی پیرۆز**
**لە هەناسە چڵکنەکانی خاکەوە**
**گورگ و چەقەڵ واز لە هێوری زایەڵەت ناهێرن**
**تا موتووربەی دزەی شەرم و**
**سرتەکانی سەر سینەت بم!**
**تۆ، لە مناڵی و شێتبوونی ئەو ئەچێ**
**کە وەیلانی ماناکانت و**
**دوڕاوی دوایین قومارخانەکان ئەم جنخانەم.**
**چاوەڕوانی و هەناسەت**
**شیوەنێ ئەم شێوێنێ و ئێژێ**
**هەستانەوە بکە ئاڵای حوزوورێ بەرەو پەڵەی کاڵی و یەکگرتنەوە.**
**لە چارشیوی شەرمەوە لاترازکەی مەلوولی بەو**
**تاقەتت بپژێنە بە باڵاما**
**با ئێوارەم کوڵ بێتەوە.**
**گۆرانییە شەکەتەکەی بێ ژیانیم**
**چاوەڕوانترین هەناسەم**
**بە چڵ بەچلی قژتەوە گرێ بدە و**
**لایە لایەی موسمی کرانەوەم بدرکێنە**
**لەودیو گوناحەکانەوە**
**رووچنەیەکم روو لە تووە و تا بینەقاقام تاریکی**
**تەمەن کازێوەی دێ لە پەنجەتا و**
**مناڵیی شلبووەتە گیانم**

تۆ بەرهەمی ئەو رەنجانەی
هەڵم ئەخەنە سەر تیشک و
بەیان لە لەپیانا گڕوگاڵیە
تەمەن تۆزێ درێژکەوە و چەن گۆرانیەک
بم بیستە و
لە خەونێکدا سنوورم هەڵوەشێنەوە

سەقز
١٣٨٥/٩/١٢



# تا پەنجەرەی نیگا روون دەبێتەوە

کاروان ئیبراهیم

**تا پەنجەرەی نیگا روون دەبێتەوە**
**من لەبەردەم هەڵوەرینی گەڵاکانی موحیبەتا نزادەکەم و دەڵێم**
**خودایە دەست بە حورمەتمانەوە بگرە و**
**وریای شووشەکانی تەنیاییمان بە...**
**تا ئەم پێکی شەرمەش تەواو دەبێ**
**ئێمە دەبێت بە دیار گریانی خۆمانەوە شیوەن کەین**
**بەدیار پێکەنینی خۆمانەوە بگرین**
**بەدیار رۆشتنی خۆمانەوە چۆک دابەین**
**لەم کەونەدا تاکو هەناسەی گوڵێکی ئەرخەوانیی ئەدۆزمەوە**
**رووم دەبێت بە قەقنەس و کەسیش سڵاوی ماندووبوون ناکا**
**تا بۆنی گوڵی سەر زبڵدان ئەناسمەوە**
**خۆم وەک کەلاکی تۆپیو بۆن دامدەگرێ و کەسیش سڵاو ناکا**
**لەم کەونەدا سەرلەبەری ئەم شەقامە دەمباتەوە سەر شیوێک**
**کە رووی تۆو نیگای من و سکێچی هەموومان لەخۆ دەگرێ**
**من لێرەوە بڕوا دێنم کە ئەسڵ و نەسەبم بۆنی زیندەگی لێنایە و**
**سەر بە تەویلەکانی جەنگم**
**سەر بەو مەنهۆ ڵانەم**
**کە منداڵی و گەورەییم تیا ناشت**

خودایە بۆ حورمەتی گەڵای دڵم تەشریفی پاییز دواخە
بۆ خاتری ئەم تەنیاییەم کە جارجار چزە لە رۆحم دێنێ بمبەرەوە بۆ
کوچەکانی ئارامی
خودایە تا زووقمی ئەم بێزارییە نەیبەستووە فریاکەوە
فریاکەوە ئێمە لە مەترسیداین
ئێمە ناتوانین ئەم گۆرانییەی تۆ بڵێینەوە
وای چەند سەختە کە تێبگەیت ژیان ساردە
ژیان ساردە...
وەک پەنجەرەی ماڵێکی چۆڵ
وەک دەستی تەزیوی منداڵێک... بەدەم فرۆشتنی عەلاگەیەکەوە
کە پڕە لە هەڵوەرینی پێکەنینەکانی کۆڵان
وەک ساردبوونەوەی لوولەی تفەنگێک
کە فیشەکی بە ئاوێنەیەکەوە نابێت
وەک رانەگەیشتنی دەستێک بۆ گەڵای خەنین
وەک درزی ئینجانەیەک
بێتاقەتبوونی رۆحێک
خودایە رەحم بە تەنیاییم بکە و
ببینە ژیان ساردە
ژیان سفرەیەکی خاڵییە!!!

***

من دەزانم ئەم پەنجەرەی نیگایە روون نابێتەوە
کەواتا ماندووبوونم بە ئینجانەیەک دەسپێرم
تاکو بەدیار شەکەتبوونی خۆمەوە نەگریم
بەدیار بێحورمەتیی خۆمەوە نەیەم و بچم
دەمەوێ... دەمەوێ چیتر لەبەردەم ئەم پەنجەرە تەماوییانەدا
سەیری باخ نەکەم
سەیری گوڵ نەکەم
دەمەوێ بەسەر ئەم شەقامە شەقار شەقارەدا
خەیاڵی پیاسەیەکی پڕ رەنگ نەکەم
خودایە... دەمەوێ تێبگەم و بزانم
لەژێر رەحمەتی ئەم ئاسمانە رەنگپەڕیوەت

مشتم پڕ نابێت لە تەرزەی غەریب و
پڕ نابێت لە پێکەنین و پڕ نابێت لە ژیان
***
لەم کەونەدا ئەوپەڕی گەوجییە
بەدیار موعاناتی گەڵایەکەوە دانشی
ئەوپەڕی بێشەرمییە پێت وابێت
بۆ حورمەتی گەڵا وەریوەکانی پاییز
دەتەوەێ سەرێ بکەیتەوە بە کوچەکانی ئارامییا
دەتەوێ باس لە گوڵ و پەپوولە و شیعر بکەیت
بێعارییە ئەی ئینسان
تۆ کە زیندەگیت دۆڕاندووە
کەچی هەر گۆرانی بۆ یارییەکی دۆڕاو دەڵێیت
***
لەم کەونەدا
لەوپەڕی بێنازییەوە دێم
لەوپەڕی رامان لە رێگەیەکی دوور دوور
لەوپەڕی تەنیاییەوە کە دەستێکم لە گیرفانمدا و
ئەویترش بێباک بێباک دێت و دەچێ
لەوپەڕی پڕبوون لە گریان
کە تەنها من و خودا تێدەگەین
تێدەگەین و هەرگیز هەرگیز ناتوانین تەفسیرێ بۆ رەونەقی ئەو رۆژانە بکەین
کە ئێستە دیارنین
ئەوەندە دەزانم دەڕۆم و
ئەو گەڵایانە هەڵدەگرم کە نازانم چ درەختێ وەرانی
ئەو تووە نەگەیوانە هەڵدەگرم کە بۆ نەگەیین
توێکڵی ئەو پرتەقاڵانە هەڵدەگرم کە باوانیان لە وەرزی بێبارانیدا ونبوون
ئەو باغە سەوز و
پەرۆ سەوز و
کلێنسانە هەڵدەگرم کە بۆنی موحیبەتیان لێدێت
هەموو ئەمانە بەخاتری ئەوەیە کە خودا بمبەخشێ

**لەوپەڕی بێنازییەوە دێم**
**دێم و دەڵێم**
**بە دڵی سارد و سڕەوە ڕێ ناکرێ ئەی یار**
**ئەی هەتاوی بەردەم پەنجەرەی عیشق**
**ئەی شکۆی تێکشکاو**
**دێم و دەڵێم**
**بێباکانە ئاوڕ لەو گەڵایەکی کەوتوو دەدەمەوە و ماچی بۆ دەنێرم**
**هەمیشە ئەمانە بە خاتری ئەوەیە کە خودا بمبەخشێ**
**لەوپەڕی ماندووبوون و شەکەتبوون بەدەستی تۆوە دێم**
**دەمەوێت پێت بڵێم**
**گیرفانم هەڵتەکێنە ئەی ئاسمان, ئەی خودا, ئەی کەون**
**گەر توانیت لە سیحری ئەو دەنکە خورما و زەیتوونانە تێبگەیت کە لامن**

**ئەوە رووم رەشکە و نەهێڵیت بێمەوە زەوی**
**گەر توانیت لە هەنگاوم تێبگەیت**
**کە نامەوێ بەر خەتی شۆستەکان کەوێ**
**ئەوە ئەژنۆم لەتکە**
**گەر زاتت کرد و پرسیت**
**ئەم هەموو پەڕۆکۆن و**
**دەسڕەکۆن و**
**کاغەزی نووقڵانە چین کە پێتن**
**ئەوە دڵنیام حاڵی نەبوویت و لێشم تێناگەیت و**
**ناتوانیت بمبەیتەوە بۆ سەکۆی ئەمان**
**تکایە مەپرسە... ئەم پەنجەرەی نیگایە روون نابێتەوە.**

پاییزی ٢٠١١

# سێ کورتەشیعر



**سارا زینەتی**

-١-


**ژیانی من،**
**شەوگارێکە،**
**بەدوایا خۆری هەڵنایێ!**
**پاییزێکە،**
**گسکی بەهار گەڵاکانی رانامالێ!**

-٢-

"قەتاری فرمێسک"

**ساڵەهایە**
**خەم قەتارچی سیمای ژنەو**
**قەتاری فرمێسک بەرەو وڵاتی نامۆ دەبات.**
**بەیانی زوو**
**سەرەتای سەفەری بوو،**
**بەسەر هێڵی دەرد و ژانا تێئەپەڕی،**

**جووتیارێکی لەخۆبردووم نەدەناسی**
**بینێرمە سەر رێگاکە**
**بیگەڕێنمەوە بۆ شاری خۆی**
**شاری چاوم**
**تازە هەواڵیان پێداوم**
**شۆڕە کچەکەی دراوسێمان**
**لەسەر بیروبڕوا روونەکانی**
**بە زیندوویی**
**شووی کردووە**
**بە گۆڕی تەنگی بێ ئابڕوویی.**





-٣-
"بت"

**من لە شکاویی بتە نەفرەتاوییەکانی ژیانم تێگەیشتووم**
**بەڵام هێشتا ئەترسم-**
**بێ دەسەڵاتم و**
**بێدەسەڵاتیم خەنجەری خوایەتی ئەوانم**
**بۆ برینی سەری خولیام لەسەر جەستەی ئەوینێکی شاردراوە**
**بۆ برینی هەردوو قاچی خەیاڵاتم**
**بۆ رۆشتن بۆ ئازادکردنی**
**وڵاتێکی قەتیسماوە**
**تیژتر ئەکات.**
**هێشتا لێیان ئەترسم**
**لەو خوا ژینمژانەی**
**شووشە عەتری مەرگ**
**لەسەر جلی جەستەم خاڵی ئەکەن**
**بە (دیان)ە خوێناوییەکانیان**
**ئێسکەکانم ئەکرمێنن**
**فرمێسکە پایەبەرزەکانم**
**بە زیللەتی خواربوونەوە**
**سووک ناکەم.**

# دۆزینەوەکان

عومەر جەلال

باشت کرد منت دۆزییەوە،
ئەگینا سەگەکان دەیانخواردم،
پشیلەکان شەڕیان دەکرد لەسەر پەنجەکانم،
خۆکوشتن، چەندینجار هاتە ماڵم و خۆم نەدا بەدەستەوە،
نیشتمان، هەمیشە بە نەفرەتی دەکردم
ڕێگاکانیش وەڕس بوون لە پێیەکانم
باشت کرد منت دۆزییەوە
رزگارت کردم لەونبوون، لەمردن
پێستم بۆنی مەرگی گرتبوو،
هەناسەم بۆنی دۆزەخ
چاوم تەنیا گۆڕستانی دەبینی
باشت کرد، ئەزیزم زۆر باش



ئەگەر کەسێک،
دڵی خۆیت پێببەخشێ
چی لێ دەکەی؟
هەڵیدەگریتەوە، یان فڕێی دەدەیت؟
هەرگیز، ئەمەت لە خۆت نەپرسیوە

ئەفسوونی من و تۆ، لەوەدا بوو
کە خۆشمان بڕوامان نەدەکرد
یەکترمان دۆزیوەتەوە



کە من لێرەم، مانای ئەوە نییە لەوێ نەبم
کە من لەوێم، مانای ئەوە نییە لێرە نەبم

گەر ئەمجارە هاتیتەوە،
پێڵاوەکانت بەرەوە
ئەو ڕۆژە لەیادت چوو بوو!
کە لەسەر سەری من داتنابوو

چۆن پەتێک دەکەیتە ملی سەگەکەت
بەدوای خۆتدا رایدەکێشیت،
منیش ئاوها
پەتێک لەدەستم بکە!
تەنیا بۆ شوێنە تاریکەکان، لەگەڵ خۆت بمبە
بەرەو ناشوێن، بەرەوماڵی غەمگینی خۆت بمبە!

پێش ناسینی تۆ
لە باران، هەڵدەهاتم
لە ژیان، هەڵدەهاتم
هەنووکە خوازیارم
هەرچی دڵۆپە بارانی ئاسمان هەیە
بەر لەوەی بکەوێتە سەر زەوی
بەر جەستەو ڕۆحی من بکەوێت!

# زیکرێ له‌ خانه‌قای عیشقدا



**زمکان عه‌زیز**


**عه‌شق**
**خاکێکه‌...**
**نه‌ شه‌ڕی له‌سه‌ر ئه‌کرێت**
**نه‌ ئاشتی**
**نه‌ سوڵح**

**عه‌شق**
**ئیمانێکه‌ بێ خودا و**
**بێ قیبله‌ و**
**بێ قیامه‌ت**

**عه‌شق**
**زمانێکه‌...**
**له‌ زمانی منداڵی ئه‌چێت**
**له‌سه‌ر زاری پیرێکیش**
**گڕوگاڵ ئه‌کات**

عەشق
زمانێکە...
بێ حەرف و
بێ وشەش ئەوترێت
تەنها لەسەر پەڕەی دڵ
ئەنووسرێت

لە ماتماتیکدا
یەکویەک...
ئەکاتە دوو
لە عەشقیشدا...
یەکویەک ئەکاتە یەک



عەشق
بە دەستی دڵ...
لە دەرگای هەموو کەس ئەدات
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی بۆی ناکەنەوە


عەشق
لە سکی هەموو ژنێکدا
مەتۆلکەیەکە...
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی لەباری ئەبەن

عەشق
ئارەزوویەکە...
لە هەموو پیاوێکدا
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی لە ئاودەستدا ئەیڕژن

عەشق
ژنێکە...
هەموو پیاوێک ئەیخوازێت
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی پێی ئەڵێن ئەخلاق

عەشق
پیاوێکە...
هەموو ژنێک لە درزی دڵیەوە
تەماشای ئەکات
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی لە درزی دەرگاوە
تەماشای ئەکەن

عەشق
ژەهرێکە...
هەموو کەس ئەیخواتەوە
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی ئەکوژێت



عەشق
شووشەیەک شەرابە...
هەموو کەس نۆشی ئەکات
جگە لە هەندێک...
ئەوانی دی مەست ناکات

عەشق
سۆفییەکە...
لە پەرستگای هەموو دینێکدا
جگە لە هەندێک...
بۆ ئەوانی دی
خودا قاپییەکەی ناکاتەوە



**عەشق**
**باڵندەیەکە...**
**بە ئاسمانی هەموو کەسێکەوە**
**جگە لە هەندێک...**
**ئەوانی دی ئەیخەنە خوارەوە**

**عەشق**
**سەنگەرێکە...**
**پڕە لە بەرگری**
**جگە لە هەنێک...**
**ئەوانی دی زوو ئەیدەن بە دەستەوە**

**عەشق**
**گوڵێکە...**
**لە باخچەی هەموو ماڵێکدا**
**جگە لە هەندێک...**
**ئەوانی دی لێی ئەکەنەوە**

**عەشق**
**شەڕێکە...**
**بە تووشی هەموو کەسێکەوە ئەبێت**
**جگە لە هەندێک...**
**ئەوانی دی خۆیانی لێ ئەشارنەوە**

**عەشق**
**ئاشتییە...**
**ئەچێتە دڵی هەموو کەسێکەوە**
**جگە لە هەندێک...**
**ئەوانی دی بە شەڕ ئەیفرۆشنەوە**

**عەشق**
**مرۆڤە...**
**بۆ خودا و**
**خودایە...**
**بۆ مرۆڤ**
**لە خەڵوەتی عەقڵیشدا**
**یەکسانە بە فەنا**



# لیمۆکانی نێو تابووتی باوکم



**بلّند باجەڵان**

-١-

**ئەو رۆژەی جەنگی نەورەس دەست پێ دەکا**
**من لە بەرەکانی جەنگ دەگەڕێمەوە**
**جەنگی نێوان تابووت و مردوو**
**غەم و غەم**
**سێبووری و هەبووری بووری.**
**ئەو دەمەی فوو دەکرێ بەشەیپوودا**
**درەختەکان بە تەورداس لقەکانی رۆژهەڵاتیان دەبڕدرێ**
**بە تەورداسێک کە دەسکەکەی لە لقەکاتی رۆژئاوایان دروستکراوە.**

-٢-

**تەمەن حیکمەتی خۆی دەخواردەوە و میلۆدی لێدەڕژا**
**تۆم بینی**
**لە کۆگای مەم و زین جلوبەرگی مەکتەبت دەکڕی**
**بۆ بەیانی**
**لەسەر رێگای مەکتەب بینیتمەوە**
**قردێلەیەکی زەردت لە پرچت بەستبوو**
**کراسێکی زەردت لەبەرکردبوو**
**پێڵاوە تازەکانت لەپێ کردبوون...**

بەڵام لەجیاتی چوون بۆ قوتابخانە
چووی بۆ گۆڕستان
بۆ لای باوکت
ئەو باوکەی قەت نەیبینیبووی
هەرگیز نەتبینیبوو.

-٣-

کۆڵانە گەرمەکانی بێدەنگیی گەرم دەکەینەوە
حەیرانە باڵدارەکان
پەنجەی دۆشاومژەیان شکاوە
رۆح کە چوو ناگەڕێتەوە
هاوشێوەی تۆ کە رۆیشتی و نەگەڕایەوە.

-٤-


بەدگومانم لە ئاو
کە قەت گلەیی
لە وشکیی خۆی و تەڕیی دونیا نەبووە.


-٥-

لە شەقامی پاسارییەکانەوە
کەون جوانتر دەبینم
چینی تەنکبووی ئۆزۆن باشتر دەبینم
ئەرێ بەڕاست
بە خۆتان خۆش بن
ببوورن کە نەمتوانی لە پرسەی خۆم ئامادەبم
چووبوومە پرسەی (مەحمود زامدار).

-٦-

چەند کەڕەتی تر لە خۆتم دووربخەیتەوە
ناچارم دەکەی پتر لێت نزیک ببمەوە
دونیا کاولبوونی مرۆڤ بوو
بە دەستی پەردە داخراوەکان
ژیان دڕانی پەردە داخراوەکان بوو
بە دەستی مرۆڤەکان.





-٧-

پەنجەکانت لە هی دایکت دەچن
نینۆکەکانت لە هی باوکت
دایکت بە سەرینی باوکت دەچێ
باوکت بە خەونەکانی دایکت
مەرحەبا... مەرحەبا
ببوورن کە بەبێ پێشەکی
دەستم کردەوە بە درۆکردن.

-٨-

لە رۆژی کریسمسدا
عیسا بە کڵاوە سوورەکەی بابەنوئێل
ئەشکەکانی دەسڕێتەوە.

-٩-

لە هەنگوینی خاڵە شەهابەوە
تیشک دەردەچن
تیشکەکانیش هەنگوینیان لەبەر دەڕوا
وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو وێنەگرە بگرن
هەر ئێستا.

-١٠-

ئەو ئاشەوانە پیرە
لە قاچپەخانەکانی دیمەشق
بەمۆدێرنیزمان
پۆست مۆدێرنیزمی شکاند.

-١١-

فیلەکان هێرشیان بۆ رابردووی پڕ لە فیلم هێناوە
منیش ئەم پیرییە پەکی خستووم
قژم سپییە کەلاوەکان دەکەم
عاشق مەمکی مەعشوقەکەی دەگرێ:
نان بۆ قەساب
گۆشت بۆ نانەوا
پەنجە بۆ مەمک.

-١٢-

چ مامانێکە رووناکی؟

-١٣-

سەرم دەخەمە ناو کۆشم
خەون من دەبینێ.

-١٤-

- چەند ساڵە لێرە وەستاوی؟
+ساڵێک و شەش مانگ و هەشت چرکە و نووزەیەک.
- پێم دەڵێی هەنارەکە لەکوێیە؟
+بەمەرجێک تۆش پێم بڵێی دەنکەکانی لەکوێن.

-١٥-

کۆتری زەینم بە ئاسمانی گوناهەکان تێدەپەڕێ
گوناهەکانی تۆ بەشی خۆت ناکەن
چی دەدەی بە من؟
سندووقەکەی تۆ جێگەی خۆتی تیانابێتەوە
چی دابەش دەکەی لەگەڵم؟
لە رۆژی کوژرانماندا
ئازایەتی تۆ لەوەدابوو
باسی خۆت دەکرد
ترسنۆکیی منیش لەوەدا بوو
باسی کریستاڵم دەکرد.

-١٦-

دەریاکان ماڵئاوایی لە ماسیگرەکان دەکەن
وێنەکێشی ئاو و ئاگر
دوا تابلۆی خۆی دەخاتە مەزادەوە
ماسییەکانی ناخی دەخوا
مەزادخانەیەکی ترم دەوێ
کتێبەکانمی تیا بگۆڕمەوە بە چەند لاپەڕەیەکی سپی
جووجەڵەکانم بە چەند هێلکەیەکی کوڵاو.

-١٧-

نیشانەی پرسی چاند

**هەزاران نیشانەی سەرسووڕمانی دوورییەوە.**
**ئەو قوتابییەی لە وانەی (علم النفس) قۆپیەی دەکرد**
**بووە بە دکتۆری دەروونی.**
**خەیام لۆری خۆڵەکە لێدەخووڕێ**
**کە جەستەی پیاوێکی بۆگەنبووی تیایە**
**پیاوەکە رۆژانێ لۆری ئەنفالی لێدەخوڕی.**

-١٨-

**بە دەستی راستی دەستی چەپی منداڵەکەی گرتووە**
**بە دەستی چەپی فانووسێکی هەڵگرتووە.**

-١٩-

**سێوی سوور**
**سێوی زەرد دەخوا**
**رەیحانەکان**
**بە مسک خۆیان بۆنخۆش دەکەن.**

-٢٠-

**هۆڵەکە چۆڵکەن**
**تەنها یەک دەرگا بۆ چوونە دەرەوە هەیە**
**شانۆکە پێشکەش ناکرێ.**

سەرەتای ٢٠١١
هەولێر



# وەرزی پێنجەم

ئارام شێخ وەسانی

**-١-**

**پاکبوونەوە**
**بەفرێک روومان سپی دەکاتەوە**
**هەورێکی رەش بە ناپاکمان دەزانێ.**

**-٢-**

**هەژانی رامان**
**هەر لە یەکەم تەماشادا**
**فاڵچییەک تەوبەی کرد.**



**-٣-**

**نیگایەکی پەککەوتوو**
**ئادەمێکی پشت چەماوە**
**ناتوانێ بەرز بڕوانێ.**

**-٤-**

**قەرەج**
**لە کۆتایی دنیادا**
**سەفەر کۆتایی دێت.**

**-٥-**

**کچەکەم**
**مۆبایلم بە زەوی کەوت**
**جەرگم لەرزی**



-٦-

ماچی ئاسمان و زەوی

گوڵ قەت دڵگران نابێ بە شەونم

ئەوینم تەڕترە لە زەریا.

-٧-

باوەشی دوای مردن

دڵناشادم وەک بیرێکی بێ ئاو.

-٨-

مامۆستا

کەس نییە مانای ناوم بزانێت؟!

-٩-

زیکری پەروانە

مەحوی تائێستاش بەشەوان دەگەڕێت.

-١٠-

وەرزی پێنجەم

بڕیارە ئەمشەو، ڕۆژ لە ڕۆژئاوا هەڵبێت.

-١١-

وەسیەتی دەروێشێک

توخوا، کە مردم قژم کورت مەکەنەوە.

-١٢-

پیاوێکی تەنها

کە ئافرەت هاتە دنیا

یەکەم پیاو کوژرا.

-١٣-

نوێژ

لە خەوی شەو و ڕۆژێکدا

نوێژی شەشەمم چوو.

-١٤-

دایکم

قەت باران ناتوانێ

وەک فرمێسکی ئەو بێت

-١٥-

نزای تەمەن

پاسارییەکان

لە نووح زیاتر چێژ لە تەمەن وەردەگرن.

-١٦-

وێنە

ئێمە بڕوامان بە ئاوێنە نییە

بۆیە، وێنە دەگرین.

-١٧-

خاک

کە مرۆ نەما

ئەویش دەمرێت

-١٨-

مەرگی سنەوبەر

وەرزەکان لە تەلیسمی

نەمری تێدەگەن

-١٩-

وشە

زیندان نوێنەری رستە راستەقینەکانە

-٢٠-

تۆقەڵانی چاوەڕوانی

دەفتەرێک پەڕەکانی هەڵدەورێت

ماڵمان پڕ بووە لە مار و مێروو

-٢١-

توانەوە

لەبەردەم بەفری سەر ئاگر

زامی دووری دەدرووومەوە


-٢٢-

کەڤاڵی پایز

پەنجەکانم ببڕنەوە

نەکا فڵچە خۆی بشکێنێت





-٢٣-
لێو
زمانی نەوڕەسێکیان بڕی
تا تاوانی دەنگ نەزانرێ
-٢٤-
درک
گوڵێک بۆ مەنفا نێردرا
تا فێری خۆکوشتن بێت
-٢٥-
ڕۆح
مرۆ چەند بێباکە
جۆرەها ئاژەڵ سەردەبڕێت.
-٢٦-
ئافرەت
کە پیر بووم
خۆم بە زووڵفێکی ڕەش هەڵدەواسم
-٢٧-
دەسەڵات
لەناو بۆگەنترین شوێندا
مەیلی چاندنی ڕێحانەم هەیە.
-٣٠-
گۆرانی
پیاوێکی کەڕ لە خۆی بێزارە.
-٣١-
قەڵەمی فریشتە
گوناە تەواو دڵگرانە!
ئیمان لەداخا ون بوو.
-٣٢-
قەلەڕەش
مێژوو شایەدە
کێ گەورەترین ئەندازیاری ئەقڵە؟

-٣٣-

ئاوی نەمری

تەنها چێژ لە ونبوونی خۆم وەردەگرم
دنیا لەدەست مندایە.

-٣٤-

دووریی

پاش ئەوەی نەگەڕایتەوە
لەتەرمخانە کچێک پێدەکەنێ.

-٣٥-

جوانبوونی پارە

زاهیدێک لەدوام دەگەڕێت
بەنیازم دنیا بفرۆشم.



-٣٦-

هاوڕێ

تاڤگە بێ هاژە دڕندەیە
بێدەنگیی کۆڵان سامناکە!

-٣٧-

ڕەنگ

شەو هەموو جوانییەکان ناشارێتەوە
چاوم بۆتە پەلکەزێڕینە.

-٣٨-

خەڵوەت

لاپەڕەیەکی تەڕ
سکاڵای لە پەنجەرەیەکی داخراو نییە.

-٣٩-

میوان

تازە بە حەرامی گەورە بوومە
هەموو ڕۆژێ سێوێک دەخۆم.

-٤٠-

دڵ

شووشە خۆی بەخوێن دەشوات

ئەم ئێوارەیەش قەدرم نەگرتی

-٤١-

کیسەڵ

خودایە... بمبەخشە

چیتر نوێژ بە پەلە ناکەم.

-٤٢-

شێتبوون

شارێکم هەیە بێ ئاڵا

زستانێکی شووم بەڕێوەیە.

-٤٣-

پرسەی مانگ

ژیان، بەڵێنی خۆی بردەسەر

مانایەک نەماوە بۆ گریان.

-٤٤-

کۆتایی

کوڕم چرکەکان بژمێرە

گەردوون نیازی ڕۆیشتنی هەیە.

-٤٥-

دنیا

کەلاوەکەم نۆژەنکەنەوە

تا گۆڕەکەم خۆش بێت.

-٤٦-

شەهوەت

فڕەندەیەکی دەنووک خوێناوی


بەدوای خۆشوشتندا وێڵە.

-٤٧-

دین

ئەو خەوەی پیاوانی ئەشکەوت

هەموومانی فێری سەما نەکرد.



-٤٨-

مرۆڤ

تا ئێستا ئەگەر هەیە

لە هەردوو دنیا بسووتێم.

-٤٩-

وەڵام

بێ ئامانج نەهاتوومەتە دنیا

هیچ پرسیارێک ناکەم!

-٥٠-

چاو

چ دەبوو هەموومان کوێربایین؟

خۆزگە رووناکی نەبوایە!

-٥١-

نووسین

هەردوو دەست و زمانیان بڕیم

هەرگیز لە وتن ناکەوم.

-٥٢-

تووڕەبوون

فانۆسێکی شووشە رەش

ئاگرێکی سپی هەیە.

-٥٣-

حەقیقەت

هێزی کۆترە باریکە

لە قیامەت دەردەکەوێت.

-٥٤-

شەڕ

کە برا برای کوشت

مردن پێدەکەنی.

-٥٥-

سیاسەت

فرۆشیارێکی کۆن وتبووی:

پیاز درۆ لەگەڵ چاو دەکات.



-٥٦-

ماسی وشکانی


خەڵکانێک یاریی بە ئاو دەکەن

منیش لەگەڵ سەراب (گەشکە*) دەگرم.

بیرکاری

هەمیشە لە کۆکردنەوەی کۆدەکانی عیشقدا

هەڵە دەکەم.



-٥٨-

گواستنەوەی هێلانەکان

بۆ ڕاگەیاندنی پرسیارێک

هەموومان لە سنوور پەڕینەوە.

-٥٩-

جوانی

بە زەردەخەنەی دەزگیرانم

دەمم پڕ ئاو دەبێت.

-٦٠-

خەمێکی بێ مانا

کە فلوتەکەم ونبوو

بە دەمم کەوتمە فیکەلێدان.

-٦١-

جەژن

چی جلی جوان هەیە بیکرن،

با کفنەکەشمی لەگەڵ بێت.

-٦٢-

چیرۆکی دارەبەن

هەموو جەستەم برینە

کەچی بە قوڕاو، گڵاویم دەشۆنەوە.

-٦٣-

رابردوو

هەمیشە یادەکان تاڵ و شیرینن

وەلێ من بێ بیرەوەرییم.

-٦٤-

**کلیل**

**کە من ونبووم**


**ئیتر دەرگاکان بشکێنن.**

-٦٦-

**خەیاڵی زەریا**

**سێ بەشی دنیا ئاوە!**

**ئەی بۆچی نەهەنگەکانم دەکوژن؟**



-٦٧-

**رازی بەرەبەیان**

**کە گوڵ دەپشکوێت،**

**چارۆگەی نهێنییەکانم دەکرێتەوە.**

-٦٨-

**کەمانچەی غوربەت**

**سەرانسەری دنیا لەبیر دەکەم**

**تا ناوتم بیرچێتەوە.**

-٦٩-

**گۆچان**

**پیرەمێردێک لە حەمام کەوت و مرد.**

-٧٠-

**رێژنەی رق**

**کەناسێک بەکورەکەی وت:**

**ئەری ئێمەی لە تووخمی مرۆڤ نین؟**

*گەشکە: جۆرە نەخۆشییەکە دووچاری مرۆڤ دەبێت، بەهۆیەوە مرۆڤ لە هۆش خۆی دەچێت.

چیرۆک

# (٦) چیرۆکی کورت



**فەرهاد مستەفا**

## تراویلکە

لە راستیدا ناوی (حەجاج)نەبوو، نە شمشێری بەدەستەوە بوو، نە کەوانێک بەپشتییەوە، نە دەمانچەیەک بەبەرقەدییەوە، دوو چاوی بچوک و بزێو، بالآیەکی کەڵەگەت، ریشێکی سەکسوکی هێشتبۆوە.

پیاوانی گوندەکەمانی کۆکردەوە و وتی:

- ئەوەی پابەندی یاسام نەبێت، لەم گوندەدا جێگەی نابێتەوە.

کوێخای گوندمان وتی:

- کابرا چ کارەیت؟ بە چ حسابێک ئەو فەرمانە دەردەکەیت؟ ئیزنت لە کێ خواستووە؟!.

پیاوە چاو بچکۆلەکە وتی:

- زمانێکی درێژت پێوەیە... بەڵام نازانیت چۆن هەڵیسورێنیت، لەوانەیە بتەوێت بۆت ببرم؟.

کوێخا و ئێمەش لە هەڕەشەی ئەو پیاوە ریش عەجایبە ترساین.

کوێخا فەرمووی:

- دابی ئێمە وایە... لەگەڵ میواندا ماریفەت بنوێنیین.

ئەو قسەیەمان پێ جوانبوو. هەر کەسێکمان کوێخا بوایە لەوە جوانتری

نەدەوت..

پیاوەکە بە توندی قۆڵی کوێخای گرت، کوێخا ملی لار کردەوە بۆ چرپەکانی. تەمامان بوو، کوێخا ئانیشکی ئاوقای ددانە رەش هەڵگەڕاوەکانی بکات.

کوێخا... لەبەر چاومان جەمەدانییەکەی فڕێدا. جگەرە زەلەکەی لا لێوی تووڕدا و جگەرەکەی لێوەرگرت و گڕیدا. بێباکانە پۆشاکە بەڵەکەدارەکانی لێوەرگرت، وەک ئەوەی پێشتر ئەندازەیان کردبێت، پڕ بەبەری بوو... کتومت پۆلیسی سوارە... نا... وەک ئەفسەرێک بە غەڕابییەوە لەسەربازە ریوەڵەکانی بڕوانێت... تەماشای دەکردین.

خودایە... ئەو پیاوە چاوبچکۆلەیە چ جادوویەکی لێ کرد؟ ئەوەتا باڵای هێندەی باڵای خۆی کەڵەگەت! وەک ئەوەی دەمبەستی لێ کردبین، کەسێکمان نوتقمان نەکرد!

ئێستاشی لەگەڵ بێت، خەممان بەوە نییە سەپانی بێ مزەی ئەوین، ئەوەی جاڕسی کردووین... لێمان مەعلوم نییە، کوێخامان پیاوە چاو بچکۆلەکەیە، یان ئەو پیاوە چاو بچکۆلەیە کوێخایە!.

## جەنگاوەران

هاوڕێ کوژراوەکەم وتی:

– گەورەم ئەمە سوکایەتیکردنە بە قارەمانێتی!

فەرماندەکەمان وتی:

– بەرلەوەی بگەڕێیتەوە دەتدەم بە دادگا، بۆ ئەم ناماقوڵیکردنەت.

هاوڕێ کوژراوەکەم وتی:

– شتێک نەماوە خەمم بۆی هەبێت!

فەرماندەکە وتی:

– ئەی ئەم بۆڵەبۆڵەت لەچییە؟ واش نەبوایە هەر دەمردیت، دەبێت سوپاسمان بکەیت، کە پلەی شەهادەتت بەدەستهێناوە، چ کەسێک هێندە بەختەوەرە بە ئاڵای نیشتیمانەوە بە خاکی بسپێرن؟.

هاوڕێ کوژراوەکەم وتی:

– گەورەم ئەو دەستەیان دەستی من نییە و ئەو قاچەش قاچی خۆم نییە، نامەوێت قۆڵی کەسێکیتر هەڵبگرم، نەخوازەڵا ئەو پێیە گەورانە.

فەرماندەکەمان پێی وت:

- چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئەمە بەخاتری جەنابت نییە... لەبەر دڵنەوایی کەسوکارەکەتە.

هاوڕێ کوژراوەکەم وتی:

- گەورەم من نازانم ئەو دەستە چ تاوانێکی ئەنجامداوە... یان ئەو قاچانە؟ تۆ گریمانەی ئەوە ناکەیت کە تۆمەتی دز بوون... یان شەڕواڵپیسیم لە قەبەڵ خەن؟.

فەرماندەکەمان وتی:

- کوژراوێکی چەنەبازە. ئـــادەی... (رووی کردە ئێمە) تا شەهیدەکانیتریشمان فێری ناڕەزایەتی نەبوون، سەری بنێنەوە.

خستمانە ناو تابووتە سندووقییەکەوە. فەرماندەم (رووی کردە من):

- وتت تۆ هاوشاری ئەویت؟.

وتم: بەڵێ گەورەم.

وتی: کە گەیشتیتە ئـەوێ... برایانمان ئاگاداربکەنەوە... نەهێڵرێت تابوتەکەی بکەنەوە، لەوەدەچێت بە بنەماڵە چەنەبازبن و لەسەر شت زۆر بڕۆن؟.

وتم: فەرمانتە گەورەم.

خەنی بووم، (٤) رۆژ مۆڵەتمان پێکەرەم کرا.

لە رێگا جارجارە دەنگە دەنگ و زرمەی کوتینی تابووتەکەمان دەبیست، واوەتریش خۆمان نەبان دەکرد، لەو هەموو جنێوە قورسانەی پێیدەوتیین.

لەگەڵ شوفێرەکە بڕیارماندابوو... هێندە سـروودی نیشتمانی بۆ بڵێینەوە، تا بیری بخەینەوە شەرمەزاری بەتەنیا بۆ زیندووەکان نییە، بە ئاگای بێنینەوە... ئێمەش چوون ئەو سەربازین.

سەربازیش گوێ رایەڵی فەرماندەکەیەتی. ئەوەتا، بە لەز خۆمان دەکوتین تا ئەوەی شەهیدەکەمان بەرینەوە بۆ زێدی خۆی.

## سڕینەوە

زێوانی (هادس) بەخێرهێنانی (چارۆس)ی کرد:

- کۆڵەکەت سەنگینە... ئەمجارە چیت پێیە؟

(چارۆس) وتی:

– روحی ئاسنگەرێک... دڵی وەک پرژەی ئاو، نەرم. منداڵێک... نەیزانی باوکی کێیە!. ژنێک... تەمای گەڕانەوەی کوڕە زیندەبەچاڵکراوەکەی بوو. گۆڕهەڵکەنێک... کە بە مردووەکان پێدەکەنی. شاعیرێک... هەجوی ئێمەی دەکرد. کاهینێک... بۆ رەبەنبوونی دەلالایەوە. زەرەنگەرێک... بەتاقەت نەبوو لەسەرئاوێکدا بەیادمان بکاتەوە. سەرکردەیەک... کە هاونیشتمانییەکانی بە بۆڵە ترێیەک دەچواند.

## ئاهەنگەکەی گۆڕستان

بەڕاست، گـوزارەی... بەڕێوەچوونی ئاهەنگێک لە گۆڕستان و لە نیوەشەوێکی درەنگی ئەنگوستەچاودا، راست بوو؟ یان وەک جێگری سکرتێری کۆمەڵەی شەوەزەنگ بەدرۆی دەخستەوە، ئاهەنگێکی لەو جۆرە ساز نەکرابوو؟

مامۆستایەکی ئاینی وتبووی... ئەگەر ئەوە رووی دابێت تاوانە. لەگەڵ هیچ بنەمایەکی ئاینیی وێک نایەتەوە.

کۆمەڵناسێکیش وتبووی: ئەوە دابێکی هەڵەیە لەبەر رێزی مردووان چ ئاهەنگێک لە گۆڕستان شیاو نییە.

ئەو پرسە ناجۆرە، لە مانشێتی رووپەڕی رۆژنامە نوستووەکانیش چێ بوو. بەولاتریش چەند کەسێک کۆبوونەوە... دژی سازدانی ئەو ئاهەنگە خۆپیشاندان سازبکەن، کەمپێنێکیش بۆ رێزگرتن لە بەها کۆمەلایەتییەکان راگەیاندرا.

زیاتر لەجارێک سێرچی ئاهەنگەکەی گۆڕستانم کرد و تەواوی گێڕانەوەکانیش لەوە نەترازا... بەڵێ... راستییەک لە رووداوەکەدا هەیە و ئەو ئاهەنگە سازکراوە. ئەمما نە ناوی گۆڕستانەکە، نە شێوازی ئاهەنگەکە... نە ناوی هونەرمەندەکە، نە ژمارەی ئامادەبووەکان ئاشکرا نەکرابوو!.

چیرۆکی وەنەوشەکەی شاژنتان بیستووە؟ بەو مەرامە چوو، وڵات کە تازەکی لە چلەی قوربانییەکانی، بەخۆدا هاتبوونەوە، مەغزایەکی دوورتری وەرگرت.

کورتەی راپۆرتی بالادەستەکانی هەواڵگریی لە خاڵێکدا تەبابوون... دەستێکی دەرەکی لە پشت سازدانی ئەو ئاهەنگەوەیە. ئەوانەش گازندە

و گلەییەکانیان لە خوتەخوتێک تێناپەڕێنێت... بەسەرەتای وەرچەرخانێکی نوێیان لە قەڵەمدا.

دوایین کەس پێویستی بە یەکلایکردنەوەی گریمانەکان بوو خودی سەرۆک بوو. دروست... فەرمانی کرد: خەڵات بەو هونەرمەندە بدرێت کە لەو نیوەشەوە درەنگەدا توانیویەتی لە ترسناکترین و غەمگینترین شوێنی دنیا ئاهەنگ سازبکات.

بەشێک لەوانەی بۆ هەموو بابەتێک قسەیان هەیە، پێیانوابوو... ئەو هونەرمەندە بە ئامانجی بوون بە ئەستێرە و تێپەڕاندنی کارە نەناسراوەکانی بەو کارە هەستاوە، شایان بە خەڵات نییە.

ئەو رانانە سۆنگەیەک بوو کە شارەکەمان پیاچوونەوەیەکی خێرا بە کاروبارەکانی حکومەتدا بکات. پۆلیسەکان لە نۆبەی ئێشکگریدا دەیانووت: رژێمێک گۆرانی بۆ میللەت پێنەبێت، حەتمەن ئەڕوخێت.

دەروونناسێک پێشنیاری کرد... مادامێک خۆپاراستن لە چارەسەر گرنگترە، حەملەیەک بکرێت بۆ کێرد و تەور و چەقۆی میوەی مەملەکەت.

مێردمنداڵێک وتی: بڕوخێ لەبەرکردنی شیعری موتەنەبی. ژنێک وتی:

بە نەفرەت بێت رشانەوەی نیوە شەو. کیژێک وتی: تەواوی مکیاژ و مەنهەجی خوێندنمان ئێکسپایەرە.

ریشۆڵەیەک وتی: دەستی راوکردنمان بە بڕین بچێت. پیاوێک وتی: دەبێت حکومەت یاسایەک بۆ بردنەوەی ئەو هەموو عەللاگەیە دەربکات، کە وەک شەمبانزی قۆڵمانی درێژکردووە.

هەندێک پێیانوایە... خەفییەچیەکان ناهەمواری بار و دۆخەکەیان بە شێواوی بە جەنابی سەرۆک راگەیاندووە. کەسانێکیش وای بۆ دەچن... سەرۆک بۆ خۆی چۆتە کن ماڵەکانی نزیک بە گۆڕستانەکە. دەنا واخێرا بەو بڕیارە نەدەگەیشت کە خەڵاتی ئەو هونەرمەندە و هاوڕێکانی بکات.

ئێستا ئەوەی ئێمە دەیزانیین... دەیان هونەرمەند لەبەردەم دەرگا ئاڵتونییەکەی مەکتەبی سـەرۆک راوەسـتاون و خۆیان بە خاوەنی بەڕێوەبردنی ئەو ئاهەنگە دەزانن.

# مەزرای ئاژەڵان

گەمەکەمان ئاوا دەکرد...:
حەسەن دەبووە گوێدرێژ، مارف بە کەمتیار
من چەقەڵ، حەمەدرێژ بەزەرافە.
جەلیلە رەش بە شێر و لەیلای خوشکی حەمە دەکرا بە مامز.
کەریم وەک سەگ دەوەڕی و سلێمان گوربە. هەڤاڵیش ئەسپ بوو.
بێ ئەوەی بزانێت کاک نوری دوکاندارمان کردبووە یەکانە و ئافتاو خانی ژنیشی بە تیمساح.
کەریم دەیوت... کە ئاسکە دێت کەیفم لە وەڕینە. خۆشم لە لوورە لوور.
جەلیل زللەیەکی لێدەدام و دەیوت:
چەقەڵ هەموو وادەیەک نالوورێنێت.
خەلیلە کچانی کرابووە مار و نەیدەتوانی هەموو رۆژێک رۆژانەکەی بخاتە دەستی جەلیلەوە، بە دزییەوە دەمانووت: مارێکی خوێڕییە.
شێرەکە هەڤاڵی دەنایە ژێر و دەبوایە شەو لە ژووری خەوتنەکەیاندا چیبینیوە... هەرهەمووی بۆ جەلیل بگێڕێتەوە. جەلیل سەرسوچی کۆڵانەکەی دەگرت و پێمان دەووت... گورگەکانی کۆڵانەکەی ئەودیوو هاتن.
جەلیل دەرۆستیان دەهات و هەمیشە بەرچاوی شین بوو.
ساڵانێک تێپەڕی، حەمەدرێژ لە شەلەمچە کوژرا، جەلیلیش لە قوتەی حەسەن بەگ شەهید بوو.
لەیلا... لەگەڵ شووی دووەمینی بەرەو هەندەران رۆیشت، بەتەواوی نازانم مەزراکەمان چی بەسەرهات، جارجارە هەڤاڵ دەبینم... لە کەناڵەکانەوە ئەو پرۆژانەمان پێدەناسێنێ کە حکومەتەکەمان تەمای هەیە بەجێی بهێنێت.

##ماڵێک بۆ پێکەنین

دەبوو بچم.

گەیشتمە نزیکی ماڵەکە و عەشاماتێک لە نۆرەی چوونە ژوورەوە راوەستابوون. ئەوەی دوایین کەس بوو کابرایەکی کەتە و مۆن، رووخساری بە کەسێک دەچوو هەرگیز پێنەکەنیبێت. وتم: ئێرەیە؟

بە ساردییەوە وتی: ئێرەیە؟.

وتم: هەموو کەسێک دەتوانێت بچێتە ژوورەوە؟

چوون ئەوەی ناکاوانە بێماریفەتییەکم بەرانبەر نواندبێت، بە تووڕەییەوە وتی:

– کوێریت؟ ئەو لەوحە گەورەیە نابینیت؟

ماف بەو بوو. مەگەر چەندان کەسی دی لە پشتمەوە کەوتنە نۆرە گرتن. بە کەسەکەی دوای خۆمم وت:

– ئێستاکێ دەگەڕێمەوە، مەگەر بتوانیت نۆرەکەم نەفەوتێت.

..لەسەر لەوحەکە نووسرابوو:

هاوڵاتی ئازیز بۆ ئەوەی ساتێک لە ئاڵۆزی و سەختی ژیان بەڕێکردن کەنارگیربیت... تا تاوێک مرواری فرمێسکەکانتان بە گەوهەری زەردەخەنە بگۆڕنەوە... بفەرموو بۆ ماڵە تایبەتییەکەی خۆتان.

کۆمەڵێک وشەی سەیر سەیری تیانوسرابوو، ئەو کاتە سەرنجم هەبوو ئەو وتەیەم پێشتر بیستبوو... وامزەند دەکرد... عەزیز نەسین شتێکی ئاوای وتوبێت. ئەوەی لە بیریان نەچوو بوو، مانەندی تەواوی کۆڕ و پێشانگاکان... بە خەتێکی درشتر نووسرابوو... هاتن بۆ هەمووانە.

لە چوونە ژوورەوە هەموو ئەو تیۆرییانەیان بەدرۆ دەخستەوە، کە ئەفسەری پرسگە مۆن و بێ زەردەخەنەن. ماریفەتێکی پاراوی هەبوو. بە ئاماژەکەی چوومە یەکەمین ژووری ئەو مۆزەخانەیەی... کە دیزاینێکی سەردەمیانەی بۆ کرابوو.

پێنەکەنیم. جەنگاوەرێک میزی دەکرد بە کتێبەکاندا و نوکی حەربەی سەر تفەنگەکەی بە هەسان تیژدەکردەوە.

عەجیب بۆنی میز نەدەهات و عەورەتی لەو تاریکییە دەستکردەی سەر گەلۆزەی نادیار.

کابرایەکی ریش سپی... چوون ئەوەی لە پۆرترێتەکانی بەدیع باباجانەوە

هاتبێتە دەرێ... قەڵەمەکەی دەچەقاندە پێڵوی چاوەکانی و لە گوێچکەی چەپییەوە دەریدەهێنایە دەرەوە.

حەماڵێک قولاپەکەی چەقاندبووە پشتی کیسەڵێکی دەریایی و بە نیخە نیخ رایدەکێشا.

گیڤارا تفی دەکردە ریشە پڕەکەی کاسترۆ.

دوو نێرەکەری هۆمۆ لێوی یەکتریان دەمژی. کابرایەکی شیک پۆشی ریش سەکسوک، لووتی منداڵێکی چڵمنی دەسڕی.

چاوبازەیەک چەمۆڵەی لە گوڵە بەیبوونێک دەنا. رێوییەک چوارینەکانی خەیامی دەخوێندەوە.

پێنەکەنیم. هەموو ئەوانە بوون هەمیشە دەیبینم. نوماینده‌ی حیزبێک تەلاقی دەخوارد... پەیوەندییە نهێنییەکانی خۆیان و دەستەی سۆلیدارێتی بپچڕێنن. ئەفسەرێک بە شاعیرەکەی دەوت: دەستت بنوقێنە... تەماشای کێرڤی ژمارەی پەستانی خوێنەکەی دەکرد.

هێشتا لە ناوەڕاستی یەکەمین بەشی گەلەرییەکە بووم... کەوتمە سەر شارێگەی شەقامی شار، دروست... چاوم لێبوو... پۆلیسەکەی هاتوچۆ بە شاورەکەیەوە، ئاماژەمان بۆ دەکات نۆبەی پەڕینەوەیە!.

# دوو هێڵی ستوونی



**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

ئێواران هەمووان بە چاوێکی دوژمنانە تێی دەڕوانن، لە گوێیدا هەمیشە ئەم رستەیە دووبارە دەبووەوە "ئەوێک پارەکانی هەر هەموو لە مزگەوت وەرگرتەوە، شایانی رەجمە و بە ١١ جار قامچی دەبێ لەشی ئەنجن ئەنجن بکرێ". ئەمە دوا شتێک بوو کە گوێی لێ بوو، کاتێ ئیتر هیچی لە دنیادا نەما. نازانێ ئەوانە کێن، ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لە مۆزەخانەکەدا تابلۆکانیانی بینی، بڕێک سەرن، یان مێژوویەکی دێرینن، بەردەوام لێی دەڕوانن، بێناو نین، بەڵام نازانێ لەبەردەم چ چاوێکدا وەستاوە، تەنیا دوو سنوور لەنێوان ئەم و ئەو تابلۆیانەدا هەیە، تابلۆکان یەکەمین پێشانگای هونەرمەندانی تاراوگە بوون، ئەو رۆژەی لەدایک بوو دوو دیواریان بۆ دروست کرد تا هەڵنەیەت، ئەمڕۆش بەرامبەر ئەو دیمەنانە وەستاوە، بەتایبەت دیمەنی ئەو تابلۆیەی ئەم یەکێکە لە کەسایەتییەکانی، دیمەنی پۆلیسە سەرزەردەکان، ئەوانەی دەیانەوێ کۆمەڵێ پەناهەندە لە سویدەوە بۆ کوردستان بنێرنەوە، ئەو رۆژەش پۆلیسەکان ئەمیان لە هەموو ئەو سەرزەردانە جیاکردەوە، تەنیا بەهۆی ناوەکەیەوە، ناوەکەی رێک لە یەکێک لە بەشداربووانی هێرشەکەی ١١ سێپتێمبەر دەچوو، چەند جارێک بەنێو ئەو دیوارەیان برد، بەڵام هەرجارەی فیکەیەک لە ئامێرەکە دەهاتە دەرێ، زنجیرەکانی دەستیان کردەوە، ملوانەکەی ملی، پشتوێنەکەی و دواجار پێڵاوەکەشی، بەڵام نووکەکانی نێوان دیوارەکە هەر بـەردەوام بوو، بە دوو پۆلیسی تر بردیانە ژوورێک هەموو

لەشیان رووت کردەوە، تەنانەت کۆمیشیان بە پەنجە پشکنی، بە پارچە دارێکی رەش لەشیان کۆنترۆڵ کرد، دەنگەکە هەر بەردەوام بوو، دەیبەنە ژوورێکی تر و دەیخەنە ژێر تیشک و لەسەر شاشە لەشی دەدەنە بەر ئێکس ئاڕ، هیچ دەرناکەوێ، ئەو جەستەیەی ئەو هەمیشە ببوو بە گرفت، بەتایبەت کاتێ بەنێو کۆنترۆڵەکاندا دەڕۆیشت، سەرباری ئەوەش هەمیشە بەتەریبی لەگەڵ رێگاکان دەکەوتە رێ، لەسەر هێڵە راستەکان لای نەدەدا، لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلیش هەروا بە هێمنی دەیڕوانییە ئەو هێڵە سپییانەی قەراخ شەقامەکانی رازاندبووەوە، ئێواران کە لە پیاسە دەگەڕایەوە، تەماشای ئەو هەموو پۆلیسەی دەکرد، پاش ١١ سێپتێمبەر ئەم شەقامەیان تەنیبوو، دیمەنی قژ و شێوە و رووخساری رێک لەو وێنانە دەچوو، پاش رووداوەکەی مانهاتن پۆلیسی ئەوروپا وێنەکەیان خستە سەر تەلەفزیۆن و لە چەند رۆژنامەیەکی ناوەخۆ بڵاویان کردەوە، کاتێ زانییان ئەوە هەڵەیەکی تەکنیکی بوو رەدووی نەکەوتن، پاش ئەوەش داوای لێبووردنیان لێ کرد، حەقی ئەو ناوزڕاندنە هیچی وەرنەگرت، ئاگاداری یاساکانی ئەو وڵاتە نەبوو، پاش ئەوەش خۆی بەهەر شوێن و جێگایەک و پۆست و نەخۆشخانە و قوتابخانە و بەنزینخانە و سوپەرمارکێتێکدا دەکرد، بە چاوێکی تایبەت لێیان دەڕوانی، ئەو رێک لەو رۆژەش لەدایک ببوو، ١٩٧١/١١/١١، بە هەموو رێگایەک دەڕۆیشت دوو چاو لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکانەوە لێیان دەڕوانی، تەنانەتماڵەکەی خۆشی، زۆرجار کاتێ هاوڕێکانی بە پێکەنینەوە لێیان دەپرسی لە چ خانوویەکی دەیگووت ئەوەی کەوتووەتە نێو دوو شەقامەکەوە، بە تەنیشتی یەکەوە هەموو ئەو شەقامانە دروست کرابوون. ئەو رۆژەی هاتەوە سلێمانی تەنیا لەبەر راپۆرتەکەی هۆڵەندا ١٠ رۆژ لە ئاسایش مایەوە، پاش ئەوەش بەردەوام داوایان لێ دەکرد سەردانیان بکات، زۆر لێی توڕەبوون، ئاسایشەکانیش قینیان لە روانینە لارەکانی بوو، کەس لە ئاسایشی سلێمانی بڕوای پێ نەدەکرد کە ئەو پێشمەرگەی دێرین بووە، لەبەر بچووکیی تەمەنی، بۆی نەبوو بچێتە دەرەوەی کوردستان. هەموو جار وەک چۆلەکە سەری لەژێر باڵەکانی خۆی دەشاردەوە تا ئەوەندە پرسیاری لێ نەکەن، ئەو رۆژەی خۆشەویستەکەی لێی تۆرا، هەردوو قەڵەمەکەی دایەوە دەستی ئەو قەڵەمانەی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ بەسەر گەورەترین بیرەوەریی پێی دابوو، بیرەوەریی ئەو دوو خۆشەویستەی لە شەقامی ٣٣ بەرامبەر بە ١٢١ کەس هەردووکیان لە لایەن شۆڕشگێڕە مارکسیستەکانەوە گوللەباران کران، ئەو دوو قەڵەمەی هەردووکیان پشتیان کردبووە یەکتری و دوو رستەیان بۆ یەکتری نووسی، پاشان هەردوو رستەکەی لەتەنیشت یەکەوە

داناو پەیمانیان دا تا ئەو یادەیان لە دڵ مابێ ئەو رستانەش بمێنن، دواجار کە قەڵەمەکەی لە خۆشەویستەکەی وەرگرتەوە لەو ڕۆژە بەدواوە هیچ رستەیەکی نەبینی. سەری وەک بەفر سارد بوو بەهیچ شتێک تووڕە نەدەبوو، ئێواران بە دوو گالیسکەی بەستراو بەپشتی گایەکی زەبەلاح خۆی بە کۆلاناندا شۆڕ دەکردەوە، گەڕەک لەمبەر و ئەوبەری یەکتری دەوەستان و پێی پێدەکەنین، ئەو پیاوە ئەوە ٢ ڕۆژ و ٢٢ کاتژمێژە بەسەر پشتی ئەو گالیسکەیە و ئەو گا زەبەلاحە رایدەکێشێ، "ئێ خۆ پارەشی هەیە، مازدایەک یان تۆیۆتایەک بۆ ناکڕێ، خۆ هەر دوو دەفتەر و یانزە وەرەقەی تێدەچێ"، ئەو ڕۆژەشی بینی، کە ئیتر هیچ کەسێک ئاوڕی لێ ناداتەوە و خۆشەویستەکەی وازی لێ هێناوە و گاکەش ئەو تاقەتەی نەماوە گالیسکەکەی بۆ راکێشێ، بۆیە بڕیاری دا ببێ بە نووسەر، بوون بە نووسەر لە کەللەی دابوو، بە هەموو گەڕەکەکەدا گەڕا کەسی نەدۆزییەوە بزانێ نووسەری چییە، تەنیا ئەوەندەی بیست بۆئەوەی ببی بە نووسەر دەبێ کتێب زۆر بخوێنیتەوە، کە ئەم وشەیەی هاتەوە یاد، لەبەردەم خۆی وەستا و ئاوڕێکی لە قاسەکەی پشتی سەری دایەوە، قسەکەی باوکی بیرکەوتەوە "ئەو قاسەیە بۆ ئایندە بەکاربهێنە، ژنی پێ بهێنە، خانوویەک یان ئەرزەیەکی پێ بکڕە، ئەگەر ئەوانەشت نەکرد بۆ ئەودنیا مزگەوتێکی لێ دروست بکە". پارەکەی دەرهێنا ١٤ دەفتەر بوو، ٣ دەفتەری گەڕانەوە نێو قاسەکە و یانزەکەی تری هەڵگرت و لە دەرگاکە چووە دەرەوە، گەیشتە ئەوپەڕی شەقامەکە و بیری کەوتەوە کتێبخانەیەک لە شەقامی کاوە هەیە، رۆیشت تا گەیشتە شەقامەکە و سەلاحی بینی، سەلاح خاوەنی کتێبخانەکە هەمیشە مۆڕەی دەکرد و نەیدەزانی پێکەنین چییە، کە ئەمی بینی گۆشەکانی لێوی لەملاو ئەولاوە سەرو دوو هێڵی ستوونیان پێشان دا:

"یانزە دەفتەرم بۆ هێناوی تا یارمەتیم بدەی ببمە نووسەر، بوون بە نووسەر بۆ من ئەوپەڕی بڕوا و بڕیاردانمە". کە بیرێکی کردەوە پێکەنینی بەخۆی هات کە دەبێ لە کۆتاییدا ببێ بەچی، نووسەرەکان هەر هەموویان لە چایخانەی شەعب خەریکی چا خواردنەوە و دۆمینەکردنن، پاش ئەوەی پارەکەی دایە کتێبفرۆشەکە، تەماشایەکی چایخانەکەی کرد، بزەیەک گرتی و حەمید رێبوار و بەکر عەلی بیرکەوتەوە، هیچیان نەماون، یەکێکیان بەئالۆزیی کوژرا و ئەوی تر هەژاریی کوشتی، لەبەرخۆیەوە ئەوەشی بیرکەوتەوە "هەندێ جار نووسەری خۆشە، خەڵکی لە کۆڕەکاندا چەپڵەت بۆ لێ دەدەن، ئەگەر زۆر قسەکانیشت ناوی فەیلەسووفە زلەکانی تێدا بێ، ئەوە خەڵکی لێت دەترسن و رەخنەشت لێ ناگرن"،

سەیرێکی کتێبی سەر شەقامەکانی کرد، ئەو برە نووسەرەی بیرکەوتەوە کە سەروگوێلاکی کابرایەکیان خەڵتانی خوێن کردبوو، چوون پێی وتبوون ئێوە سەلەفین"، لە بەرخۆیەوە گوتی "لەو کۆڕانەشدا خەڵکی ڕێک چاوەکانت تێ دەبڕن و ئەگەر شانست هەبێ، ئەوە کچۆڵەیەکی شاعیریش دەبێتە هاوڕێت تا جارجارە یارمەتی بدەی و شیعرەکانی بۆ بڵاو بکەیتەوە و جارجاریش مەمکۆڵەکانی بۆ بگووشی".

بۆئەوەی لە ژوورەکەیدا جێگای ئەو هەموو کتێبانە بکاتەوە، پێویستی بە دروستکردنی ٢٤٢ ڕەفە هەبوو، دەستی برد، یەکێ لە کتێبەکانی دەرهێنا و دەستی بە خوێندنەوە کرد، پاش مانەوەی بۆ ماوەی ٩ هەزار و ٨٥٦ ڕۆژ لە ژوورەوە توانی ٢٨٩٦ کتێب بخوێنێتەوە و گەیشتە ئەوەی بگاتە ٢٨٩٧ لە دەرگایان دا، تەماشای کرد هەردوو دراوسێکەی ئەملاو ئەولا هاتوون جەژنە پیرۆزەی لێ بکەن.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین جار بە شەقامەکەی تەنیشی ماڵیان پیاسەیەکی کرد، هەستی نەکرد بووە بە نووسەر، هیچ ئیلهامێکی بۆ نەهات، پەنجەکانی سڕببوون، بە تایبەت پەنجەی شایەتمان و پەنجە کەڵەی، هیچ هەستێکی نەدەکرد کە دەستەکانی قورسن، وردە وردە لە کۆڵانەکە چووە خوارەوە، گەیشتەوە بەردەم چایخانەی شەعب هەر پێکەنی، پێکەنینێک هەرچی لەو دەورە هەبوو لێیان ڕووانی.

ئێوارە، کتێبەکانی تەنیا بە دوو دەفتەر فرۆشتەوە، ڕەفەکانیشی کردە کەپرێک و ٥ مریشک و ٦ قەلی لەژێر بەخێوکرد، ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار ژوورەکەی بینی چۆڵ بووە، بیری کتێبەکانی دەکرد، بەتایبەت کەسایەتیی چیرۆکەکانی گابریال گارسیا مارکیز و ئانا کارنینای تۆڵستۆی و ئیڤانی برایانی کارامازۆفی دیستیۆفسکی هەمیشە لە مێشکی ئەودا بوون، جارجاریش بیری شیعرەکانی سەلاح محەمەدی دەکرد. ئەو زۆر لە ئیڤانی پاڵەوانی برایانی کارامازۆف دەچوو، تەواو وەکو ئەو دڵنیا نەبوو، لە ژیانیدا چی چاوەڕوانی دەکات، چی دەوێ و بەرەو کوێ دەیەوێ بگات. تەنیا ٢ هاوڕێی هەبوو یەکێکیان شاعیر بوو، ئەوی تریش دز، شاعیرەکە خیانەتی لێ کرد و خۆشەویستەکەی لە دەست کردەوە، دزەکەش لە شەڕی نێوان هۆزەکەی ئەو و هۆزەکەی تەنیشتی گووندە کۆنەکەیان بوو بە کەفیلی، ئێستە دزەکە لە پاریس لە مۆزەخانەی لۆڤەر ئەو پارچە کۆنانە چاک دەکاتەوە کە زیانیان بەرکەوتووە. ئەو دزە بوو بە کەفیلی شاعیریک کە پاشان خیانەتی لێ کرد.

چووە لای کابرای دەستگرەوە، بۆئەوەی لێی بپرسێ چی بکات، دەستەکانیش هێڵەکانی لە سووتانی گوندەکەیان سڕابووەوە کابرای فاڵچی سەری لە هیچ دەرنەکرد و نەیتوانی پێشبینی بۆ بکات، دواجار بەو دوو دەفتەرەی مابوو بڕیاریدا دوا پڕۆژەی خۆی بکات. کە بە ڕێگاکاندا دەڕۆیشت و بیری لە دوا پڕۆژەی دەکردەوە، چاوی بە وێنەی ئەو شاعیرە کەوت لە پاریس بە ساختە بڕوانامەیەکی هێنا و پاشان لە کوردستان بوو بە دکتۆر.

٤ جار لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ئەوروپا سەرنەکەوت، پێنجەم جار گەیشتە شاری ئویترێخت، ئەو شارەی قەیسەری رووسیا تێیدا چاوی بە پاشای هۆڵەندا کەوت و بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێ کەشتی جەنگی لە هۆڵەندییەکان کڕی، لەوێدا کەس جێگەی نەکردەوە، لەگەڵ حەشیشخۆرەکان چەند شەوێ مایەوە، دواجار پۆلیس رەوانەی کەمپی ئاوارەکانی کرد.

دوا خەون کە بینی، زۆر ترسا بۆ یەکەمین جار هەستی کرد ترس سواری سەری بووە، سبەی خەونەکەی بۆ دراوسێکەیان گێڕایەوە، ئەویش نەسیحەتی کرد، کە نوێژ بکات، بەڵام ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێ رۆژێ لە رۆژان نوێژ بکات، دواجار کە دراوسێکەیان ئەوەی پێ گوت، خەونەکەی بیرکەوتەوە، لەنێو چاڵێکی درێژدا راکشاوە هەر ئەو نییە، ٤٣ کەسی تر بە تەنیشتی یەکەوە راکشاون، هەر هەموویان یەک شێوە پێڵاویان لەپێیە، چاڵەکەش یەک رەنگی هەیە، زۆر رەنگەکەشی لە رەنگی تابلۆکەی رامبرانت "گەڕانەوەی کوڕە ونبووەکە" دەچێ، هەموویان پێکەوە هەناسە دەدەن و هەناسە وەردەگرن، دەرگای چاڵەکە دادەخرێ و وردە وردە هەناسەکان کەم دەبنەوە، دەڕوانێتە ئەملا مەرگ و ئەولا مەرگ، هەناسەی تەنگ دەبێ، تەنگ دەبێ، تەنگ دەبێ تا لە مەرگ نیزیک دەبێتەوە، ئەو کاتەی رۆحی خەریکی دەرچوونە هاوارێکی گەورە لە خەو رایدەپەڕێنێ.

سبەینێ پارەکانی دەداتە مەلا مەسعوود بۆئەوەی مزگەوتی پێ دروست بکات، مەلا مەسعوود کتێبەکەی دەکاتەوە و ناوی ئەو لە رێزی یانزەهەمین کەس دەنووسێ، داوا لە مەلا مەسعوود دەکا شوێنی ناوەکەی بگۆڕێ و ژمارەیەکی تری بداتێ، ئەویش رازی نابێ و دەڵێ: (ئەوە حەرامە و غەدرە دەرهەق بە کەسانی نائامادە، ئەو کەسانەشی کە غەدر دەکەن خودا لەو دنیا عەزابیان دەدات)، دەڕوا و پارەکانی دەداتە رێکخراوی کورتەباڵاکان، دوای چەند رۆژێک وێنەکەی خۆی بەسەر باڵەخانەی رێکخراوەکە دەبینێ و ناوی ئەویشیان لەسەر تابلۆیەکی گەورەی ناونیشانی رێکخراوەکە نووسیوە.

هەموو رۆژێ خەون بە شتی گەورەوە دەبینێ، هیچ خەونێ نایکاتە کۆلارە تەنیا ئەوەی بۆ دوایین جار سەرێک بخاتە سەر هەردوو رانی خۆشەویستەکەی، بەڵام کە چاو دەکاتەوە تەماشا دەکات لە هەمان بەندیخانەیە کە ئامادەیان کردووە بۆ ناردنەوە، لەنێوان هەردوو شیشە ستوونییەکەی بەرامبەری، راوەستاوە و پۆلیسە بەرگ شین و قژزەردەکان دەستی دەگرن و دەیبەن لەنێو فڕۆکەکەدا بە تەنیا دایدەنێن، فڕۆکەکە راستەوخۆ لە فڕۆکەخانەی هەولێر دادەبەزێ، پۆلیسەکان تا دوا جار فڕۆکەکە دەڕوا رادەوەستن.

هۆڵەندا
٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# ئیتر هەتاهەتایە مەیەرە نێو خەونەکانمەوە

ئەدیب نادر

تەمبەڵیی دوێنێکان تۆی کرد بە فیشەکێک، ئەم دیارە دوورەیش نیشانە یاخود سێرەیەک بوو، کە پێکات ئەوسا بۆت دەرکەوت کە لەسەر زەمینێکی غەوارەدا هەموو شتێک واز لە رەسەنایەتی خۆی دەهێنێت و بەهاو مانا کۆن و سەقامگیرەکانی لەخۆ دەتەکێنێت و یەکەم شتیش کە بەم دەردەچوو چەمکی باوک بوو.. رێک باوەڕیشت بە باوەپیارەبوونی هێنا، پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام گەیاندیتییە ئەم باوەڕەی کە لە ئاستیا هەموو شتەکان هەرەسیان هێنا. ئەوەی کە تۆ ئەنجامتدا تەنها تەنهاو تەنها شتێک بوو، ئەویش، تاراوگەکەی خۆتت دەستەبەر کرد. سەرەڕۆیی و پڕکێشی درەوشەدارترین شتگەل نەبوون لە ژیانتدا، گەورەترین تاسەیشت ئەوە نەبوو کە ببیتە سندیبادی بێ سەقامی دەورانێک و گەشتە پڕ ئەفسوون و عاجباتییەکانت کۆتاییان پێ حەیف بێت و عومری خدرێک، خدرێکی جاویدان بکەیتە ژۆڕناڵی بێشووماری سەر گوزەشتە سەیروسەمەرەکانت.. بەڵام شتێکی هاوشێوەی ئەو بابەتە هاتەدی. دۆزینەوەی تاراوگە لەناو داڵانە نووتەکەکانی دنیادا یەکێک بوو لە گەشتە پڕچەرمەسەری و جیددییەکان، کە هێشتاکێ لە کۆتاییهاتنی دڵنیا نیت، بەڵێ یەکێک بوو لە گەشتە هەرە سەرسەختەکانی پاش دەرک کردنت بە نوشووستییە پەی دەر پەییەکانی

ئەویَ. ئیدی کاتێکی زۆر تاقگەی تەمەنیان جێهێشتبوویت و پتر لە نیوەی داچۆڕابووە نێو دەریای عەدەممەوە. تۆیش تەنها یەک پرسیار تەنگی پێت هەڵدەچنی و ئاوەزی کردبوویتە گۆڕەپانی شەڕوشۆڕ، ئاخۆ لە شێتی بترازیَ بەکەڵکی چی ماویت؟

بێگومان کەم و کاستییە زۆر و بۆرەکانی سەروبەندی زاڕۆڵەیی وای لیَ کردیت کە لە سەردەمێکی زۆر زووەوە تەقەللای ئەوە بدەیت خۆت لە قەرەی ئەو شتانەوە بدەیت کە لە خۆت گەورەتر بن، جگە لەوە حەزیشت زۆر لەوە دەکرد دەوروبەر لەژێر هەژموونتدا بێت و پێت کارتێکراو بێت، تەنانەت شتە کرەک و زیندووەکانیش گوێت بۆ ڕادێرن. لەگەڵ ئەوەیشدا، خۆت لە هەڵدێرەکانی تەنیایی و بێدەنگییە خەرمانداڕەکانتدا بیرت لەوە دەکردەوە کە بەبیَ کەریزمایەکی تۆخ ئەو شتانەت چۆن مایە دەگرن و دەرسکێن؟ وەلیَ لەویَ لە ژیاندا کەریزما لەکویَ دەستەبەر دەکرێت، لەکویَ؟ سەرباریش، یانی سەرباری دەستەبەر نەکردنیشی بێوچان ئاوەزت لە گۆڕینی هەموو شتێکەوە دەگەوزاند، ئەوەت لەسەر پەڕەی کتێبەکاندا موتاڵا کردبوو کە مرۆڤ سەرمایەیەکی بێهاوتایە، بۆیە واتدەزانی ئەو ڕستەیە دەتوانیَ ببێتە سۆنگەی بەتینی گۆڕانە مەزنەکان! سەرومڕ لەوە تێدەفکریت کە گۆڕانەکان لە ڕەهەندێکی رووکارانەوە بازرەقە دەبەستن و شۆڕابە دەکەنە ناوەوەی شتەکان و ئاوەژوویان دەکەنەوە، هەڵیان دەگێڕنەوە، بۆئەوەی تۆزیک لە خۆیان دوورکەونەوە و لەگەڵ کرەکیدا مەودا وەربگرن پتر بیرت لە گۆڕانی ژیانی ماتەریاڵی دەکردەوە و جاربەجارێکیش دەتگووت: ژیانی مانەوییانە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە مادديیەیە کە ئابلۆوقەی داوین. پاشان کە قووڵ لە هزر ڕۆدەچوویت ئێوارە دوورەکان بەرجەستە دەبوونەوە، یادەوەرییەکان دنیایان دەهێنایەوە یادت، دنیایەک کە هەتا ئێستا پارێزگاری بەترسناکیی خۆیەوە دەکات.. چونکە خەرجییەکەت دەدا بە چەردەیەک کاغەزی ڕەشکراوە-وەکو ئەوەی باوکت دەیووت- شەپازللەکان دادەبارین، جوێن و سووکایەتییە دزێوەکان هەڵدەوەرین، پڕ بە ماڵە بچووکەکەتان دەینەڕاند و دەیشیتاند: "کتێبی عیشقم بۆ دەخوێنیتەوە"، بەرلەوەیش کە ببێتە خووخدەی ئەو، هێندە ئاڵوەداو سەرگەرمی خوێندنەوە و ئەو شتانە نە ببوویت و نەتدەزانی دواتر دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆشنبیری و فەرهەنگ شارستانییەت پێکدەهێنن، بەڵام ئەو هەڵسوکەوتە پڕاوپڕ لە نەفرینە بوو بە خولیا و مۆرکی لەسەر چڵەپۆپەی کەسکی نیهاڵەکەی ڕۆحتدا

بەجێهێشت، ئیتر بوو بە جۆرە بەرهەڵستی و یاخیبوونێکی کەللە شەق و لکا بە ژیانە پەراوێزییەکەتەوە. ئیدی لە دنیای گۆشەگیریدا دەتخوێندەوە و دەتخوێندەوە، دەتویست لەو ڕێگایەوە ڕاستییەکان بزانیت، چونکە دەتزانی کە دەبێتە هۆی زانین و ناسینی خود، ئینجا لەگەڵ بەردەوامبووندا، بەردەوامبوون لەگەڵ خودێکی جیاوازدا هەستت بە مانای پشووەکانت دەکرد، گرنگتر دەهاتە بەر چاوت، گرەویدەی ئەو ئومێدە بوویت کە ڕۆژێک ڕووپەڕە پێوارەکانی ئەودیو زیندەگیش هەڵبدەیتەوە و بتوانیت ئاقاری شتەکان بگۆڕیت، دەست بەسەر پرچی وەرزەکاندا بهێنێت و دنەیان بدەیت تا بەروبوومیان زۆر و پیت و بەرەکەتیان زەوەند بێت و سایە بەسەر هەموو شوێنێکی ژیاندا بکەن. بۆ وەڵام دەگەڕایت، چونکە دەتزانی پرسیاری داینەمۆی داهێنان و گۆڕانکارییەکانە، ئەو هەموو شتانەیش کە لەبەر کۆمەڵێک هۆی بێشوومار نەتتوانی بیانگۆڕیت، ئاوەز دەرخواستی ئەوەی لێکردیت قبووڵیان بکەیت، قبووڵکردنیش خواردنەوەی ژەهراوی ملکەچی بوو.. ئیدی ئەوەی وای کرد کە هێدی هێدی دەستبەرداری جیهان بیت و ڕوانگە و دیدت بچووک و بچووکتر کردەوە، بچووک و بچووکتر، هەتا کەوتیتە نێو یەک وار، ئینجا کەوتیتە نێو تەنها شارێک و ئینجا کەوتیتە نێو گەڕەکێک و ئەوسا تاقە یەک کووچە و دواییش تاقە یەک ماڵ.. ئیتر خۆت بە خەڵکی ئەو ماڵە، شارە، وڵاتە نەدەزانی، تەنانەت بەرامبەر بە جیهانیش داخرایت و هەستت بەوە کرد ئەم جیهانەیش جیهانی تۆ نییە.. ئەو هەمیشە ڕووتی دەکردیتەوە، هەرگیز نەیدەویست لە هیچ ڕوویەکەوە لەو باشتر بیت، لەو پۆشتەتر بیت، تا هەمیشە گرەویدەی شەفەقەکانی ئەو بیت.. ئیدی هەستەوەرییەکەت بوو بە هۆی ئەوەی کە قەشمەریی بە ئەقڵێک بکەیت، یاخود ڕاستتر گوزارەی لێبکرێت دەستبەردای بیت، کە لە ماڵی یاخیبوون بێبەریت دەکات. نەتتوانی ئۆقرە بگریت، ئامێزی ڕێگەکان بۆ نێوی سەبووری و دوایی نەهاتنی خۆیان داوەتیان کردیت. کەوتیتە سەر پیادەڕۆ ماندوونەناسەکان، پرسیارە تەمومژاویی و پەیدەرپەیەکانت بچووک و ناچیزە بوونەوە، بچووکتر لەوەی پەییان پێ ببرێت تا ئەوەی خەریک بوو لە چاو ون بن، بەڵام دنیاییەکی دژوارو بێبەزەییتر، دنیای ناوەوە، هەڵیلوشیت و سەرلەنوێ پرسیارەکانت چرۆیان کردەوە، بۆئەوەی دووبارە هەڵپرووکان لە بۆسەدا چاوەڕێیان بکات.

زوو، کە جحێڵ بوویت لە فەنتازیاکانتدا((ئەستەم))کێشی نەبوو، کەچی

ئێستا شتێکی دیکە بوو، لە دیدێکی دیکەوە شتەکانت دەبینی و هەڵت دەسەنگاندن، دەتبینی و درکت پێ دەکردن، ئێرە چەندە جێگایەکی دڵڕەقە و چۆن بوونت لە بۆتەیدا دەڕەتێتەوە.. هەرخۆت دەزانیت! سەردەمێک بوو، هەموو رۆژێک لەسەر شۆستەکاندا خەونە تەڕەکانی خۆت وشک دەکردەوە، رادەوەستایت پارچە درەوشەدارەکانی هەتاوت کۆدەکردەوە و دەتکردن بە چارداخی رووناکی و لەژێریدا کرۆشکەت دەکرد، لەو باوەڕەدا بوویت کە هیچ بوونەوەرێک هێندەی تۆ پێویستی بە گەرمی و تینی ئەو ئەستێرە دوورە نییە، هیچ کەسێکیش بەقەد تۆ دڵسۆزی ئەو لیزگە پەرشوبڵاوانە نییە کە دەیاندەیت لە بێژنگی بەژنە بوودەڵەکەت. بەیانییەکان دەهاتن و ئومێدە تازەکانیش مەنگی ژیانە لەگۆڕاننەهاتووەکە ئاوای دەکردن، نەخشەکانی کەڵکەڵە شت بە هیچ کلۆجێک لەگەڵیاندا هاوتەبا نەدەبوون. هەر لە دابڕانێکی سەمەرە و کرێتی شیزۆفرینیا دەچوون.. تۆ لیرە بوویت کەچی بەشێکی دیکەت، کۆپییەکی خەواڵووت لەوێ نەهاتوودایە!! وەکو فۆرمێکی ئامادە بەرەو ماناو ناوەڕۆک دەچوویت، ناوەڕۆکیش لەسەر زەمینی سەمەرەکانی داهاتوودا بوو، بیریت لەو پەندە نەدەکردەوە یاخود باوەڕت پێی نەبوو کە دەیگووت: ((ئەوەی پێشینەی نەبێت، پاشینەیشی نابێت))، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوویت کە دەتوانی لە هیچەوە دەست پێ بکەیت و ئایندەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەدی بهێنیت.. ئاوا دە ئاخاوتی، هەڵت دەکرد، دەکەوتیتە لێ خوردبوونەوە، ئاوێتەبوونی شتەکان و نەمانی جیاوازییەکانت نیاز بوو، لە دنیایەکی دیدا بە شتەکان ئاشنا دەبوویت، دنیایەکی پاکیزە، ئەو دیمەنانەت ئافەریدە دەکرد کە کامڵیی بەدی دەهێنا، بەڵام پاش تێپەڕبوونی سالانێکی وشک و برینگ، پاش سەنگوسووژێکی قووڵ و ئەزموونێکی بێ بەروبووم، گەیشتیتە ئەو بیروبۆچوونەی کە تازە مەودای ئەوە نەماوەتەوە هەتا پێشبینی و نوقلانە بۆ بەیانییە هاتووە جیاوازەکان لێ بدەیت، چیدیش هەوڵ نادەیت رۆحت بە ئاواڵەیی بهێڵیتەوە و لەو شتانە خورد بیتەوە کە چاو نایانبینێ، بەڵکو لە هەوڵی بینینی ئەو شتانەدا بوویت کە هەتا هەتایە نابینا بوون، هەتا هەتایشە نەدەکرا بینایان بکەیت.

ئیتر رۆژ چۆن بهاتبایە بەو گوێرەیە بەڕێت دەخست. لەبەر ئەوەیش کە وەکو نیهێنییەک سەیر دەکرایت زوو زوو قسەکەی ئەوت بۆ بەرجەستە دەبووەوە: ((ئەوەی نهێنییەک بپارێزێت...)) لە خۆت بوویت بە مەراق،

نەتزانی چۆنچۆنی دەکرێ خۆت بە لە نهێنی بوون و ئەو تێرامانانە بپارێزی و خودداری لەو تەماشاکردنانە بکەیت. زۆر نەبوو لە دنیای پایدۆزی کردبوو کە خەونێک داگیرکردیت، وەکو جاران کە چۆن هەوڵی دەدا غەدر بکات و تەسەووڕێکی ئەوتۆ بەرامبەر بدات کە غەدرلێکراوە، لە هەردوو بارەکەدا بەرامبەر زەرەرمەند بکات و بەدوای قەرەبوودا بگەڕێت، بەبێ ورتە دەستەکانی رایەڵ کرد.. لێکدانەوەی ئەوەت لەلا ئاشکرا بوو، دەیویست نوورێک پێدزە بکاتە نێو دنیا نووتەکەکەی، بەڵام چ نوورێک؟ پەیت پێ نەبرد.

لەو دنیایەدا کە بۆ تۆ بێجگە لە خەونە لەبارچووەکان شتێکی تر نەبوو بوویتە تەلیسمێکی لەشکان نەهاتوو، بوویتە نهێنییەک کە قۆزاخەیەکی تاریکی بەدەوری خۆیدا کێشابوو. مەردوومێک دەیانویست هاریکاریت بکەن، وەلێ یاخیبوونەکەت ئەوەندە ئەستەم و سەرکێش بوو، بەبێ هەڵاودێردن هەموو شتێکی رەت دەکردەوە، لە دەرەوە را، بێ ئامانج دەردەکەوت، کەچی لە ژوورەوە را هەڵگری گورزە تیشکێک بوو خۆشنوودی دەکردیت، چونکە لەدەرەوەی دادەبڕیت و دۆزەرەوەی وەڵامێک بوو بۆ هەزارەها پرسیاری پاکیزە، وەڵامێک کە رەنگە مرۆڤایەتی لە گۆکردن پێی سڵی کردبێتەوە.. کە بەو جادە ساردانەدا دەگوزەرای، دیقەتی چاوەکانت دەدا، دەتبینی کە چۆن وەکو ئاسەوارێکی مێژوویی سەرسامییان رەوانە دەکردی. دەیانبینیت کە چۆن رۆژنامە کەوناراو زۆرجار تەڕ و چەورەکانت تەی دەکرد و هەرگیز لە وشە پڕهەڵدێر و هەزار بە هەزار و سەرکەشەکان بێتاقەت نەدەبوویت. قژە درێژە دەروێشانەکەت گلۆڵە ببوو، نەتدەخەملاند چەنێک بوو جگە لە باراناو تەڕایی تری بەرنەکەوتبوو، ریش و سمێڵ و مووەکانی دفنت تێکقژاوبوون و لێوەکانت تیایاندا ون ببوون و بەسەر سینە ئاوەڵاکەتدا شۆڕ ببووەوە، جلەکانیشت لە ئەندازە بەدەر چڵک و قڕێژی زەمانە تێیان ورووکا بوو، دەست و پەنجەت بە چڕنووکە بۆرەکانتەوە گیانی زبڵدانەکانی شاریان تەی دەکرد و ئاوا ژەمە هەرزانەکانت مەیسەر دەبوون. هەر لەو هێدمە زۆرانەوەی کە هەر خۆت پێت دەزانین، ئەم گۆڕانە نابەجێیە روویدا، کە زۆرجار راشکاوانە دەخرایە ئەستۆی بێ ئاوەزەیی و گەمژەییەوە، کە تۆ لە خۆتدا شکت پێ نەدەبرد، ئیتر ژیان ئاوەها رادەبـوورد، کەس باکگراوەندی نەدەزانیت، جارێکیان تێپەڕیوێک لە نزیکتەوە بە یەکێکی دیکەی وت: ((لەوانەیە خۆیشی بەوە بزانێت کە بە ژیان مەحکوومە، یاخود

دەشێ رابردوویەکی سەیر و بە هەرەس قانگدراو لێوانلێوی رەتکردنەوە و یاخیبوونیان کردبێت!

مەحکووم بەوەی کە لێی بێبەرییە، مەحکووم بەوەی کە...)) قووڵ تەماشات کرد و تژی بووی لە خۆشی ئەوەی کە هیچ نیگایەک لەوە باشتر نەیتوانیوە رۆبچێتە جیهانە وێرانەکەتەوە و.. رۆژێکی تریش هەر ئەو تێپەڕیوە خۆی، لەگەڵ چەند کەسێکدا بەوێدا تێپەڕین و گوێبیستی ئەوە بووی دەیوت: ((بەوە دەچێ دنیای دەرەوە بۆ ئەو هیچ جۆرە بەهاو مانایەک نەبەخشێت. بەڕاستی بۆتە خولیام و دەمــەوێ شتێک زیاتر دەبارەی بزانم، گوێ لە باس و خواسی ڕابگرم، کەچی وێنەی پەنامەکییەکی بێهاوتا کەس شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانێت، دەڵێیت هەر لەوەتەی دنیا دنیایە لێرەیە و..)) هێشتا قسەی دی لە دەمیدا بوو کە هاوڕێ دەموقەپۆز ئەستوورەکەی وتی: ((تۆ بۆچی هێندە دڵسافی، ئەو کابرایە سیخوڕە.. بەو شێوە کلاسیکییەش کە زۆر دەمێکە ئاشکرایە، دەیەوێت خەڵک بخاتە سەر باوەڕی ئەوەی کە بیریان لای ئەو نەمێنێت و بەزەییان پێیدا بێتەوە.. بە کورتی خەفیەیە و بڕایەوە)). بیرکردنەوەی تۆ لەگەڵ ئەوەدا هاوتەریب نەبوو، دەرەنجامی تێهزرینت شتێکی دیکەی دەسەلماند، هەڵکردن و خەوتنی بەردەوامی سەر شۆستە میهرەبانەکانت، تێرامانی حەشامەتە ساردوسڕەکە بۆ ژەمە هەوانتەکانت، خۆتەڕکردن و رەنگە شوشتنت بە ئاوی باران و ڕچین خۆگەرم نەکردنەوەت، هۆکار بوون بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی تەواو جودا لەلاتدا سەرهەڵبدات و بڕسکێت، بیرۆکەی ئەوەی ئاخۆ دەشێت خۆت بەوانی دی بەراورد بکەیت و راستییەکانی ئاقڵیی خۆت درک پێ بکەیت؟ ئاخۆ دەشێ جارێک، تەنیا جارێک بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی کە بەئەقڵ گاڵتەوگەپ دەکەن، دان بەوەدا بنێیت کە شێتی؟ یان دان بەوەدا بنێیت کە بوویت بە خانەخوێی شێتی؟!

بەیانییەکی خۆڵەمێشیی قەڵەمڕەو بوو، بەو نیازەوە خۆت هاویشتە ئامێزی سۆزاداریی پیادەڕۆکان هەتا خەونەکەت بەکێش بکەیت. گرەویدەی ئەوە بوویت بەو زووە نیگای تەریووی چاوە هێشتا خەواڵووەکان بەسەر خۆتدا هەڵنشێنی. ئەم خەونەیشت هەر ئەو شاکەسی بوو، سەرزەنشتی کردی، وتی: بۆچی ئەو کیژەی کە لە وەسیەتەکەیدا بۆتی دەستنیشان کردبوو، نەتخواستبوو؟ تۆیش ئەوەت بە بیردا هات کە تەنانەت دەیەوێ لەناو خەونەکانتدا لەدایکبێتەوە و هەژموونی تەواوی بەسەردا هەبێت.

ئیدی قسەکانی لە بۆشایی ژیانتدا سەدایان دەدایەوە، تەنانەت ساتبەساتی کاتەکەتیان داگیر دەکرد. بینابیت لێڵ دەبوو، شتەکانت لە موگناتیسی بچکۆلەی هۆش و هزرت دەورووکاند، وێنەی درەختێکی پیر بێ جوولە لەنێو زەمینی چاوەڕوانیدا دەڕوایت، لە خەیاڵی ئەو بەیانییانەدا دەژیایت کە مەحاڵ بوو منالدانی ئەم زەمەنە پێیان ئاوس بێت، ئەو بەیانییانە ئێستاکە ئیدی وەکو تراویلکەیەکیان لێ هاتبوو، کە تۆ قەت پێ نەدەگەیشتی، یۆتۆپیایەکی رەنگاڵە و سەیر و عاجباتی بوو، لە سایەیەوە لەزەت و چەشەیەکی بێڕادە بازرەقەیان دەکردە نێو شادەمارەکانی گشت ئازای جەستە خەیالاوییەکەت. بۆیە کە رێبوارێک هات و وتی: ((پسمام ئەم خێرەم بۆ هێناویت))، کتوپڕ زانیت یەکێکە لەوانەی خەون بەو مردووانەوە دەبینن کە دەیانەوێ ژیانی ناو خەونەکانیشمان دەستەبەر بکەن، هەر کە چاوە وەنەوزەییەکانیان هەڵدەگلۆفن بیر لە تێرکردنی بەندەیەکی بەلەنگازی وەکو تۆ دەکەونەوە. لە راستیدا بەیانییەکان زۆر شت لە ناخیاندا حەشاردەدەن و زۆر شتیش تیایاندا روودەدات، لەوانە راچەنینی ئەو رێبوارەی کە هێشتا نەیدەزانی چل و ئەوەندە ساڵە بەیانییە زۆر ئاسایی و بێ رووداوەکان کۆدەکەیتەوە و دەیانخەیتە هەگبەی رابردوویەکی مەنگەوە، ئەوەی کە لەم تەمەنە دەوڵەمەندەدا فێربوویت، بە تاقە رستەیەک پێت راگەیاند، پێت وت: بیر لە خەڵکانێک نەکاتەوە کە یەزدانیان تووشی ئەمنیژیا بووە و... هەرگیز ناکەونە بیری.. هەر تەنها لەوە رامێنە کە من تاکێکم لەم جوگرافیا بچکۆلەیەدا دەمبینی، چەند ژەم دەرەقەتی ئەوە دێیت برسێتی من بڕەوێنیتەوە، یان چەند زستانی قارس و تووش دەتوانی رووت و ڕەجاڵیی بەژن و بالاّم دابپۆشیت؟ ئەویش نەیزانی لە کوێوە وەڵامت بۆ بهێنێ و پەشۆکاو لە چاو ونبوو.

ئیدی لەگەڵ رابوونی رۆژدا، سروەیەکی فێنک مێرووله دەخاتە گیانتەوە و لەنێو زبڵە کەڵەکەکانەوە چوست و چالاک دەردەکەویت، راڕیی و نیگەرانییەکی بێکۆتا سەرانسەری کیشوەری رۆحت دەتەنێتەوە، مەشقەلانی گومانێکی سەر و شوێن نادیار سەرتاپات لە سووتان دەگەوزێنێ و لە میانی غەوارەکانی ئەم جێگا دوورەدا هەست بە چەکەرە سیسبوون دەکەیت و وەکو لاولاوێک خۆت لە سەرسووڕمانە نادیارەکەتەوە دەئاڵێنی و لە بزربوون بەلەسە دەبیت، لە دەساژۆبوونیش رادەپسکێی، ئەنگوستەکانت دووبـارە باژێڵەی نێو تەنەکە خۆڵەکانی

بوون دەکەیتەوە، هەست بەوە دەکەیت کە ئادەمێکیت و ماڵئاواییت لە بەهەشتی یەقین کردووە و تووڕهەڵدرایتە نێو دۆزەخی بەدگومانییەوە، ئیتر بۆئەوەی ئەو نەبینی، خەویشت رەتکردەوە، قەدەرێک بەرهەڵستی ماندووبوونت کرد، بەڵام شکستت هێناو هاتەوە خەونت، بە تۆنێکی بەزیوو قسەی دەکرد، نەرم نەرم، بەو نەدەچوو، یەکسەر زانیت بۆچی بەو شێوەیە دەدوێت، زانیت کە درک بە مردنی خۆی دەکات و داخ و خەفەت بۆئەوەیش دەخوات کە لە ژیاندا نییە، هەتا وەکو پاتریارکێک با خێوێ، با نهێنی نەبێت، گیانت دەلەرزی، ئارەقەی دەردەدا، رەنگە قسەکەی زۆر بێ مانا یاخود ئاسایی بێت، کەچی دەتزانی لە بۆشایی ژیانتدا دەنگدەداتەوە، دەیشتزانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت! زەلیل خۆی پیشاندەدا، قێزەون بوو کە وتی: ((من قەرزارم.. زۆر قەرزارم..))، پەیجۆرەکەی ئەو شتێکی ساکار نەبوو، بەڵکو دەیویست رۆحت کە هەمیشە بێدەنگ بووە، بدوێنێ، تا لێبووردن گۆ بکات.. وەلێ تۆ ئیدی کە بەئاگاهاتبوویت و بەبێ خەونەکانت هەژار هەژار بە هەموو لایەکدا چەرخەت دەکرد، بڕیارت دا هەتا نۆرمەڵیی دەستبەر بکەیتەوە و ببیتە خودانی بەیانییە هاتووەکان، دەبێ خۆت بخەیتە بۆسەوە، چاوەڕوانی ئەوە بکەیت کە جارێکی تر بێتە خەونێکتەوە، چونکە دڵنیابووی کە ئەو پێویستی بە تۆ هەبوو، بێگومان هەردێت، ئەگەر نا، گۆڕستانێک، بەڵێ، دەبوو گۆڕستانێک بدۆزیتەوە و لەسەر یەکێک لە گۆڕەکاندا بوەستیت و بەبێ سازش و ئەملاوئەولا پێی بڵێیت: ((ئیتر هەتا هەتایە مەیەرە نێو خەونەکانمەوە..)).


هاوینی ٢٠٠٠/ لەندەن

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان


| | |
|---|---|
| بەردەوام لایەنگری هێلکەکەم | **محەمەد عەبدوڵڵا** |
| شیعر و ژیانی شیمبۆرسکا | **لەیلا ساڵحی** |
| دوو کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی سوێدی پێر لاگەرکڤیست | **کەریم تاقانە** |
| لەبەردەم یاسادا | **رەزا حەمە** |
| پیاوە دوور لە پێکەنینەکە | **سووسەن ئیسماعیلی نژاد** |
| تەمتوومان | **محەمەد هاشمی** |
| من کوردم | **کارزان محەمەد** |

# بەردەوام لایەنگری هێلکەکەم



هارۆکی مۆراکامی

**و. لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا**



**دەقی ئەو وتارەی کە نووسەرو رۆماننووسی یابانی هارۆکی مۆراکامی لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە قودس خوێندییەوە، کاتێک خەڵاتێکی ئەدەبیی بەرزی دەوڵەتی ئیسرائیلی پێ بەخشرا. مۆراکامی زۆری پێ وترا کە ئەو خەڵاتە وەرنەگرێت بەهۆی ئەو توندوتیژییە زۆرەی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە دژ بە هاوڵاتییانی سڤیل ئەنجامی دەدا، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر چوون بۆ ئیسرائیل و وەرگرتنی خەڵاتەکە، لەوێ وتارێکی خوێندەوەو ئیدانەی توندوتیژیی ئیسرائیلی کرد... زمانی وتارەکە کە پارچەیەکی ئەدەبی بوو، هەر هەمان زمانی رۆمانەکانی بوو کە تیایدا بەرپرسیارێتی رۆماننووسی دەرخستبوو بەرامبەر بە کۆمەڵگا. ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە.**

**بەردەوام لایەنگریی هێلکەکەم**

ئێواره باش. ئەمڕۆ وەک ڕۆماننووس هاتووم بۆ قودس، واتا وەک درۆ چنێکی کارامە.

بێگومان هەر ڕۆماننووسەکان نین کە درۆ هەڵدەبەستن، وەک هەمووومان دەزانین هەندێک لە سیاسەتمەدارانیش ئەوە دەکەن، هەروەک چۆن دبلۆماسیی و سەربازییەکانیش، دەم دەم درۆی تایبەت هەڵدەبەستن، هەروەها فرۆشیاری ئوتومبێلی بەکارهاتوو، لەحیمچییەکان و بیناسازەکانیش وادەکەن، بەڵام درۆی ڕۆماننووسەکان جیاوازە لە هەموو ئەوانی دیکە، بەجۆرێک کەس لە رووی ئەخلاقییەوە، بە هۆی درۆکانیانەوە سەرزەنشتییان ناکات، بەڵکو تاوەکو درۆکانیان گەورەتر و چاکتر بێت و بە داهێنانی زیاترەوە هەڵیانبەستن، بە هەمانشێوە ئەگەری ستایشکردنیان لەلایەن خەڵک و رەخنەگرانەوە زیاتر دەبێت. دەبێت هۆکاری ئەوە چی بێت؟

وەڵامەکەم بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

کاتێک ڕۆماننووس هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی درۆ شاخدارەکانی، واتە هەڵدەستێت بە داڕشتنی ڕووداوی خەیاڵکرد وەک ئەوەی راستیی بێت، بەمە راستیی دەهێنێتە شوێنێکی نویّ و ڕۆشنایی نوێی دەخاتە سەر، لە زوربەی حاڵەتەکانیشدا تاڕادەیەک مەحاڵە درک بە راستیی بکرێت لە فۆرمە رەسەنەکەیدا و بە وردیی وێنا بکرێت، هەر بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لە کلکەوە را بیگرین و راستیی پەلکێشی دەرەوەی ئەو شوێنە بکەین کە خۆی تێدا حەشار داوەو بیگوازینەوە بۆ شوێنێکی خەیاڵکرد و بیخەینە فۆرمێکی خەیاڵکراوەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمە پێویستە لە سەرەتادا روونی بکەینەوە کە راستی لە کوێماندایە، چونکە ئەوە مەرجێکی گرنگە بۆ هەڵبەستنی درۆی نویّ.

ئەمڕۆ نیازم نییە درۆ بکەم، هەوڵیش دەدەم بە پێی توانا راستگۆبم، لە ساڵدا ڕۆژانێکی کەم هەیە درۆ نەکەم، بڕوام وایە ئەمڕۆ یەکێکیانە.

لەبەرئەوە ڕێگەم بدەن راستیەکەتان پێبڵێم، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە یابان ئامۆژگارییان کردم نەیەم بۆ ئێرەو خەڵاتەکەی قودسیش قبوڵ نەکەم، هەروەک هەندێک ئاگادارییان کردمەوە کە ئەوان هانی بایکۆت کردنی کتێبەکانم دەدەن، ئەگەر بێتوو بێمە ئێرە. بێگومان هۆکارەکەشی ئەو شەڕە بێئامانەیە کە لە غەززە هەڵایساوەو نەتەوە یەککگرتووەکانیش رایگەیاند کەوا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە غەزەی گەمارۆدراو گیانیان لەدەست داوە کە زوربەیان هاوڵاتی سڤیل و منداڵ و پەککەوتووانن.

کاتێک بە خەڵاتەکەم زانی، چەندین جار لە خۆم پرسی کە ئایا سەفەر بۆ ئیسرائیل لە کاتێکی وادا و قبوڵکردنی خەڵاتێکی ئەدەبی کارێکی گونجاوە ئەنجامی بدەیت؟ ئایا ئەوە ئەو تێڕوانینە دروست ناکات کە من تەرەفگیریی لایەنێکی ئەو کێشەیە دەکەم و هاوسۆزی سیاسەتی وڵاتێکم کە جڵەوی بۆ هێزە سەربازییە تێکشکێنەرەکانی بەرەڵا کردووە؟ بە دڵنیاییەوە حەز ناکەم تێڕوانینی وا جێبهێڵم، چونکە من رام لەگەڵ هیچ شەڕێکدا نییەو پشتگیریی هیچ وڵاتێکیش ناکەم، بێگومان ناشمەوێت ببینم کتێبەکانم بایکۆت بکرێن.

بەڵام لە کۆتاییدا و دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بڕیارم دا بێمە ئێرە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بڕیارەم ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئامۆژگارییان کردم کە نەیەم، وەک زۆربەی رۆماننووسەکانی دیکە، منیش ئارەزووم لەوەیە تەواو پێچەوانەی ئەوە رەفتار بکەم کە پێم دەڵێن. ئەگەر خەڵک پێم بڵێن "مەچۆ بۆ ئەوێ" یان بڵێن "ئەوە مەکە"، ئەوا من ئارەزوومە "بچم بۆ ئەوێ" و "ئەوە بکەم". دەشێت بوترێت ئەمە سروشتی منە وەک رۆماننووس. رۆماننووسەکان رەچەڵەکێکی تایبەتن، چونکە ناتوانن متمانە بە راستی هیچ شتێک بکەن کە بە چاوی خۆیان نەیبینن و دەستی لێنەدەن.

لەبەرئەوە من لێرەم، ئەوەم هەڵبژارد کە بێم لە جیاتی ئەوەی دووربم، ویستم خۆم ببینم لە جیاتی ئەوەی نەبینم، ویستم بتاندوێنم لە جیاتی ئەوەی هیچ نەڵێم.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە لێرە بم تا پەیامێکی سیاسیی رابگەێنم. بە دڵنیاییەوە حوکمدان لە سەر راستیی و ناڕاستیی یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی رۆماننووس، بەڵام پێویستە لەسەر هەر نووسەرێک خۆی ئەو شێوازە هەڵبژێرێت کە بەهۆیەوە ئەو حوکمدانانەی پێ دەگوێزێتەوە، من وەک خۆم پێم باشترە کە بیانکەم بە چیرۆک، چیرۆکگەلێک بەرەو سورياليیەت، لەبەرئەوە من ئەمڕۆ حەزناکەم بەرامبەرتان بوەستم و پەیامێکی راستەوخۆی سیاسیی بدەم. بەڵام بە یارمەتی خۆتان رێگەم بدەن پەیامێکی زۆر کەسیی بگەیەنم، کە شتێکە بەردەوام لە زیهنمدایە کاتێک کە چیرۆک دەنووسم و هەرگیز پێشتر نەگەیشتومەتە ئەو رادەیەی لەسەر کاغەز بینووسم و بە دیوارێکدا هەڵیواسم، بەڵکو شتێکە لە دیواری مێشکمدا هەڵکۆڵراوە، ئەو شتەش ئەمەیە:

"کاتێک دیوارێکی بەرزو پتەو هەیەو هێلکەیەکی تێدا دەشکێت، ئەوا من بەردەوام لایەنگری هێلکەکەم".

بەڵێ. گرنگ نییە ئەو رادەیەی راستیی کە رەنگە دیوارەکە لە سەری بێت یان رادەیەی ئەو هەڵەیەی کە رەنگە هێلکەکە هەیبێت، من بەردەوام لایەنگری

هێلکەکەم و لەسەر ئەوانی دیکەش پێویستە بڕیار بدەن کامە راستییەو کامەش ناڕاستە، رەنگە کات یان مێژوو بڕیاردەر بێت. ئەگەر رۆماننووسێک بە هەر هۆیەکەوە کارێک بنووسێت کە لایەنگری دیوارەکە بێت، دەبێت بەهای ئەو کارە چۆن بێت؟

واتای ئەم لێکچواندنە چییە؟ لە هەندێک حاڵەتدا وادەردەکەوێت کە زۆر روون و سادە بێت. خومپارەو تانک و موشەک و بۆمبی فسفۆری سپی دیوارە بەرزە پتەوەکەن، هێلکەکەش ئەو هاولاتییە سڤیلانەیە کە تێکدەشکێن و دەسوتێن. ئەمە یەکێکە لە مانا راستەقینەکانی ئەو لێکچواندنە.

ئەوە هەموو شتێک نییە، چونکە لێکچواندنەکە هەڵگری واتای قوڵترە. بەم شێوازە بیربکەنەوە: هەریەکێک لە ئێمە بەرادەیەک هێلکەیە. هەریەکێک لە ئێمە رۆحێکی ناوازەیە کە لەو توێکڵە فشەڵەدا بەدیلی نییە. ئەمە بۆ من و بۆ هەریەکێک لە ئێوەش وایە. هەریەکێک لە ئێمە کەم تا زۆر رووبەڕووی دیوارێکی رەقی بەرز بوەتەوە، ئەو دیوارەش ناوێکی هەیە کە "سیستەم"ە. دەبوو "سیستەم" بیپاراستینایە، کەچی لە هەندێک کاتدا ژیانی تایبەتی بەدەستدەهێنێت و ئیتر دەستدەکات بە کوشتنمان و زۆر بەخەمساردی و کارایی و بەرنامە بۆ دارێژراوی هانمان دەدات بۆ کوشتنی کەسانی دیکە.

من تەنیا یەک هۆکارم هەیە بۆ نووسینی رۆمانەکانم، ئەویش ئەوەیە کە سەروەریی رۆحی تاکگەرایی بێنمەوە سەرەوەو تیشکی بخەمە سەر، ئامانجی هەر چیرۆکێک لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوەو هێشتنەوەی رۆشناییە لە سەر "سیستەم" بۆ رێگرتن لە پێوەبوونی رۆحمان بە داوییەوە. من تەواو بڕوام بەوەیە کە کاری رۆماننووسی ئەوەیە بەردەوام بیت لە هەوڵدان بۆ روونکردنەوەی تاکێتی رۆحی مرۆڤایەتی لە رێگەی نووسینی چیرۆکەوە، چیرۆکگەلێک لە بارەی ژیان و مردن، چیرۆکگەلێک لە بارەی خۆشەویستیی، چیرۆکگەلێک وا لە خەڵک بکات بگریەن و بلەرزێن لە ترسانداو بتریقێنەوە لە پێکەنیندا، لەبەرئەوە ئێمە رۆژ لە دوای رۆژ بەو پەڕی جدیی بوونەوە بەردەوام دەبین لە خوڵقاندنی چیرۆک.

ساڵی پار باوکم لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، مامۆستایەکی خانەنشین و پیاوێکی ئاینیی بووزی بوو. کاتێک کە لە زانکۆ لە کیۆتۆ خەریکی خوێندنی باڵابوو، راپێچی سەربازییان کرد و ناردیان بۆ چین بۆ شەڕ. کاتێک من منداڵێک بووم کە دوای جەنگ لە دایکبووبووم، واراهاتبووم هەموو بەیانییەک پێش نانخواردن دەمبینی نوێژی درێژی لەو گۆشە تایبەتەدا ئەنجامدەدا کە شوێنی پەرستشی بووزی بوو لە ماڵەکەماندا. جارێک لە بارەی هۆکاری ئەوەوە لێم پرسی،

وەلامیدامەوە کە ئەو نوێژ بۆ هەموو ئەوانە دەکات کە لە جەنگدا مردوون، بۆ هاوپەیمانان و دوژمنەکان وەک یەک. کاتێک لە پشتی چەماوەیم دەڕوانی لە کاتی نوێژ کردنەکانیدا، وام هەست دەکرد کە تارمایی مەرگم دەبینی دەوروخولی دەدا.

باوکم مرد و یادەوەرییەکانیشی لەگەڵ خۆی برد، ئەو یادەوەرییانەی ئیتر ناتوانم بیانزانم، بەڵام ئامادەگی مەرگ کە لە دەوری چاوی تێبڕیی بوو، لە یادەوەری مندا مایەوە، ئەوە یەکێکە لەو شتە کەمانەی لە باوکمەوە بۆم بەجێماوەو یەکێکە لە گرنگترینیان.

ئەمڕۆ تەنیا شتێکم هەیە و ئارەزوو دەکەم پێتانی بگەیەنم، ئێمە هەموومان ئادەمیزادین، تاکگەلێک رەگەز و رەچەڵەک و ئاین تێدەپەڕێنین و هەموومان هێلکەین، هەموومان هێلکەی فشەڵین و رووبەڕووی دیوارێکی پتەوین کە ناوی "سیستم"ە. هەرچۆنێکی لێیدەڕوانین پێناچێت هیوایەک بۆ سەرکەوتن هەبێت، چونکە دیوارەکە زۆر بەرزەو زۆر پتەوەو زۆر ساردە. ئەگەر هەر هیوایەکمان بە سەرکەوتن هەبێت، ئەوا نایەتە دی تەنیا بەهۆی باوەڕمانەوە نەبێت بە فەردانیەتی رەهاوە، باوەڕمان بە نەبوونی هیچ جێگرەوەیەکی رۆحمان و رۆحی کەسانی دیکە، هەروەها بەو گەرمییەی بەدەستی دێنین کاتێک هەمووان رۆحمان پێکەوە گرێدەدەین.

دەقیقەیەک بیر لـەوە بکەنەوە، هەریەکێک لە ئێمە رۆحێکی زیندووی هەستپێکراوی هەیە، "سیستم" شتێکی لەو جۆرەی نییە. نابێت رێگا بدەین "سیستم" بەکارمان بهێنێت. نابێت بهێڵین "سیستم" ژیانی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەوە "سیستم" نییە کە ئێمەی دروست کردووە، بەڵکو ئێمە "سیستم"مان دروستکردووە.

ئەمە هەموو ئەوەیە کە پێمبوو تا پێتابی بڵێم.

من سوپاسگوزارم کە خەڵاتی "قـودس"م بەدەستهێنا، سوپاسگوزارم کە کتێبەکانم لە زۆر بەشی جیهاندا دەخوێنرێنەوە، هەروەک سوپاسگوزارم بۆ خوێنەرانم لە ئیسرائیل. ئێوە گەورەترین هۆکاری ئامادەبوونمن لێرە، هیوادارم لە شتێکدا هاوبەش بین، شتێکی قووڵ لە واتادا. هەروەها شادمانم کە ئەمڕۆ دەرفەتم بۆ رەخسا قسەتان بۆ بکەم.

زۆر سوپاس.

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د.شادی حجازی
سەرچاوە:
http://www.hasanjp.com

شیعر و ژیانی

# شیمبۆرسکا



و. لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی

ویسواوا شیمبۆرسکا شاعیری ناسراوی لەهێستانی، دووی ژانوییەی ساڵی ١٩٢٣ لە ئاوایی "بنین" هەڵکەوتوو، لە رۆژئاوای لەهێستان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٣١ وێڕای بنەماڵەکەی روویان کردە شاری گەورەی "کراکوو". ویسواوا هەر لەو شارە خوێندنی سەرەتایی و کۆتایی و زانکۆی تەواوکرد. پاش وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانسی کۆمەڵناسی لە زانکۆی کراکوو، ساڵی ١٩٥٣ چالاکی رۆژنامەوانی لە حەفتەنامەی "ژیانی ئەدەبی" دا دەستپێکرد. شیمبۆرسکا تا ساڵی ١٩٨١ واتە تەمەنی ٥٨ ساڵان، بەڕیوەبردنی لاپەڕەکانی شیعری ئەو حەفتەنامەیەی لە ئەستۆ بوو. هاوکات لە گۆڤار و بڵاڤۆکەکانی دیکەش دا رەخنەی شیعر و چیرۆکی بڵاودەکردەوە.

ویسواوا لە سەردەمی لاوێتییەوە، دەستی کرد بە شیعر نووسین. یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی"بەو هۆیەیە دەژیم" لە ساڵی ١٩٥١ دا بڵاوکردەوە. پاش ئەو کتێبە چەند بەرهەمی دیکەشی بڵاوکردەوە کە بریتین لە:

چەند پرسیارێک لە خۆم (١٩٥٤)، هاوار بۆ بێتسی(١٩٦٣)، مرۆڤەکانی سەر پرد(١٩٨٦) و سەرەتا و کۆتایی(١٩٣٣). شیمبۆرسکا ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی پێ بەخشرا و بەو شێوەیە ناوبانگی جیهانی وەدەست هێنا. پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، شیعرەکانی بە ٣٧ زمانی جیهان وەرگێردران.

شیعری شیمبۆرسکا خاوەنی تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە، بە چەشنێک کە پاش خوێندنەوەی چەند شیعر، دەتوانین لە نێو کۆمەڵێک شیع دا بیان ناسینەوە. لە شیعری ئەودا هەموو شتێک کەسایەتی هەیە و هەموو کەسایەتییەکیش شاعیرانە بیری لێکراوەتەوەو نەخشێندراوە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین لە شیعری شیمبۆرسکادا هەموو شتیک سێبەری رەسەنایەتی وەسەر دەکشێ. روانینی ئەو بۆ شت، وشە و واتاکان، روانینێکی هەڵقولاو لە دیناوە؛ بە شێوەیەک کە دەیەوێت هەموو شتێک سەرلەنوێ بدۆزێتەوە. شیعری ئەو لە دۆزینەوەی سەرلەنوێی ئەو جیهانەدا دەنووسرێتەوە و پێکهاتە وەردەگرێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی شیمبۆرسکا، ئەوەیە کە رووداو و کارەساتە رۆژانەکان دەکێشێنە پانتایی شیعرەوە. ئەو رووداوانەی کە ئێمەمانان هەموو رۆژێک لەگەڵیان دەستەوئێخەین، بەڵام بە سارد و سڕی لە پەنایانەوە رادەبڕین و سەرنجیان نادەینێ. ئەگەرچی وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ژنانەیە؛ بەڵام شیمبۆرسکا لەو تایبەتمەندییە ژنانەیە کەڵک وەردەگرێت، دەیقۆزێتەوە و لەو رێیەوە روانینێکی قووڵ بە سەر بچووکترین بەشەکانی ژیاندا دەسەپێنێ.

شیمبۆرسکا شاعیرێکی ئاکارخوازە و تەنز پێگەیەکی تایبەتی لە شیعری ئەودا هەیە. شیعری شیمبۆرسکا لە سەر بنەمای ئەزموونە زۆر و زەوەندەکانی شیعری عاشقانەی لەهێستان هۆنراوەتەوە. لەبەرهەمە جیاوازەکانی ئەو شاعیرەدا، بەرپرسایەتی لە بەرانبەر بابەتە ئینسانی و ژانە کۆمەڵایەتییەکان، پلە و پایەیەکی بەرچاوی هەیە. شێمبۆرسکا ئێستاکە ٨٩ ساڵی تەمەنە و وەک وتوویانە " ژیان چ کورت بێ و چ درێژ/ ژیاننامە دەبی هەر کورت بێ." هەر بۆیە بە خوێندنەوەی شیعرە جیاوازەکانی کە هەم دەربڕین و هەم فۆرم و شێوەی چنینی وشەکانی نامۆ و تازەن، رەنگە زیاتر کەسایەتی و شێوە روانینی تایبەتی ئەومان بۆ دەرکەوێ. لە کۆتاییدا سەبارەت بە شیمبۆرسکا دەتوانین بڵێین کە ئەو شاعیرە دەربڕینێکی تازەی شاعیرانەی خستۆتە روو کە رەنگە نوێ بوونەکەی بۆ زۆر کەس چێژ بەخش بێ و بۆ زۆر کەسی دیکەش ببێتە مایەی سەرسووڕمان.

## ”ئەوین لە یەکەم نیگا دا“

**هەردووکیان پێیان وایە**
**کە هەستێک لە ناکاو پێکەوە گرێی داون**
**متمانەیەکی وا جوانە**
**بەڵام دڕدۆنگی جوانترە**

**چونکە پێشتر یەکترییان نەدەناسی**
**بە گومانیان قەت هیچ پێوەندێکیان نەبووە**
**بەڵام بۆچوونی شەقام و پلیکان و ئەو ڕێیانەی**
**کە ئەم دووانە لە ساڵانێکی پێشوو دا**
**لە پەنای یەک لێی رابردوون**
**دەبێ چی بێ؟**

**پێم خۆش بوو لێیان بپرسم**
**داخۆ وەبیر دەهێننەوە**
**ڕەنگە لە نێو دەرگایەکی نیوەئاواڵە**
**بۆ ساتێک ڕووبەڕووی یەکتر؟**

**یان گوتنی“ببوورن“ێک لە ناو قەرەباڵغی خەڵکدا؟**
**یان دەنگی ”ژمارەکەتان هەڵەگرتووە“ لە ناو تەلەفوونەکەدا؟**

**-بەڵام وەڵامیان دەزانم**
**نا، هیچیان بیر نایەتەوە**

**ڕەنگە زۆریان پێ سەیر با**
**ئەگەر بییانزانیبایە**
**ماوەیەکی درێژخایەن**
**گەپجاڕێک بوون**
**لە دەستی ڕێکەوتەکاندا.**

یەستا تەواو تەیار نەبووە
بۆیان ببێتە چارەنووس
کەچی لێکی دوور و نزیک دەکردنەوە
یان ڕێگەی پێدەگرتن و
بە بزەیەکی بزۆزەوە
تێدەپەڕی.
نیشانە و هێما گەلێک دەبێ هەبووبێ
-هەرچەندە لێل-
ڕەنگە سێ ساڵ لەمەوبەر
یان سێشەممۆی رابردوو
گەڵای دارێک لە سەر شانی یەکیانەوە
هەڵفڕیوە بۆ سەر شانی ئەویتریان.
ڕەنگە یەکیان شتێکی لێ ون بووبێت
ئەویتر دیتبێتیەوە و هەڵیگرتبێ.

چووزانم؟ و کێ دەزانێ؟
بڵێی تۆپێک لە ژێر نسێی بڕکەکانی منداڵی نەبووبێ؟

ئاڵقەرێز و زەنگی دەرگای واهەبووە
کە یەکیان دەستی وێکەوتوە و ساتێکی دی ئەویتریان
جانتاکانیان لە پەنا یەک لە عەمباردا

ڕەنگە شەوێک هەردووکیان خەونێکیان دیبێ
کە پاش هەستان خێرا لە بیر چووبێتەوە
لە ئاکامدا
هەر دەستپێکێک
تەنیا هەر درێژەیەکە و
کتێبی ڕێکەوتەکانیش
هەمیشە هەر لە نیوەڕا دەکرێتەوە.

## "وتووێژ لە گەڵ بەرد"

**تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم**
**-منم ئیزنم دە بێمە ژوور**
**دەمەوێ بچمە ناختەوە و**
**بڕوانمە ئەو دەوروبەرە**
**وەکوو هەوا هەڵتمژم.**

**-بڕۆ - بەرد وا دەڵێ**
**من بە تەواوی داخراوم**
**تەنانەت ئەگەر لەت لەت بین**
**هەر داخراو دەمێنینەوە**
**تەنانەت گەر ببینە خیز**
**هیچ کەس بۆ ناخمان ڕێ نادەین.**

**تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم**
**-منم، ئیزنم دە بێمە ژوور**
**تەنیا بە هۆی ورد بینی هاتووم.**
**وردبینییەک کە تەنیا دەرفەتی ژیانە.**

**دەمەوێ بڕوانمە کۆشکەکەت و**
**پاشان بچمە دیداری گەڵایەک و تنۆکێک ئاو**
**زەمان کەمە بۆ ئیشانە**
**دەبوو مەرگاوی بوونم کاری تێکردبای.**

**من لە جسنی بەردم - بەرد وا دەڵێ -**
**پێویستە هەور وا قورس بم**
**لێرە بڕۆ**
**من ئەندامی بزەم نییە.**

**تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم**

- منم ئیزنم دە بێمە ژوور
وەک بیستوومە هۆدە گەلێکی گەورە و چۆڵ لە تۆ دا هەن
هۆدەگەلێکی نەبەدی، بە جوانیەکی بێ کەڵکەوە
بێدەنگ، بێ خشپەی هەنگاوی کەسێک
دان بەوە دانێ
کە خۆت شتێکی وای لێنازانی.

هۆدە گەلێکی گەورە و چۆڵ! - بەرد وا دەڵێ -
بەلام لەواندا شوێنێک بوونی نییە
رەنگە جوان بن، بەلام
بەدەر لە هەستی کورت و کۆڵی تۆ.
رەنگە بتوانی بمناسی، بەلام قەت تەجرەبەم ناکەی
گشت دەرەوەم لە بەر چاوتە
بەلام دەروونم ئاوەژوو.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
- منم ئیزنم دە بێمە ژوور
- بە شوێن داڵدەیەکی هەمیشەییەوە نیم لە تۆدا
رۆژە رەش نیم
بێ خان و لان نیم
پێم خۆشە سەر لە نوێ بگەڕێمەوە ئەو جیهانەی کە تێی دام
بە دەستی بەتاڵ دێمە ژوور، هەر بە دەستی بەتاڵیش وەدەر دەکەوم.
پاشان بۆ سەلماندنی ئەوەی بۆ ساتێک
من لە تۆ دا ئامادە بووم
جگە لە وشە گەلێک کە کەس نایان سەلمێنێ
هیچم نییە بە دەستەوەی دەم.

ئیزنت نییە بێیە ژووری - بەرد وا دەڵێ -
هەستی هاریکاریت نییە
هیچ هەستێک جێگەی ئەو هەستە ناگرێتەوە
تەنانەت ئەگەر چاوێکی ئەوەندە تیژیش بدۆزییەوە

که هەموو شتێک ببینێ.
بە بێ هەستی هاریکاری هەر بێ کەڵکە.
ئیزنت نییە بێیە ژووڕێ
تەنیا دەکرێ تۆزێک لەو هەستە
یان گەڵاڵەی سەرەتایی ئەو
یان هەر تەنیا بیرۆکەیەکت لێی هەبێ.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
- منم ئیزنم دە بێمە ژوور
ناتوانم دوو هەزار سەدە
چاوەڕێی ئیزنی هاتن بۆ بارەگات بم.

ئەگەر تۆ بڕوام پێناکەی - بەرد وا دەڵێ -
لە گەڵا بپرسە -هەر ئەوە دەڵێ من کوتم
لە تنۆکی ئاو بپرسە -هەر ئەوە دەڵێ کە گەڵا کوتی
لە کۆتایی دا لە تاڵی مووی سەرت پرسیار بکە
پێکەنین ئاوەڵام ناکا، پێکەنین، پێکەنینی توند
پێکەنینێکیش کە ناتوانم لە گەڵی پێبکەنم.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
- منم ئیزنم دە بێمە ژوور
- من دەرگایەکم نییە - بەرد وادەڵێ —

"کێل"

لێرە نووسەرێک خەوتووە، عەنتیکە هەر وەکو کاما
کە خاوەنی چەندین شیعرە
خاک بە گەورەیی خۆی، ئارامشێکی ئەبەدی پێ بەخشیوە
سەرەڕای ئەوەی مەیتەکە
ئەندامی هیچ کۆڕێکی ئەدەبی نەبووە

**بەڵام هیچ شتێک جگە لەو مەتەڵە منداڵانەیە**
**گیای باوە ئادەم و کوندەبوو**
**لە سەر کێلەکە نایندرێ**
**کاکی ڕێبوار لە جانتاکەت مێشکی ئیلێکترۆنی بێنە دەر**
**بۆ ساتێکیش بیر لە چارەنووسی شیمبۆرسکا بکەوە.**

## "سواری کەشتی نووح بن"

**بارانێکی بە خوڕەم دای دا**
**سوار بن، چونکە جێیەکتان نییە پەنای بۆ بەرن**
**ئەی شیعرە تاک دەنگەکان**
**هەستە وەجۆش هاتووە تایبەتەکان**
**تواناییە بێ کەڵکەکان**
**وردبینییە بێ هۆیەکان**
**ترس و لەرزە کەم خایەنەکان و**
**تۆ ئەی ئیشتیای دیتنی شتەکان لە شەش لاوە**
**ئاوی چۆمەکان رادەبن و لرفەیان دێ**
**سوار بن:**
**عیشوە، جوانکاری و وردەکارییەکان**
**هەڵوارتەی گەوجانە**
**نیشانە لە بیرکراوەکان**
**جۆرە بێ ئەژمارەکانی ڕەنگی خۆڵەمێشی**
**کایە بۆ کایە و**
**ئەسرینی دڵخۆشی**
**هەتا چاو هەتەر دەکا ئاو و ئاسۆ لە مژدا**
**سوار بن: گەڵاڵە بۆ داهاتوویەکی دوور**
**دڵخۆشی هەڵقولاو لە جیاوازی**
**ستایشی باشترینەکان**
**هەڵبژاردنێک کە بە دوو سێ شت نابەسترێتەوە**
**پەژیوانییەکی لە مێژینە**

کاتێک بۆ بیرکردنەوە و
براو بەوەی کە ئەوانە هەمووان ڕۆژێک بە کەڵک دێن
لە بەر ئەو منداڵانەی
کە ئێستاش هەر خۆمانین
کۆتایی ئەفسانەکان خۆشە
ئێرەش ناتوانێ کۆتاییەکی دیکەی بێ
باران لێی دەکاتەوە
شەپۆلەکان دەحەجمێن
لە ئاسمانی سامالْدا
هەورەکان دەبزوون و کل دەبن و
دیسانیش
وەک ئەو هەورانەیان لێدێ کە شیاوی ئینسانەکانن:
بە شکۆ و گاڵتەجاڕانە
وەک دوورگەی بەختەوەری
بەرخەکان
گوڵە کەلەم و
کۆنەی منداڵ
ئەو کاتەی لە ژێر تیشکی تاو خەریکە وشک دەبنەوە.

## "کۆنینە ناسی"

دەی باشە مرۆڤی چارە ڕەش!
پێشکەوتنێکی بەرچاو سەبارەت بە من دەستی داوە.

هەزارەکان ڕابردوون
لەو ڕۆژەی ناومت نا کۆنینە ناسی
ئیتر پێویستم نییە بە خودا بەردینەکان و
بە کاولاش و نووسراوەی دیاری سەر تەوێڵیان.

نیشانم دە هەموو ئەو شتانەی هی تۆن،

من پێت دەڵێم کە تۆ کێ بووی.
قووڵایی هەموو قاپێکم نیشان دە
دەرکی هەموو شتێک، لەتکی ماتۆڕ
ئەستۆی شاشەی تەلەفیزیۆن
بەشێک لە کابڵ، پەنجەگەلی پڕش و بڵاو
تەنانەت کەمتر و کەمتریش

بە شێوەیەک
کە ئەو زەمان نەتدەتوانی بیزانی
دەزانم کە چلۆن بیرگە
لە کارەساتە سروشتییە بێ ئەژمارەکان دا وەخەبەر بێنم
شوین پێی هەمیشە دیارە
درۆ دەدرەوشێتەوە
پیتی نهێنی بەڵگەکان دەنگ دەدەنەوە
مەبەستەکان و دڕدۆنگی یەکان دەردەکەون.
ئەگەر تەنیا بمەوێ
(چون سەبارەت بەوەی دەمەوێ
نابێ هەمیشە متمانەت هەبێ)
بڕوانمە گەرووی بێدەنگیت
لە پیاڵەی چاوەکانتدا دەخوێنمەوە
بەرجەوەندەکانی داهاتووی ئەتۆ
بە هەموو وردەکارییەکانیەوە وەبیر دێنمەوە
لە ژیان دا چاوەڕێی چ بووی جگە لە مەرگ؟

نیشانم دە
ئەو هیچ شتەی
کە لە پاشت بە جێماوە،
دارستان و ئوتووبانی لێ چێ دەکەم
فرگە، هیچ و پووچی، میهرەبانی و
ماڵی لە کیس چووش هەروەها.

**شیعرە بچووکەکەتم نیشان دە**
**من پێت دەڵێم**
**بۆچی نە زووتر نە درەنگ تر بەدی نەهاتووە.**

**نا! خراپ لە من گەیشتووی**
**ئەم کاغەزە قۆڕە بە پیت داپۆشراوە**
**هەر بۆخۆت**
**مستێک لە خۆڵەکەی تۆ و**
**بۆنی بەجێماوی سوتماکی عەیامە کۆنەکان**
**بۆ من بەسە.**

## "قەڵاچۆی سەدە"

**بڕیار وابوو ئەو سەدەی بیستەمەی ئێمە، لە پێشوو باشتر بێ**
**ئیتر دەرفەتی نییە ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ**
**ساڵانێکی یەکجار کەمی ماوە**
**هێور هێور دەچێتە پێش**
**ئیتر کەوتۆتە ئاویلکە.**

**دەرد و بەڵای زۆری بەسەر هاتوون**
**ئەوەی کە بڕیاریش بوو روو بدا**
**رووی نەداوە.**

**بڕیار بوو رووی لە بەهار بێ**
**بۆ وێنە رووی لە بەختەوەری بێ.**
**بڕیار وابوو ترس، لە شاخ و دۆڵەکان بارکا**
**بڕیار وابوو راستی زووتر لە درۆ بگاتە مەبەست**

**بڕیار وابوو چەرمەسەری و رۆژە رەشی**
**وەک شەڕ و برسێتی و شتی تر**

قەت خۆ دەرنەخەن.
بڕیار وابوو حورمەتی بێ خان و لانی خەڵکی هەژار نەشکێنن و
متمانە و بڕوا و شتی واش.

ئەوەی دەیویست لە دونیادا شاد بژی
ئەرکێکی دژوار بەرەوڕووی بۆتەوە.
گەمژە بوون بۆ بزە نابێ
حیکمەت شادی بزوێن نییە.
هیوا
ئیتر ئەو گەورە کچەی پێشوو نییە و
شتی تر و شتی تریش بە داخەوە.
بڕیار وابوو سەرەنجام خودا ئیمان بێنێ
بە مرۆڤی باش و بە توانا
بەڵام ئێستاش کە ئێستایە
باش و توانا
هەر دووکەسن.

دەبێ چۆن بژی؟ -لە نامەدا کەسێک ئەوەی لە من پرسی
کە منیش بۆخۆم دەمەویست
هەر ئەو پرسیارە لەو بپرسم.

هەر وەک پێشتریش باسمان کرد
دیسانیش و وەک هەمیشە
پرسیارێکی پێویست تر لە پرسیاری گەمژانە دەست ناکەوێ.

## "پیواز"

پیواز شتێکی دیکەیە
دڵ و ریخۆڵەی نییە
هەتا ناخی ناخی هەر پیوازە

هەتا رادەی پیواز بوون
پیواز بوونی لەدەرەوە
هەتا پنج و رەگ پیواز بوون.
پیواز دەتوانێ بێ دڵەڕاوکێ
بڕوانێتە دەروونی خۆی.

دڕندەیی و نامۆیی لە ئێمەدا پەرەیان گرتووە و
پێستمان بە زەحمەت روویانی داپۆشیوە،
دۆزەخێک لە تان و پۆی دەروونی لە ئێمە دایە
ئاناتۆمی یەکی پڕ شۆر
بەڵام بە جێی ریخۆڵەی پێچەڵاوپێچ
لە پیوازدا
تەنیا هەر پیواز دەبینرێ.
پیواز سەد هێندە رووت ترە
تا قووڵایی لە خۆی دەچێ.

پیواز، بوونێکە بە بێ دژوازی
پیواز، دیاردەیەکی سەرکەوتووە.
توێژێک لە ناو توێژێکی تردایە، بەو ساکارییە
گەورەتر بچووکتری لە ئامێز گرتووە
لە توێژەکەی تری دا یەکی دی، واتە سێهەمی و چوارەمی
فووگی× مەیلە و ناوەند
زایەڵەیەک کە بەرە بەرە دەبێتە کۆڕ.

پیواز، ئەوە بوو بە شتێک:
نەجیب ترین جیهان
لە دەورەی خۆی خەرمانەی پیرۆز دەتەنێ
بۆ شکۆی خۆی.

له ئێمەدا
بەز، دەمار، رەگی سوور و
هێڵی خوێن و...

سەرشێتی کاملْ بوونیشیان
بە ئێمە رەوا نەدیوە.

**پەراوێز:**


*قەتعەیەکی مووسیقی لە سەر بنەمای چەند دەنگی یان پۆلی فۆنی

**سەرچاوە:**

شیمبورسکا، ویسواوا (١٣٧٦)ێ‌دمها روی پل، ترجمه مارک اسموژنسکی-شهرام شیدایی-چوکا چکاد، تهران: نشر مرکز.

## دوو کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی سوێدی

# پێر لاگەرکڤیست



و. لە سویدییەوە: کەریم تاقانە- سوید

**چەند دێڕێک لەبارەی پێر لاگەرکڤیستەوە:**

پێر فابیان لاگەرکڤیست (١٨٩١- ١٩٧٤) یەکێک لە گەورەترین نووسەران و شاعیرانی مێژووی سوێدە.

ئەو لە بنەماڵەیەکی زۆر ئایینی چاو بە دنیا هەڵدێنێ و لە بارودۆخێکی توندی ئایینیدا گەورە دەبێ. پێر لاگەرکڤیست جگە لە ئنجیل و نامیلکەی ئایینی، چ کتێبی دیکە لە ماڵێ نابینێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، زۆر زوو لەگەڵ داروینیسم و سووسیالیزم و بیری نوێ ئاشنا دەبێ و واز لە بیروباوەڕی مەسیحییەت دێنێ. بەڵام بابەتی چیرۆکەکانی پێر لاگەرکڤیست هەردەم باس لە دوو دنیا دەکەن، دنیای مەسیحییەت و ئەفسانەکان و پاشان دنیای ژیان و بوونی مرۆڤ کە لەودا خودا چیی دی دەسەڵاتێکی نییە.

پێر لاگەرکڤیست هەمیشە عەوداڵی دوای ئەوە بوو کە جووڵانەوەیەکی بەربڵاوی فیکری بێنێتە گۆڕێ و بیر و زەینی مرۆڤ لە قەید و بەندی چەقبەستووی ئایینی دابماڵێ.

ئەو گوێی بەو ڕێباز و شێوازانە نەدەدا کە ئەوکات باو بوون و نووسەران پێیان دەنووسی، بەڵکو هەمیشە بە دوای ڕێگا و شێوازی نوێتردا وێڵ بوو هەتا بتوانێ بە ئاسانترین شێوە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ بکەوێتە پێوەندییەوە. هەر لەبەر ئەوەش، بەرهەمە کۆنەکانی وەک: کتێبی ئایینی هیندۆسی، ئاڤێستا، قورئان، حیکایەت و بەیتە فۆلکلۆرییە سوێدییەکانی موتاڵا دەکرد و لەو باوەڕەدا بوو کە نووسەران و بوێژانی ئەم بەرهەمانە هەوڵیان داوە بە شێوەی سروشتی لەگەڵ ڕۆحی ئینساندا پێوەندی بگرن.

پێر لاگەرکڤیست بەردەوام ئەو پرسیارە دژوار و ئەزەلییانە دەورووژێنێ کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دنیاوە ختووکەی ناخ و زەینی مرۆڤیان داوە: ئێمە بۆ زیندووین؟ ئەم دنیایە چۆن بناسین؟ مەرگ چییە؟ خودا بۆ وەڵامێک ناداتەوە؟

هێزی شەڕ و ئاشتی، ئەهریمەن و ئاهورامەزدا، هەمیشە لە بەرهەمەکانی پێر لاگەرکڤیستدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەو پێی وایە شەیتان و خودا، ئەهریمەن و ئاهورامەزدا بە بێ یەکدی هەڵناکەن و دەبێ هەمیشەیش لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەبن. پێر لاگەرکڤیست هەمیشە دەگەڕێتەوە لای ئەو چەمک و پرسیارانە، بەڵام هونەری مەزنی ئەو لەوەدایە کە لە تەواوی تەمەنی پڕ لە داهێنانی خۆیدا، هەرگیزاو هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە.

ناوی هێندێک لە بەرهەمەکانی پێر لاگەرکڤیست:

ساڵی ١٩٣٣، پاش گەڕانەوەی لە ئاڵمان و ئیتالیا، ڕۆمانی "جەللاد" دەنووسێ کە باس لە سەرهەڵدانی ڕاسیسم و فاشیزم دەکا. ئەم ڕۆمانە زۆر ناسراوە و بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراوە.

ساڵی ١٩٤١ لەلایەن زانکۆی شاری یۆتەبۆرییەوە دوکتۆرای ئیفتیخاریی لە فەلسەفەدا پێ دەبەخشرێ.

ساڵی ١٩٤٤ ڕۆمانی "کورتەبنە" بڵاو دەکاتەوە کە باس لە کورتەبنەیەک لە دیوەخانی یەکێک لە سوڵتانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیتالیادا دەکا.

ساڵی ١٩٥٠ ڕۆمانی "باراباس" بڵاو دەکاتەوە و سەرکەوتنێکی بەربڵاو و نێونەتەوەیی وەدەست دێنێ. پاشان ساڵێک دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٥١دا وەختێک خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل دەباتەوە، جارێکی دیکە توانایی و دەسەڵاتی بێوێنەی ئەو لە نووسیندا دەسەلمێنرێ و دانی پێدا دەنرێ.

***

## ١. بەسەرهات

کەشتییەک بە بادبانی ڕەشەوە هات و ویستی دوور بمبا. من سوار بووم، زۆرم بیر لێ نەکردەوە، دەمتوانی بە دڵ گەشتێکی کورت ئەنجام بدەم، گەنج و بەدەماغ بووم و تاسەی دەریام دەکرد. قەراخمان بە جێهێشت کە دەسبەجێ لە پشت سەرمانەوە لە چاو ون بوو و کەشتییەکە بەهۆی بایەکی پاکەوە بەدڵنیاییەوە بۆ پێشەوە چوو. من لەگەڵ خزمەتکارەکانی نێو کەشتییەکە کەوتمە پێوەندییەوە، ئەوان دژوار و جیدی بوون، ئێمە لە سەرەوەی کەشتییەکە ئەوەندە پێکەوە قسە و باسمان نەدەکرد. ماوەیەکی دوور و درێژ، ڕۆژ و شەو بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا لە پەستا چارۆکەمان هەڵدا و کەشتیمان لێخوڕی. تووشی هیچ وشکاییەک نەهاتین. ساڵ لە دوای ساڵ درێژەمان بە ڕەوتی خۆمان دا، دەریا کراوە، هەوا لەبار بوو. هیچ وشکاییەک بەرچاو نەکەوت. لە ئاکامدا پێم سەیر بوو و لە یەکێک لە خزمەتکارەکانم پرسی کە چۆن وا دەبێ. ئەو وەڵامی دایەوە کە چیدی چ دنیایەک بوونی نییە. دنیا لەناو چووە، نقومی بن ئاو بووە. تەنیا ئێمە مابووینەوە.

پێم وا بوو سەرنجڕاکێشە. هێشتا هەر چارۆکەمان هەڵدەدا و لێ دەخوڕین. دەریا چۆڵوهۆڵ بوو. هەوا چارۆکە ڕەشەکانی پڕ دەکرد. هەموو شتێک بەتاڵ بوو، تەنیا قووڵایی لەژێر پێماندا هەبوو. ئەو کات گەردەلوولێکی تۆقێنەر دەستی پێ کرد. دەریا گرمەی کرد و بەملا و بەو لاماندا خرۆشا. ئێمە لە تاریکاییدا تێکۆشاین. گەردەلوول وازی نەدەهێنا، تاریکاییش هەروەها. ساڵ لە دوای ساڵ درێژەی هەبوو. هەورەکان باڵیان بەسەر چارۆکە ڕەشەکاندا کێشا، هەموو شتێک ڕەش و خاڵی و چۆڵوهۆڵ بوو. ئێمە لە شەودا تێکۆشاین، لە تەنگانە و دڵەڕاوکێدا، داماو و لەتوپەت، بێ ئەوەی زات بکەین چیی دی هیوادار بین.

لەئاکامدا گوێمان لە ناڵە و گرمەی کەڕ و کاسکەری خێزاوەکان بوو. بە هۆی شەپۆلێکی بەهێزەوە بەرەو دورگەیەک کە لە دەریاوە دەرکەوتبوو، فڕێ دراین. کەشتییەکە پارچە پارچە بوو، ئێمە خۆمانمان بە دورگەکەوە قایم کرد. پارچە و پەڵاش و بادبانی دڕاو سەر ئاوەکە کەوتن؛ ئێمە خۆمانمان تەنیا بە زەوییەکەوە قایم کردبوو. سەرەنجام ئێستا ئیدی دنیا ڕووناک بووەوە و توانیمان ببینین. ئەو دورگەیەی بوو بەهۆی ڕزگاریمان، زبر و ڕەش بوو. تەنیا تاقەدارێکی لێ بوو کە با دەیشەکاندەوە، گوڵ و گیای لێ نەبوو. ئێمە توند توندێک خۆمانمان قایم کرد. بەختەوەر بووین. ڕوومەتمان نایە سەر زەوییەکە و لە خۆشیدا گریاین. ئەوە دنیا بوو کە دیسان لە قووڵایی دەریاوە سەری هەڵدابووەوە.

## ٢. ئەوین و مەرگ

ئێوارەیەک وەختێک لە دەرەوە بووم و لەگەڵ دڵبەرەکەم بە شەقامێکدا پیاسەم دەکرد، لە پڕ دەروازەی ماڵێکی خەمداگرتوو، کە بە لایدا هاتین – کرایەوە و ئامووریننێک پێیەکی لە تاریکاییەوە دەرهێنا. خواوەندێکی بچووکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو پیاوێکی گەورە و تێکسمڕاو بوو کە سەرتاپای لەشی تووکن بوو، ئەو بەو شان و باڵە تووکن و ئەستوورەیەوە کە زۆرتر لە کەماندارێکی دڵڕەق دەچوو، سێرەی لە من گرتبوو. تیرێکی هاویشت کە لە سینگم چەقی، پاشان لاقی بردەوە ژوورەوە و دەروازەی ماڵەکەی، کە لە کۆشکێکی ناکامی تاریک دەچوو – لەسەر خۆی داخست. من بە لادا هاتم و کەوتمە سەر عەرز، دڵبەرەکەم درێژەی بە ڕێی خۆی دا. پێم وا نییە ئەو ئاگای لێ بووبێ کە من کەوتمە سەر عەرز. ئەگەر ئاگای لێ بوایە، بێگومان ڕادەوەستا و بەسەرمدا دەچەمایەوە و مشوورێکی دەخواردم. کە هەروا ڕەوتی خۆی درێژە دا، توانیم تێبگەم کە ئاگای لە حاڵم نەبووە. خوێنەکەم ساتێک بە ئاوەڕۆی جادەکەدا بە دوایدا چوو، بەڵام دوایە ڕاوەستا وەختێک زیاتر بڕی نەکرد.

**سەرچاوە:**
Onda sagor, Pär Lagerkvist, 1924

# لەبەردەم یاسادا



**نووسینی کافکا**

**و. لە ئەڵمانییەوە: ڕەزا حەمە**



دەرگاوانێک لەبەردەم یاسادا وەستاوە.

کابرایەکی دەشتەکی دێت بۆ لای ئەم دەرگاوانە و داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوە بۆ ناو یاسا دەکات.

بەڵام دەرگاوانەکە دەڵێت، کە گوایە ئێستا ناتوانێ ڕێگەی چوونەژوورەوەی بدات.

پیاوەکە تێدەفکرێ و لێی دەپرسێت، دەکرێت دواتر بڕواتە ژوورەوە.

دەرگاوانەکە دەڵێت: (دەشێ، بەڵام ئێستا نا).

لەبەرئەوەی دەروازەی تەلاری یاسا وەک هەمیشە ئاوەڵایە و دەرگاوانەکەش دەڕواتە ئەولاو کابرای دەشتەکی خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە، تا لە بەینی دەروازەکەوە تەماشایەکی ناوەوە بکات.

کاتێ دەرگاوانەکە هەست بەمە دەکات، پێدەکەنێت و دەڵێت: (تۆ کە هێندە ئارەزوومەندی بینینی یاسای، لەگەڵ ئەوەشدا کە من ڕێگەی چوونەژوورەوەت پێ نادەم، هەوڵ بدە بێ ئیزنی من بڕۆیتە ژوورەوە، بەڵام باش بزانە ها... گەرچی من نزمترین پۆستی دەرگاوانیم هەیە، بەڵام بەهێز و دەسەڵاتدارم، جگە لەوەش لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی تر دەرگاوانانی تر وەستاون و یەک لەوی دی بەدەسەڵاتترە، تەنانەت من توانای بینینی دەرگاوانی سێیەمم نییە).

لەڕاستیدا کابرای دەشتەکی چاوەڕوانی ئەم گیروگرفتانەی نەدەکرد، ئەم وا بۆی دەچێ کە یاسا بۆ هەموو کەسێک و هەموو ئانوساتێ کراوە و ڕێگەپێدراوبێت.

کاتێ دەشتەکییەکە بەوردیی سەرنجی دەرگاوانی فەرەنجی لەبەر دەدات، بەخۆی و لوتێکی قنج و ریشێکی تەتەری درێژ و تەنک و رەشەوە، بڕیار دەدات و بەلایەوە باشترە کە چاوەڕوانی بکات، تا ئەو کاتەی مۆڵەتی چوونەژوورەوەی پێدەدرێت.

دەرگاوانەکە تەختەدارێکی دەداتێ و لێی دەگەڕێ هاوتەنیش بە دەرگاکە دابنیشێت.

کابرای دەشتەکی رۆژان و ساڵان لەوێدا لێی دادەنیشێت، چەندان هەوڵ دەدات ڕێگەی چوونەژوورەوەی پێ بدرێت، هێندە دەپاڕێتەوە ، دەرگاوانەکە هەراسان و ماندوو دەکات.

زۆرجاریش دەرگاوانەکە سووکە لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ دەکات و گەلێک پرسیاری دەربارەی نیشتمانەکەی و سەبارەت بەشتی تریش لێ دەکات.

بەڵام پرسیارەکان بێ سەروبن و لاوەکین و هەر لەو پرسیارانە دەچن کە پیاوە گەورەکان دەیکەن.

لە کۆتاییشدا هەمووجارێک بۆی دووبارە دەکاتەوە، کە گوایە جارێ ناتوانێ ڕێگەی چوونەژوورەوەی بدات.

کابرای دەشتەکی، کە خۆی زۆر بە چڕوپڕیی بۆ سەفەرەکەی ئامادە کردبوو، هەموو شتێک بەکاردەهێنێت، گەرچی پڕ بەهاش بێت، تا بتوانێت دەمی دەرگاوانەکە چەور بکات.

دەرگاوانەکەش گەرچی هەموو شتێک وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی بەرتیلەکەدا دەڵێت: (بۆیە وەریدەگرم تا لەو بڕوایەدا نەبیت و وا نەزانی شتێکت بەفیرۆ لەدەستچووبێت).

بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە کابرای دەشتەکی چاودێریی دەرگاوانەکە

دەکات و بەدەگمەن چاوی لێ غافڵ دەکات، دەرگاوانەکانی تری لەبیر دەچێتەوە و وا هەست دەکات کە ئەم یەکەم دەرگاوانە تەنیا کۆسپێکە لەبەردەم ئەمدا بۆ چوونە ناو یاساوە.

لە ساڵانی یەکەمدا، بە دەنگی بەرز و بێبایەخانە نەفرەت لەم ڕێکەوتە بەدبەختە دەکات. دواییش، کاتێ بەساڵدا دەچێ و پیردەبێت، لەبەرخۆیەوە وڕێنە دەکات و دەبۆڵێنێت و وەک منداڵی لێدێتەوە.

کابرای دەشتەکی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە سەرقاڵی ناسین و توێژینەوەی دەرگاوانەکە بوو، بۆیە وای لێهاتبوو تەنانەت کێچەکانی ناو فەرەنجیەکشی دەناسییەوە. لە کێچەکانیش دەپاڕایەوە کە یارمەتی بدەن و کابرای دەرگاوان لە کەلی شەیتان بهێننە خوارەوە و بڕیارەکەی پێ بگۆڕن.

لە کۆتاییدا تیشکی چاوەکانی لاواز دەبن و خۆیشی نازانێت، ئایا لە ڕاستیدا دەوروبەری تاریک دادێت یان هەر چاوەکانی فریوی دەدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئێستا لە تاریکیدا بریسکەیەک بەدی دەکات، کە بێ خامۆشبوون لە دەرگای یاساوە بەرەو دەرەوە دەکشێت.

زۆری لە ژیاندا نەماوە، بەرلەوەی مەرگ یەخەی بگرێت، گشت ئەزموونەکانی تەواوی کاتەکە لە مێشکیدا کۆدەبنەوە و هەموویان دەبنە یەک تاکە پرسیار، پرسیارێک کە ئەم تا ئێستا لە دەرگاوانەکەی نەکردووە.

چیتر خۆی بۆ ڕاناگیرێت و ناتوانێت جەستە کفت و دەقگرتووەکەی ڕاستبکاتەوە، بۆیە بە مەبەستی بانگکردن دەستێک بۆ دەرگاوانەکە ڕادەوەشێنێت.

لەبەرئەوەی جیاوازییە گەورەکەی نێوان (باڵایان) زۆر زۆر بە زیانی کابرای دەشتەکی تەواو بووبوو، پێویستبوو دەرگاوانەکە تا لە توانایدا بێت خۆی بۆ دەشتەکییەکە دانەوێنێت.

دەرگاوانەکە خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە و لێی دەپرسێت:

ئەرێ تۆ دەتەوێت چیتر بزانیت؟ تۆ تێرنەخۆریت، تێر نەخۆر.

کابرای دەشتەکیش دەڵێت:


باشە خۆ هەمووان خوازیار و تینووی یاسان، ئەی باشە بۆچی لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا بێجگە لە من کەسێکی تر نەهات و داوای چوونە ناوەوەی نەکرت؟

دەرگاوانەکە بۆی دەردەکەوێت کە کابرای دەشتەکی سەری لە گوێی قەبر دەلەرزێت.

بۆئەوەی بتوانێت دەنگی بە باشی بگەیەنێت بە گوێ کز و پەککەوتەکانی

کابرای دەشتەکی، بەسەریدا دەنەڕێنێت و دەڵێت:

((لەبەرئەوەی بێجگە لە تۆ کەسێکی تر لێرە دەرفەتی چوونە ژوورەوەی پێ نەدراوە و ئەم دەرگایە بەتەنیا بۆ تۆ تەرخان کرابوو، ئێستا دەڕۆم و دایدەخەم)).




**تێبینی وەرگێڕ:**

ئەو خوێنەرەی کە لە زمانی کافکا و ستایلی نووسین و داڕشتنی کافکا بەئاگا بێت، کەمتر ڕەخنە و گلەییم سەبارەت بە کەموکوڕیی لە وەرگێڕانەکەدا، ئاراستە دەکات.

**سەرچاوە:**

http://ace.home.xs٤all.nl/Literaria/Txt-Kafka.html

# پیاوە دوور لە پێکەنینەکە



**ن: یۆسۆناری کواباتا**

**و. لە فارسییەوە: سووسەن ئیسماعیلی نژاد**

ڕەشایی چەتری بەسەر ئاسماندا کێشابوو، وەک ئەوەی لەتە سواڵەتێکی جوان بێت. لەسەر جێگاکەمەوە چاوم بڕیبووە چۆمی "کامۆ" لە حاڵێکدا ڕەنگی بەیانی تێیدا شەوقی دەدایەوە.

بۆ حەفتەیەک دەبوو شەوانە وێنە هەڵگرتن دەستی پێدەکرد. لەبەرئەوەی دەورگێڕانی ئەکتەری یەکەمی ژن بۆ دە ڕۆژ دواتر دواخرابوو. من "تەنها" نووسەر بووم، هەر بۆیە تەنها ئەرکم ئەوە بوو چاو لە وێنە هەڵگرتن بکەم. لێوەکانم وشک هەڵگەڕابوون و سەرەڕای ئەوەی بە لای لایتە سپییەکانەوە وەستابووم، بەڵام چاوەکانم ئەوەندە ماندووبوون نەمدەتوانی هەڵیانبێنم.

بەمەشەوە ڕەنگی ئاسمان هێزێکی نوێی پێدەبەخشیم. خەیاڵی تازە داگیری کردبووم. سەرەتا دیمەنی شەقامی "شیجوورا" هات بە زەینمدا. دوێنی نانی نیوەڕۆمان لە شەقامی "ڤۆهاشی"، کە لە شەقامێکی ڕۆژئاوایی دەچوو، خواردبوو. کێوەکان بە بەرچاومەوە بوون. لە پەنجەرەی نهۆمی سێیەمەوە دارە سەرسەوزەکانی "هیگاشیما"دیار بوون. جگە لەمە چاوەڕوانی هیچی تر نەدەکرا، بەڵام بۆ من کە تازە لە تۆکیۆوە هاتبووم، شتێکی نوێ بوو. هەروەها ئەو بووکەشووشەیە هات بە زەینمدا کە لە فرۆشگای "کۆریۆ" دیبووم، دەمامکێک کە وەک ئەوە وابوو پێبکەنێت.

کە بە حاڵەتێکی ورووژانەوە چەند لاپەڕە کاغەزم خستەبەردەمم و خەونەکانم هێنایە نووسین، لەبەر خۆمەوە وتم: "دۆزیمەوە، وێنایەکی جوانم دۆزییەوە"، دیمەنی کۆتایی فیلمانامەکەم سەر لە نوێ نووسییەوە. کاتێک کارەکەم تەواو بوو نامەیەکیشم بۆ دەرهێنەرەکە نووسی.

"دیمەنی کۆتایی فیلمەکە بە وێنایەکی خەیاڵییەوە کۆتایی دێت. دەمامکە دەم بە پێکەنینەکان هەموو دیمەنەکە دەگرنەوە. لەبەرئەوەی هیوادار نیم ئەم چیرۆکە کۆتاییەکی خۆشی هەبێت. لانیکەم دەتوانم راستی لە دەموچاوی دەم بە پێکەنین و جوانی ئەو دەمامکانەدا نیشان بدەم".

دەستنووسەکەم بردە ستۆدیۆ. لە دەفتەری کاری ستۆدیۆدا جگە لە رۆژنامەی بەرەبەیان هیچ شتێکی تر نەدەبینرا. خزمەتکارەکە خاکەداری بەردەم ژووری پرۆڤەکەی خاوێن دەکردەوە.

"دەتوانی ئەم نامەیە لای جێگای خەوەکەی دەرهێنەر دابنێیت؟".

وێنەهەڵگرتن لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان بەڕێوە دەچوو. بینینی ژیانی لەدەستچووی ئەو مرۆڤە شێتانەی ئێمە هەموو رۆژ وێنەمان لێهەڵدەگرت زۆر ناخۆش بوو بۆم. بەرەبەرە بیرم لەوە کردەوە فیلمەکە بێ هیوایی بە وێنا دەکێشێت، مەگەر ئەوەی کۆتاییەکی خۆشی بۆ بدۆزمەوە.

زۆرم شانازیی بە خۆمەوە دەکرد لەبەرئەوەی بیرم لە ئامادەکردنی دەمامکەکان کردبووەوە. کاتێک بیرم لەوە دەکردەوە هەر کەسێک لە نەخۆشخانەی دەروونیدا دەموچاوێکی بە پێکەنینی هەیە، هەستێکی خۆش دەستی پێدەدام.

میچی شووشەیی ستۆدیۆکە بە رەنگی زەرد دەینواند. رەنگی ئاسمان لە رۆژدا روونتر ببووەوە. هەستم بە سووکایەتی دەکرد، گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و بە ئارامی چوومەوە سەر جێگاکەم.

ئەو پیاوەی کە رۆشتبوو بۆ کڕینی دەمامکەکان نزیک بە سەعات ١١ی شەو گەڕایەوە بۆ ستۆدیۆ: "سەردانی سەرجەم دووکانی فرۆشتنی یاریی منداڵانی کیۆتۆم کردووە، بەڵام دەمامکی باشیان نەبوو".

"چیت کڕیوە با ببینم".

کە پاکەتەکەم کردەوە، بێ هیوا بووم: "ئەمەت کڕیوە؟ ئی"...

"ئەزانم بە دڵت نییە. لام وابوو دۆزینەوەی دەمامکەکان کاریکی ئاسانە. هیچ گومانم لەوەدا نییە هەموو ئەو شتانەم لە دووکانەکاندا بینیوە، بەڵام بە درێژایی رۆژ تەنها ئەم دەمامکەم دەستکەوت".

"ئەمە زیاتر لە دەموچاوی " نووح" دەچێت. ئەگەر دەمامکەکان بە شێوەیەکی هونەری دروست نەکرابێتن لە فیلمەکەدا گاڵتەجاڕ دەردەکەوێت". بیرم لەوە کردەوە کە ئەو دەمامکە گاڵتەجاڕە منداڵانەیە بگرم بە دەستەوە، دەست دەکەمە گریان.

وتم: "ڕەنگی ئەم دەمامکە لە وێنەهەڵگرتندا وەک ڕەشایی لە بەرچاو ون دەبێت. ئەگەر دەمامکی دەم بە پێکەنین بە باکگراوندی سپیمان دەست ناکەوێت، کە وایە"...

دەمامکەکە زمانێکی سووری هەبوو کە لە دەمێکی قاوەییەوە هاتبووە دەرەوە.

"هەوڵ دەدەین ڕەنگی سپی بدەین لە دەمامکەکە".

بە شێوەیەکی کاتی وێنەهەڵگرتن ڕاگیرابوو. دەرهێنەریش دیمەنی وێنەهەڵگرتنەکەی بەجێهێشت و لەگەڵ هەرکام لە ئێمە دەستیکرد بە پێکەنین. هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو بۆ کۆکردنەوەی دەمامکە زۆرەکان. ناچاربوون وێنەی ئەو دیمەنە ڕۆژێکی تر هەڵبگرن. ئەگەر نەیاندەتوانی دەمامکی کۆنی لەو چەشنە بدۆزنەوە، سەرەنجام سلۆلیدیان بەکار دەهێنا.

فیلمنامەنووسێک کە وادیاربوو ئەویش وەک من بیری دەکردەوە، وتی:"ئەگەر دەمامکی گونجاو نەدۆزینەوە باشتر وایە ڕایبگرین، دەڵێن چی بڕۆین و دواتر بێینەوە؟ هێشتا سەعات ١١ەیەو ڕەنگە لە "کیۆگۆکۆ" شوێنێک کراوە بێت.

"دەڵێن چی؟"

بە ماشێن لە کۆتایی ڕێگا چەوڕێژەکەی تەنیشت چەمی کامۆوە بەرەو پێشەوە دەڕۆشتین. تیشکی چراکانی نەخۆشخانە لە لێواری بەردەماندا لەسەر ئاوەکە دەبینرا. کەس لای وانەبوو ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لەو شوێنە ڕازاوەدا ئازار دەکێشن. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر دەمامکی گونجاو نەدۆزینەوە ڕەنگە بکرێت پەنجەرە ڕازاوەکانی نەخۆشخانە بۆ کۆتایی فیلمەکە بەکار بهێنرێت.

سەردانی سەرجەم دووکان و فرۆشگاکانی "شین کیۆگۆکۆ"مان کرد کە خەریک بوو دادەخران و دەمانزانی ئەمە کارێکی بێهوودە و بێ کەڵکە. بیست دەمامکی کیسەڵی کاغەزیمان کڕی، بەڵام زۆر کارێکی دژوار بوو بە شێوەیەکی هونەریی بەکاریان ببەین. گەڕەکی شیجۆش نووستبوو.

فیلمنامەنووسەکە ڕۆشتە شەقامێکی لاوەکی و وتی: "ڕاوەستن ئێرە چەند فرۆشگای لێیە کە کەرەسەی مێحرابی بوودایی دەفرۆشن. لام وایە کەرەسەی نیشاندانی نووحیشیان هەبێت".

بەڵام لێرەش کەس بە خەبەر نەبوو. پلێتۆکێکم دا لە دەرگای فرۆشگاکان.

"سبەی سەعات ٧ی بەیانی سەردانی دەکەم. بەهەرحاڵ دەبێت ئەمشەو نەخەوم".

وتم: "منیش دێم. تکایە منیش لە خەو هەستێنە".

بەڵام ڕۆژی دواتر تەنها ڕۆیشت. کە لە خەو هەستام، دەکرێت بڵێم دەستیان کردبوو بە وێنەهەڵگرتن لە دەمامکەکان. پێنج دەمامکی شانۆ مۆزیکاڵەکانی کۆنیان دۆزیبووەوە. لام وابوو لانیکەم دەبوایە بیست یان سی جۆر لەو دەمامکانەمان بەکار هێنابا، بەڵام هەستی ئارامبەخشی پێنج دەمامکی دەم بە پێکەنین، وایکردبوو ئارامبمەوە. هەستم کرد ئەرکی خۆم بەرامبەر بە نەخۆشەکان ئەنجامداوە.

فیلمنامەنووسەکە وتی: "بەکرێ هێناومن لەبەرئەوەی زۆر گران بوون. وریابن، ئەگەر پیسیان بکەن ناتوانین بیانگەڕێنینەوە".

دوای قسەکانی فیلمنامەنووسەکە ئەکتەرەکان هەموویان دەستەکانیان شۆرد و بە وریاییەوە دەمامکەکانیان کرد بە دەموچاویاندا و وەک ئەوەی چاو لە گەنجێک بکەن، چاویان بڕییە یەکتر.

"ئەگەر بیانشۆرن ڕەنگەکانیان کاڵ دەبێتەوە، خۆ نایشۆرن؟".

"زۆرباشە، ئێستا کە وایە من ئەو دەمامکانە دەکڕم".

بەڕاست دەمویست ئەو دەمامکانە بکڕم. لە خەیاڵمدا جیهانێکی یەکدڵ و یەکدەستم لە داهاتوودا دەبینی، ئەو جیهانەی خەڵکەکانی هەموویان ڕووخساری دەم بە پێکەنینی لە چەشنی ئەم دەمامکانەیان هەیە.

لە یەکەم دەرفەتدا کە گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە تۆکیۆ، دەستبەجێ سەردانی ژنەکەمم کرد لە نەخۆشخانە.

منداڵەکان دەستیانکرد بە پێکەنین و هەرکامەیان دەمامکەکانیان کردە سەریاندا. شادییەکی سەیر دەستی پێدابووم.

"باوکە یەکێکیان بکە دەموچاوتا".

"نا".

"دەی باوکە بیکە بە دەموچاوتا".

"نا".

"دەی باوکە".

کوڕە دووەمەکەم هەستا و دەیویست یەکێک لە دەمامکەکان بکات بە دەموچاومدا.

هاوارم کرد: "مەکە".

ژنەکەم فریام کەوت: "بمدەیە، یەکێکیشان بدە بە من".

لەناو پێکەنین منداڵەکاندا سوورهەڵگەڕام" چی دەکەی؟ تۆ نەخۆشی؟".

بینینی ئەم دەمامکە دەم بە پێکەنینە لەسەر رووخساری باریک و زەردهەڵگەڕاوی ئەو زۆر ترسێنەر بوو. کە ژنەکەم دەمامکەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد کەوتە هەناسەبڕکێ. ئەو ساتەی دەمامکەکەی لەسەر رووخساری لابرد زۆر تۆقێنەر بوو. کە تەماشای دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاویم کرد تەزوویەک بە گیانمدا هات. لەو شتەی بۆ یەکەمجار لەسەر دەموچاوی ژنەکەم بینیم سەرم سووڕما، بۆ سێ دەقە لەژێر رواڵەتی دەم بە پێکەنین و ئارامی دەمامکەکەدا زیندانیی کرابوو، بەڵام بۆ یەکەمجار دەمتوانی ناشیرینیی جەستەی دەروونی ئەو ببینم، بەڵام نا، بەدەر لە ناشیرینی، لە کەسێکی بەدبەخت دەچوو. دەموچاوی دوای شاردنەوە لەژێر ئەو دەمامکە جوانەدا، ئەم سێبەری ژیانی بەدبەختییەی دەخستە روو.

"دەی باوکە بیکە بە دەموچاوتدا".

هەمدیسان منداڵەکان دەوریان دام: "ئێستا سەرەی باوکمە".

هەستام و وتم: "نا".

ئەگەر ناچار دەبووم دەمامکەکە بکەم بە دەموچاومدا و هەمدیسان لای ببەم لەبەرچاو ژنەکەمدا وەک شەیتانێکی ناشیرین دەردەکەوتم. لەو دەمامکە دەترسام. ئەو ترسە گومانێکی لا دروستکردبووم کە رووخساری هەمیشە دەم بە پێکەنینی ژنەکەم، رەنگە دەمامکێک بێت، یان ئەوەی ئەو پێکەنینەی ژنەکەم فێڵێک بێت، راست وەک دەمامکەکە.

لە دەمامکەکە بێزار بووم. لە هونەر بێزاربووم. تێلگرافێکم نووسی بۆئەوەی بینێرم بۆ ستۆدیۆی "کیۆتۆ".

"دیمەنی دەمامکەکان لاببەن".

دواتر ورد ورد تێلگرافەکەم دڕی.

**سەرچاوە:**
www.dibache.com/text.asp?cat=3&id=3057

# تەمتوومان



**ئیتالۆ کالڤینۆ**
**و. لە فارسییەوە: محەمەد هاشمی**

لە یەکێک لە ڕێستۆرانتە تایبەتەکاندا خواردنم دەخوارد کە نرخی خواردنەکانی نەگۆڕ بوو. لەم شارەدا ئەم جۆرە ڕێستۆرانتانە بەدەست ئەو بنەماڵانەوە بەڕێوەدەچوون کە خەڵکی توسکان بوون و هەموویان پێکەوە خزم بوون، هەموو کچە خزمەتکارەکانیش خەڵکی شارێک بوون بە ناوی ئاڵتویاسچیۆ، لەوێ گەنجێتیان بردبووە سەر و نەیان دەتوانی لەبیری بکەن، لەگەڵ کوڕە هاوشارییەکانی خۆیان دەڕۆیشتنە دەرەوە. ئەو کوڕانە هەر لەوێ لە مەتبەخ یا لە کارگەکاندا ئیشیاندەکرد، بەڵام بەجۆرێک خوویان بە ڕێستورانتەکەوە دەگرت وەک بڵێی پارچەیەکی ونبوی لادێکەیانە، ئەم کچ و کوڕانە پێکەوە هاوسەرگیرییان دەکردو هەندێکیشیان دەگەڕانەوە بۆ ئاڵتۆپاسچیۆ، ئەوانەش کە دەمانەوە هەر لێرە لە ڕێستورانتی خزم یا دۆستە شارییەکانیاندا دەیان گوزەراند، تا ئەوکاتە خۆیان بتوانن ڕێستورانێک بکەنەوە.

موشتەری ئەم ڕێستورانتانەش هەر ئەوانەن کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە: هەندێک ڕێبوار وا هەمیشە لە سەفەردان، ئەو موشتەرییانەی دەڵێی نوساون بەوێوە، کرێکارە پلەنزم و سەڵتەکان، قەیرەکچە تایپیستەکان، چەند قوتابیەکی زانکۆ و چەند سەربازێک. ئەم موشتەریانە پاش ماوەیەک پێکەوە ئاشنا دەبن و لە مێزێکەوە بۆ مێزێکی کە دەکەونە دەمەتەقێ، دواتر دێنە سەرمێزی یەک: ئەو جەماعەتەی وا یەکەمجار یەکیان نەدەناسی، خوودەگرن بە نانخواردن پێکەوە.

هەموویان لەگەڵ خزمەتکارە توسکانییەکاندا، ڕاشکاوانە سوعبەتی میهرەبانانەیان دەکرد و پرسیاری کەپڵەکانیان لێ دەکردن، کاتێکیش قسەیەک نەدەما بۆ وتن، وەک منداڵێک وڕک بگرێت دەکەوتنە باسی تەلەفیزیۆن، ئەو بابەتانەی سەیری دەکەن و ئەوەی کە لە ئەخیر بابەتدا کە بینیویانە، کام ئەکتەر لە هەموویان جوانکیلەتر بووە و کام ئەکتەر بەشداری نەکردووە.

بەڵام من وانەبووم، هیچ کاتێک وشەیەک زیاتر لە ناوی خواردنەکەم نەدەدوام، ئەویش هەمیشە یەک ناو بوو: ئیسپاگیتی لەگەڵ کەرە، گۆشتی گوێرەکەی کوڵیو و سەوزە؛ چونکە ڕژێمم دەکرد؛ هیچ کاتێکیش خزمەتکارە کچەکانم بە ناوی خۆیانەوە بانگ نەدەکرد هەرچەند ناویشیان فێربوبووم، وام بە باشتر دەزانی هەر بە «سینیۆرا» بانگیان بکەم بۆ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی یەکترناسین و ئاشنابوون لە قسەکانمدا نەبێت. ئەم ڕێستۆرانتەم بە ڕێکەوت دۆزیبووەوە، خوا دەزانێت بۆ چی ماوەیەک هەموو ڕۆژێک دەڕۆیشتم بۆ ئەوێ، بەڵام دەمویست واهەست بکەم ڕێبوارم، ئەمڕۆ لێرەم و سبەی لە جێیەکی دی، ئەگینا ئەم شوێنە تایبەتە مێشکی تێک دەدام.

جێگەیەکی خراپ نەبوو، بە پێچەوانەوە: خواردنەکانیشی باش بوون و موشتەرییە هەمیشەییەکانی کەسانێکی باش بوون و بوون لە جێیەکی وادا چێژی دەدامێ؛ لە ڕاستیدا، گەر وانەبوایە هەستم دەکرد شتێک دیار نییە و نوقسانییەک هەیە، بەڵام هەر پێم باش بوو بینەرێک بم و نەچمە ناو دۆخەکەوە. نەدەکەوتمە وتوویژ لەگەڵ خەڵکدا، تەنانەت چۆنی چاکیەکی ئاسییشم نەدەکرد؛ چونکە، هەروەک ئەوەی هەموومان دەیزانین، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی دەرگایەک بکاتەوە بۆ قسە و دمەتەقێی هەندێک کەس و ئەوە ئەو ساتەوەختەیە کە تووش بویت؛ یەکێک دەڵێت: «ئەمڕۆت پێ چۆنە؟» و لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەوانیتر خەریکی سەیرکردنی تەلەفیزۆنیت و یا لەگەڵیان دەڕۆیت بۆ سینەما؛ دوای ئەو ڕۆژەش دەکەویتە ناو کۆمەڵێکەوە کە هیچ مانا و واتایەکی نییە بۆت، بەڵام مەجبوری لەسەر ئیشەکەت وڕێنە بکەیت و گوێ لە هەڵەت و پەڵیتی ئەم و ئەو

بگریت. کۆششم دەکرد بە تەنیا لەسەر مێزێک دانیشم و ڕۆژنامەی بەیانیان یا ئێواران بکەمەوە، دواتر مەجبور دەبووم لەسەرەتاوە تا کۆتایی بیخوێنمەوە (ڕۆژنامەکەم لەسەر ڕێگەی دائیرە دەکرد و مانشێتەکانیم سەیر دەکرد، بەڵام دانم بەخۆمدا دەنا بۆئەوەی کاتێک لەناو ڕێستۆرانەکەدام، بیخوێنمەوە) ڕۆژنامە چەندک کارێکی بۆ دەکردم! لەبەر ئەوەی کاتێک مێزی بەتاڵم دەست نەدەکەوت و دەبوایە لای چەند کەسێکی دیکە دانیشم، خۆم لە خوێندنەوەدا نوقم دەکرد و بۆیە کەس هیچی لەگەڵ نەدەوتم. بەڵام هەمیشە دەمویست مێزێکی بەتاڵم دەست کەوێت و بەم هۆیەشەوە تا دەکرا، داوای خواردنەکەم دوا دەخست بۆیە هەر کاتێک لە ڕێستۆرانەکە دەردەکەوتم زۆربەی موشتەرییەکان ڕۆیشتبوون.

بەڵام کێشە پاش ماوەی خواردنەکان بوو. زۆربەی کات مەجبور بووم لەسەر مێزێک دانیشم، تازە موشتەری لەسەر هەستابوو و مێزەکەش پڕبوو لە وردە نان و پاش ماوەی خواردنەکان؛ تا خزمەتکارەکە نەهاتبایە و پەرداخ و قاپە پیسەکانی لانەبردایە، بە هیچ شێوەیەک سەیری سەرمێزەکەم نەدەکرد، دەبوایە هەموو پاشماوەکانی کۆبکردایەتەوە و چەرچەفی سەر مێزەکەی بگۆڕیایە. بە شێوازێکی گشتی ئەم کارانەیان زۆر بەپەلە ئەنجامدەدا و لە نێوان چەرچەفەکاندا نانە وردە دەمایەوە و دەبووە هۆی تووڕە بوونم و پێی تێکدەچووم.

بۆ نموونە لە کاتی نیوەڕۆدا، باشترین شت، دۆزینەوەی ئەو ساتەوەختە بوو خزمەتکارەکان دەیان زانی موشتەری نایەت، بۆیە هەموو شتێکیان بە جوانی پاک دەکردەوە و مێزەکانیان بۆ دوای نیوەڕۆ ئامادەدەکرد؛ دواتر هەموو ئەندامانی ڕێستۆرانتەکە، ساحێب و خزمەتکار و چێشتلێنەر و قاپشۆرەکان مێزێکی گەورەیان بۆ خۆیان دروستدەکرد بۆ ئەوەی خۆیان نانی لەسەر بخۆن. لە هەمان کاتدا دەڕۆیشتمە ژوورەوە و دەمگوت:

« ئای، ببورن، وابزام درەنگ گەیشتووم! دەکرێت شتێکیش بۆ من بهێنن؟»

« ئەی بۆ نا؟ هەرکوێت پێخۆشە دانیشە! لیزا، بزانە چی دەوێت.»

لەسەر مێزێکی پاک و جوان دانیشتم، چێشتلێنەرێک دەگەڕایەوە مەتبەخەکە، منیش دەستم دەکرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، لەسەرخۆ خواردنم دەخوارد، بە پێکەنینەوە گوێم لە نوکتە و بەسەرهاتەکانیان لە ئالتۆپاسیچیۆ دەگرت. جاری واهەبوو مەجبور دەبوم بۆ داواکاریەک ماوەی چارەکە سەعاتێک بوەستم، چونکە خزمەتکارەکان دانیشتبوون و نانیان دەخوارد و دەمەتەقێیان دەکرد، کاتێک بۆ نموونە دەمویست داوای لیمۆیەک بکەم و دەمگوت سینیۆرا، دەیانگوت: «بەسەرچاو بەڕێز، ئانا راکە برۆ، ئاخ لە دەستت لیزا» بەڵام من ئەم وەزعەم

پێخۆش بوو.

لەگەڵ تەواوبونی خواردنەکە، خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەشم تەواو دەکرد و دەهاتمە دەرەوە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکەم لول کردبوو و خستبوومە بندەستم و دەگەڕامەوە ماڵەوە، دەڕۆیشتمە قاتی سەرەوە بۆ ژوورەکەم، ڕۆژنامەکەم فڕێ دەدایە سەر قەرەوێڵەکەم و دەستەکانم دەشت. سینیۆرا مارگاتی ئاگاداری ئەوەبوو کەی دێم و دڕۆم، لەگەڵ ڕۆیشتنمدا دەهات و ڕۆژنامەکەی هەڵدەگرت. نەیدەوێرا بۆخۆی داوای ڕۆژنامەکەم لێبکات، کەواتە بەدزییەوە هەڵی دەگرت و بەدزیشەوە پێش هاتنەوەم دەیخستەوە سەر قەرەوێڵەکە. چما لەم کونجکۆڵیە بێ مانایە شەرمەزار دەبوو؛ لە ڕاستیدا بەس یەک شتی دەخوێندەوە، بەشی پرسەنامەکان. جارێکیان لە گەڕانەوەمدا بۆ ماڵەوە ڕۆژنامەکەم دی بە دەستییەوە، پەشۆکا و شەرمەزار بوو، وایزانی دەبێت ڕوونکردنەوەیەک بدات: «هەندێکجار بەقەرز هەڵیدەگرم بزانم کێ مردووە، ببورە، بەس هەندێکجار، تێدەگەیت خۆ، لەگەڵ ئەم مردووانەدا پەیوەندیم هەبووە...»

بۆ دواخستنی کاتی نانخواردن، ئێواران دەڕۆیشتم بۆ سینەما و تا درەنگان نەدەهاتمە دەرەوە، سەرم گێژدەبوو کاتێک دەمبینی تاریکی گڵۆپی نیۆنی ڕێکلامەکانی ئاپۆرەداوە و تەمتومانی پاییزی شارەکەی لەمەش زیاتر توشی نەگبەتی و بێتاقەتی کردووە. سەیرێکی کاتژمێرەکەم دەکرد و لەبەر خۆمەوە دەمگوت باوەڕناکەم لەم کاتە درەنگەدا بتوانم لەم ڕێستۆرانتە بچوکانەدا خواردنم دەستکەوێت، یا لەوانەشە کێشەکە ئەمە بێت لە خشتەی ڕۆژانە و ئاسایی خۆم دەرچووم و نەمدەتوانی بگەڕێمەوە سەری، ڕام دەگۆڕی و دەموت دەڕۆم بۆ بیرە فرۆشییەکەی ئوربانور ئیتازی، ئەوەی لەژێر ژوورەکەی خۆم دایە. دەمویست تۆزێک لەوێ بوەستم و کات بەسەر بەرم.

لەو شەقامەی کە دەبوا لەوێوە تێپەڕم، بەس تێپەڕ بوون لە تاریکییەوە بۆ ڕۆشنایی نەبوو: هەموو دونیا دەگۆڕا. دەرەوە هەموو شتێک نامۆ و نادڵنیا و پەرت و بڵاوبوو، بەڵام ئێرە پڕە لە شێوازە بەرجەستەکان، لەو قەوارانەی ڕووبەرێکی قایم و بەرچاو و ڕەنگاو ڕەنگیان هەیە، ڕەنگی سوری ئەو هەمبەرگرەی لەسەر مێزی دوکانەکە قاژ دەکرا، ڕەنگی سەوز و خەت خەتی کراسی بەر خزمەتکارەکان و ڕەنگی ئاڵتونی بیرە. وا خۆم ڕاهێنا بوو بە شێوەیەک سەیری ئەو خەڵکانە بکەم وەک ئەوەی هەندێک سێبەری بێدەموچاون و خۆشم وەک سێبەرێکی بێدەموچاو ئەژمار دەکرد، بیرەفرۆشییە قەرەباڵغەکە سەرنجی ڕادەکێشام، لەناکاو بۆم دەرکەوت ئەمە دارستانێکە لە ڕوومەتە

نێرینە و مێیینەکان، وەکو هەندێک میوەی تازە و ڕەنگ جوان، هەرکامە و لەگەڵ ئەویتردا جیاوازی هەیە و هەمووشیان یەکتر ناناسن و غەریبن بەیەک. یەکەمجار هیوادار بووم ئەم لێرەبوونە سێبەر ئاسایەی خۆم بپارێزم، بەڵام دواتر تێدەگەیشتم وەک ئەوانیترم لێ هاتووە، یەک شێواز تەنانەت ئاوێنەش موو بە موو وەک خۆی پیشانی دەدایەوە، تەنانەت ئەو تۆزە ریشەی دوای تاشینی لە بەیانییەوە تا ئێستا تۆزێک هاتبووەوە، پیشانی دەدات و ناشتوانی لەوە ڕاکەیت؛ تەنانەت ئەو دووکەڵەی لە جگەرەکان هەڵدەستێ و لای سەقفەکەوە هەورێک دروست دەکات، شتێک بوو بە شێواز و پانتایی خۆیەوە و لە ڕاستی شتەکانی دیکەدا گۆڕانێکی دروست نەدەکرد.

پشتم دەکردە ئەو کاسانەی پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین، ڕاستەوخۆ دەڕۆیشتمە لای مێزی بارەکە، بەردەوام ئەوێ قەرەباڵغ بوو. لەگەڵ ئەوەی کورسییەک چۆڵ دەبوو، بازم دەدایە سەری و خزمەتکارەکەم بانگ دەکرد و ئەویش ریزێک پەرداخی سەفەری و پەرداخێکی گەورە بیرە و مینۆکەی دەخستە بەردەستم. پێم ناخۆش بوو، لەوەی خۆم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پیشان دابوو. ئێرە یانی بیرەفرۆشی ئوربانۆ ڕاتازی ئەو جێگەیە بوو هەموو جوڵە و کاتژمێرەکانیم لەبەربوو، لەقاتی ســەرەوەی بیرەفرۆشیەکەوە، لەناو ژورەکەمەوە، شەو نا شەوێک خەوم لێنەدەکەوت و ئەو ژاوەژاوەی ئێستا خەریکە دەنگەکەی من لەخۆیدا دەخنکێنێت، هەر ئەو ژاوەژاوەبوو وا ئێواران لە پلیکانە ئاسنینە ژەنگاویەکەی ژوورەکەمەوە دەهاتە سەرەوە.

دەمگوت: «تکایە گنۆچییەکی هەڵ نەپچڕاو!» خزمەتکاری بارەکە گوێی لە دەنگم دەبوو، دەڕۆیشت بەرەو لاقیتەکە و دەیگوت: «یەک گنۆچی هەڵنەپچڕاو» وامدەزانی ئەم سەوتە لە بڵندگۆی مەتبەخەکەوە بڵاودەبێتەوە و منیش، لە هەمان کاتدا هەم لەبەردەم مێزەکەدا دانیشتوم و هەم لەسەرەوە خزیومەتە ناو جێگەکەم و خەریکم سەرم دەخەمە نێو دەستەکانم بۆ ئەوەی ئەم وشە لارولوێر و هەراو هۆریای مرۆڤە سەرخۆش و زرینگە زرینگیی پەرداخە بیرە و ژاوەژاوانــە بخنکێنم و گوێم لێ نەبێت. لە ڕاستیدا ئەمە چیرۆکی هەموو شەوێکی من بوو.

لە نێوان هێڵەکان و ڕەنگەکانی ئەم دنیایەدا، بەشێوەیەکی ڕوون، درکی بێداری ئەم دنیایەم دەکرد، وەک ئەوەی من تەنیا دانیشتوی ئێرەبم. بەڵام لەوانەشە چارەڕەشی ڕاستەقینەش هەر لێرەدا بوو بێت، هەر لەم گڵۆپە داگیرساو و چاوە کراوانەدا، لەبەر ئەوەی بەهەر چەشنێک لێکدانەوەی بۆ بکەی لایەنی گرنگ و شایەنی ڕێزی هەرشتێک لە سێبەردایە و بیرەفرۆشی ئۆربانۆر ئیتازی تەنیا شتێک

کە هەیەتی هەندێک دەنگی نەشازە و لەتاریکی شەودا دەبیسترێت، «گنۆچیەکی هەڵ نەپچڕاو» و تڵق و تاقی بەرمیلە بیرەکان؛ تیشکی ترافیک لایتی سەرجادەکە سنگی مژەکەی دەدڕی و لەودیو شوشەی پەنجەرە تەمومژاویەکانەوە وێنەی لێڵی مرۆڤێکی دەردەخست.

بەیانیەک زوو کلۆدیا بەدەنگی جەڕەسی تەلەفۆنەکە لەخەو هەڵیساندم؛ لە رێیەکی دوورەوە تەلەفۆنی نەدەکرد؛ هەر لێرە بوو، لەئەم شارەدا، لە وێستگەی شەمەنەفەرەکەوە هەر ئەو ساتەی گەشتبوو، تەلەفۆنی کردبوو، لەبەر ئەوەی کاتی دابەزینی لە کوپەی شەمەنەفەرەکە، یەکێک لەو دەیان جانتایەی لەگەڵی بووەوە، ون بووبوو.

بە راکردن رۆیشتم بۆ وێستگەکە و بینیم لەپێش لەشکرێک لە حەماڵەکانەوە دێتە ناو ترمینالی وێستگەی شەمەنەفەرەکە. بزەی سەرلێوەکانی ئاماژەیەکی لەو نیگەرانی و بێتاقەتیەی چەند خولەکێک پێش لە تەلەفۆنەکەدا دەیگوازتەوە، نە هێشتبوو. زۆر جوان و شکۆمەند بوو. هەرکاتێک دەم بینی لەوەی کە بە تەواوی گۆڕاوە لەگەڵ جاری پێشتری سەرسام دەبوم. بەپەلە خەریک بوو هۆگری خۆی بۆ ئەم شارە دەردەبڕی و رای منی بۆ نیشتەجێبون و ژیان لەم شارەدا بە کارێکی باش دەشوبهاند. ئاسمان خۆڵە مێشی بوو؛ کلۆدیا، رووناکی و رەنگەکانی شەقامەکەی وەسف دەکرد.

لە ئوتێلێکی گەورەدا، سویتێکی گرت، کاتێک رۆشیتمە هۆڵی چاوەڕوانی، بەرپرسی ئوتێلەکە، هاتنی منی بە تەلەفۆن راگەیاند و دواتر کەوتمە شوێن خزمەتکارێک و تابەردەم ئەسانسۆرەکە، لەوێوە تا دەگەمە لای ژوورەکە. ئەمە مێشکی داگیرکردبووم. کەوتبومە ژێر کاردانەوەی هاتنی کلۆدیاوە، دیگوت لەبەر ئیشەکانی هاتووە، بەڵام لە راستیدا هاتبوو چەند رۆژێک لەگەڵ مندا بێت، کاریگەری ئەم دۆخەم توشی خەمۆکی کردبوم، لەبەر چاوما، کێشەی شێوازی ژیانی ئەو و من وەک برینێک دەمی کردبووەوە.

هەموو هەوڵێکی خۆمم یا ئەو رۆژە زۆر بە باشی تێپەڕێنم، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش لەدائیرە ماینەوە، بۆ ئەوەی یارمەتییەکان بنووسم، لە کاتێکدا ئەو رۆژە تایبەتمەندانەی لە پێشمەوە بوون دەهاتنە بەرچاوم. بەڵام کێشە ئەوەبوو کلۆدیا بۆ نانخواردن ببەم بۆ کوێ: رێستۆرانتە زۆر تایبەت و سەیرانگاکانی ئەم شارەم بە باشی نەدەناسی. وەک دەسپێک، بیرم لەوە کردەوە بڕۆینە سەر یەکێک لە بەرزاییەکانی دەوروبەری شار.

تەکسیەکم گرت. ئەوکاتە بوو تێگەشتم لەم شارەدا بە بێ سەیارە ناتوانی

کەسایەتیەکی تایبەت و جێی ڕێزت هەبێت (تەنانەت ئاواندرۆی هاوکاریشم سەیارەیەکی هەبوو)، من نەم بوو، تەنانەت نەم دەزانی چۆن لێی بوخرم. ئەوەی سەیارەم نەبوو هیچ گرنگ نەبوو بەلامەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا کلۆدیا لام بوو، زۆر شەرمەزار بووم. کلۆدیا، بە پێچەوانەوە، هەموو شتێک بەڕای ئەو لە جێی خۆیدا بوو، وتی ئەگەر سەیارەم هەبوایە بە دڵنیاییەوە کارەساتێک ڕووی دەدا، دواتر ئیشێکی کرد کە زیاتر ڕەنجاندمی، بە دەنگی بەرز وتی: توانا پراکتیکیەکانی تۆ بۆ من گرنگ نییە، بەڵکو ئەو ستایشگەری تواناکانی ترمە، وک ئەوەی پێویستی بە گوتن نەدەکرد تواناکانی تری من چین و لە کوێن.

هەرچۆنێک بێت تەکسیەکم گرت، بەڵام چۆن تەکسیەک، تەکسیەکی داڕزاوی داشقەی دەست سایەقێکی پیر. بەڵام کلۆدیا بەهیچ شێوەیەک بەلایەوە گرنگ نەبوو. ویستم بە سوعبەتەوە تێی گەیەنم دەستکورتی و چەرمەسەرییە، هەر دێتەناو ژیانمەوە، بەڵام کلۆدیا بۆی گرنگ نەبوو تەکسیەکە چەند ناشیرین و کۆنە، وەک ئەوەی بە هیچ شێوەیەک هەستی بەو شتانە نەدەکرد، من تێکەوتبوم و نەمدەزانی ئایا ئەم ژیانە پڕ چەرمەسەریەی خۆم تۆختر پیشانبدەم یان شتەکان بسپێرم بەچارەنوس.

بە گردە سەر سەوزەکانی ڕۆژهەڵاتی شاردا سەرکەوتین، ڕۆژ بەتیشکی زەردی خۆرەتاوی ئێوارانی پاییز ڕووناکبووبوەوە و دەوروبەری شاری بە ڕەگێکی ئاڵتونی نەخشاندبوو. لە ناو تەکسیەکەدا باوەشم پیاکرد و ئەگەر ڕێمبە عەشقەکەی بدایە، لەوانەیە ئەو ژیانە سەوز و ئاڵتونییە هاواری بکردایە بەسەرما و بیوتایە ژیان هەر ئەمەیە. وێنە تەمومژاویەکان بە خێرایی لەوبەر جادەکەوە لەپێشچاوم تێدەپەڕین (کاتێک کلۆدیاش باوەشی بە منداکرد چاویلکەکەم لەسەر چاوم لابردبوو).

پێش ئەوەی بڕۆینە ئەو ڕێستۆرانتە بچوکە، بە سایەقەکەم وت بمان بات بۆ جێگایەک بتوانین لە سەرەوە هەموو ڕوانگەکە ببینین. لە سەیارەکە دابەزیم. کلۆدیا کڵاوێکی ڕەشی گەورەی لە سەردا بوو و بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و «با» کەوتبووە ژێر تەنورەکەی. من هەڵبەز و دابەزم دەکرد و لوتکە سپیەکانی کێوی ئالپم پیشان دەدا کە کەوتبونە سەرو هەورەکان(من بە درۆوە ناوی کێوەکانم پێ دەگوت چونکە هەموویانم نەدەناسی). دواتر بەشەکەی تری ڕوانگەکەم پیشان دەدا، زنجیرەی کیچۆ و گرد و لادێ و جادە و چۆمەکان، لە خواریشەوە شار وەک سەبەتەیەک لە شتە بچوک و درەوشاوە و لێڵەکان بوو کە بەشێوەیەکی ورد و جوان بەشوێن یەکدا ریز کرابوون. هەستێکی گشتگیر منی

داپۆشی؛ نەمدەزانی سەیری کڵاو و تەنورەکەی کلۆدیا دەکەم یا روانگەکە. پاییز بوو و هەوا روون و پاک، بەڵام وای پیشان دەدا مژێکی چڕ داوێنی کێوەکانی گرتووە، زنجیرەی تەم سەر چۆمەکانی داپۆشیبوو، ریزی هەورەکان؛ و «با» هەموو ئەمانەی دەجوڵاندەوە.

پاڵمان یابوو بە دیوارێکی کورتەوە: دەستم خستبووە ناوقەدی کلۆدیا و سەیری ئەو روانگە بێ کۆتاییانەم دەکرد، لەناکاو ئالۆشی ئەم بیرۆکەیە کەوتە گیانم ئەم شتانە بنووسمەوە، بەڵام لە خۆم رازی نەبووم لەبەرئەوەی بە پێی پێویست ناوی شوێنەکان و ئەو رووداوە سروشتییانەم نەدەزانی؛ لە جێی ئەوە کلۆدیا خەریک بوو هەستەکانی لە هەڵچون و پرژانی عەشق باس دەکرد و وای پیشان دەدا ناکرێت ئەو هەستانە کۆنترۆڵ بکرێت.

لەم ساتەدا شتێکم دی. مەچەکی کلۆدیام گرت و گوشیم. «سەیرکە! خوارەوە سەیرکە!...»

ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵە چیروکی مێروولەی ئەرجەنتینی - ئیتالۆ کالڤینۆ- چاپی یەکەم چاپخانەی کاروانە.

و. فارسی: شەهرەیار وەقفی پوور.

وەرگیراو لە سایتی دیباچە.

# من کوردم




**نوسینی: عەزیز نەسین**
**و. لە فارسییەوە: کارزان محەمەد**

**وتەیەکی پێویست**

لەمێژە خوێنەرانی کورد ئاشنای بەرهەمەکانی (عەزیز نەسین)ی تەنزنووسی ناسراوی تورکیان، سەبارەت بەستایلی چیرۆکەکانی، خۆی لە وەڵامی پرسیارێکدا کە (چۆن یەکەم بەرهەمی بڵاوکرایەوە)دا، وەها وەڵامی دابۆوە کە (چۆن یەکەم بەرهەمم بڵاونەکرایەوە) و دەڵێت: یەکەم چیرۆکم بردە رۆژنامەیەک کە لە شارۆچکەکەماندا دەردەچــوو، ناوەرۆکی چیرۆکەکە پڕ بوو لە باسی تاڵی و سوێری ژیان، بەڵام سەرنوسەر کە خوێندییەوە قاقای لێدا و وامزانی گاڵتەم پێدەکات، بەڵام پێی وتم ستایلەکەت کۆمیدیانەیەو بۆت بڵاودەکەینەوە... بەڵام سپێدەی رۆژی دواتر، سەرجەم کتێبخانەکان گەڕام بەداخەوە پێیانوتم ئەمشەو بڕیادرا رۆژنامەکە دابخرێت!. پاشانیش دەربارەی چیرۆکەکانی خۆی دەڵێت: کیمیاگەرانی سەدەی بیست نەیانتوانی بەردبکەن بە زێڕ، بەڵام من توانیم فرمێسکی خۆم بکەم بەقاقای پێکەنین و پێشکەشی جیهانی بکەم.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمەڕوو، کاتێک لە ساڵانی هەشتاکانەوە کۆمەڵێک وەرگێڕی بەتوانا دەیان چیرۆکی ئەو نوسەرەیان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا کە دیارترینیان بریتی بوون لە:" گێلەپیاو، برایم زەبۆک، کلک براوەکان، بەپێی یاسای شەرع، هەشت چیرۆکی هەڵبژاردە، کوا کورتانی کەرەکە، تا لێم نەدەن نابم بەپیاو، بیرەوەرییەکانی دوورخراوەیەک، حیزبی کەرامەت و سەلامەت، کام حیزب سەردەکەوێت، دەرمانی بێخەوی...".. جێگەی خۆیەتی بپرسین داخۆ ئەم رەخنەگرە بەناوبانگەی کۆمەڵگای تورک، هەڵوێستی لەسەر چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لە وڵاتەکەیدا چۆنە؟ تەنها و تەنها بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و ئاگاداری خوێنەران لە هەڵوێستەکانی ناوبراو لەسەر کورد، وەرگێڕانی ئەم چیرۆکەم بەپێویستزانی و دوابڕیاریش بۆ خوێنەر جێدێڵم!.

**وەرگێڕی کوردی**

## (من کوردم)

نە قوتابخانەی سەرەتایی و مامناوەندی سەربازی و نە خوێندنگای سەربازی تەواوکردبوو، ڕاستیشت دەوێ هەرگیز نەچووبووە قوتابخانە. نە قەڵەمەکەی دادابوو و نە شەونخوونیشی بۆکێشا بوو. بەکورتی لەپێناو فێربووندا، هیچ هەوڵ و کۆششێکی نەکردبوو، بەڵام هەروەک شتێک کە لە سەر تەپۆلکەیەکەوە کەوتبێتە خوارێ، لەناکاودا بەفەرمانی بەرپرسانی باڵا، ببووە پادشا (جەنەڕاڵ-قوماندان). ئەو ساتەی کە ئاغا بووە، هەتا ئیمزاش فێر نەببوو هەربۆیە لەبری ئەوە پەنجەمۆری دەکرد. پاش ئەوەی بە فەرمانی پادشا بە پلەیەکی بەرزتری ئەفسەری دادەمەزرێت، ئیدی پەنجەمۆریشی بەعەیب دەزانی و مۆرێکی هێندەی نەعلێک دروست کردبوو و بەکاریدەهێنا.

ئێمە نابێ (جەمال بەگ) بەکەم بزانین یا بەچاویلکەی رەگەزپەرستییەوە بەتەکیدا تێپەڕین، چونکە بەرپرسیارێتی شاخ و کێوەکانی سەرسنوری تورکیا-ئیران و هەموو کوێستانەکان لەئەستۆی ئەودا بوو. دیار بوو کە لای ئەو، پارەوپولی چ والی و ئەمیرێک بەهای هەیە؟

والییەکان بە خۆپارێزییەوە مامەڵەیان لەگەڵ (جەمال بەگی کورد) دەکرد. باشە، لەڕووی ناچارییەوە بوو... چونکە بە زمانلێدان و گلەیی و گازاندەیەکی (جەمال بەگی کوردی) لای پادشا، کاری ئەو والییە بەجارێ کاول دەبوو. ئەگەر

گوللە لە زنجیرە شاخەکانەوە نەدەهاتن و هەروەک گەنمەشامی قوت نەدەبوونەوە، لەبەر چاوی ڕەشی (والی) نەبوو بەڵکو بەهۆی ڕێزگرتنی عەشیرەتەکان بوو لە (جەمال بەگی کوردی).

(جەمال بەگ) دەوڵەتێکیترە لە نێو دەوڵەتدا. ئەم جەنابە هەرگیز لەسەر زەوییەوە لەبەرامبەر سایەی خوداوەندی پایەبڵند (خودا بیپارێزێ)ی پادشادا سەری هەڵنەهێناوەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر کەسێک لە بەرامبەر (حەزرەتی خەلافەتی خاوەن پەنا)دا سەری بەرز بکردایە، ئەوا سەری لەژێر پێ دەنا و ڕایدەماڵی. پادشاش هەموو ئەم ملکەچییانەی بەندەکەی خۆی بەبێ پاداشت جێنەدەهێشت.

ئایا ئەم دەسەڵاتدارەی چیا و کوێستان و دۆڵەکان واتا ئەم (جەمال کوردە)یە، پێویستی بە چ هەیە؟ ئەگەر زێڕو ئاڵتون دەڵێی ئەوا بەخەروار هەیەتی، ژن بڵێی... زۆری هەن، زەویوزارت دەوێ هێندە بەرفراوانە کە نە سەری دیارە و نەپێ. پادشاش لە هەموو ئان و ساتێکدا کەلوپەلی دانسقەی دڵخۆشکەر بۆ (جەمال کوردە) دەنێرێ. باشە، ئەمانە چین؟....دەبێ بڵێین پلەوپایە و نیشانەی میدالن.

هەموو میدالیاکانی لەلایەن خەلیفەی پایەبەرزەوە وەرگرتوون، بۆ دانانی میدالیاکان هیچ شوێنێکی خاڵی نە لەسەر سنگی، نە لەسەر پشتی، نە لە لاتەنیشتی دەستەکانی، نە لەسەر شانوشەپیلکی، نە لەسەر پاڵتۆکەی شوێنێک نە ماوەتەوە، هێندە میدالیای وەرگرتووە.

وێـڕای ئـەوەش (جەمال کـوردە) میدالیای بەسەر سەرجەم پۆشاک و جلوبەرگەکانییەوە هەڵواسی بوو، دیسان چەندین هێندەش میدالیای بەدەستانەوە بوو.

کاتێک (جەمال کوردە) بیەوێ بچێتە سەفەرێکی درێژ، ئەوا لە پاشییەوە چەندین کەس میدالیاکانی بۆ هەڵدەگرن، پاشان (جەمال کوردە) لەبەرامبەر بەرپرسەکەی بەرامبەریدا میدالیاکان بەخۆیەوە دەکات. حەزی دەکرد لەبەردەم کەسی بەرامبەریدا، بە چل تا پەنجا میدالێکەوە دەربکەوێت، ئەوجا خۆی پێ پەسەند بوو.

پادشا سەرەتا پلەی ئاغای دابوویێ، پاشان ڕۆژ بەڕۆژ پلەی بەرز کرابۆوەو لەدوای جێبەجێکردنی هەر ئەرکێک، هێندەی دونیایەک پلە و بڕیاری بەخشینی میدالی لەلایەن پادشاوە پێدەگەیشت.

ئایا (جەمال کـوردە) لەژێر بارانی چاکەو پیاوەتی پادشادا بەئارامی دادەنیشت؟... نەخێر، هەرجارێک جلوبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمینی لەلایەن

پادشاوە پێدەگەیشت، ئەویش بۆ سەلماندنی وەفادارییی بۆ جەنابی پایەبەرزی پادشا، سندوقی پڕ لە ئاڵتونی بۆ خەزێنەو حەزرەتی موبارەکی پادشا دەنارد.

کاتێک (جەمال بەگ) تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵ و ڕیشی سپی بوو و بووە (بەگ)ێکی کورد. هەستی دەکرد ئارەزوویەکی لەنێو دڵدا ماوە. ئارەزووەکەشی ئەمە بوو کە لەپێناو وەرگرتنی پلەی قوماندانیدا خۆی بگەیەنێتە ئەستەمبوڵ. ئەم ئارەزووەشی بەشێوەیەکی زۆر گونجاو گەیاندبووە گوێی پادشا. پادشاش ئەم ئارەزووەی (جەمال کوردە)ی هێنایەدی کە لە دڵ و گیانەوە وەفاداری بوو.

پادشا ئەوی بەسیفەتی قوماندانی قشڵەی سەربازی (سلێمانیە) دانا. بەڵێ ئەوی کرد بە قوماندان، بەڵام ئەم قوماندانییە تەنها بۆ دڵخۆشکردنی نۆکەرێکی ئەڵقە لەگوێی خۆی بوو. ڕاستت دەوێ هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیشی نەدابوویێ، چونکە کەسێکی نەخوێندەوار بوو.

(جەمال کوردە) جلوبەرگەکەی بەزێڕ نەخشێنرا بوو، لەکاتێکدا کە گوڵینگەو قۆپچە بریسکەدارەکانی تەواوی جلوبەرگەی داپۆشیبوو، لەگەڵ میدالیاکانیدا تێکەڵاوی کردبوون. سمێڵیشی تا بناگوێی درێژکردبۆوە، ڕیشی کورت کردبۆوە. لەنێو قشڵەی سەربازی (سلێمانیە)دا هەروەک نێرەقەلێک کە باڵەکانی فش دەکاتەوەو دەسوڕێتەوە، پیاسەی دەکرد. دەنگی زرینگە زرینگی میدالیاکانی کە بەسەر سنگیدا هەروەک گوانی پڕ شیری بزنەکانی دوورگەی ماڵتا تێکەڵ بەیەکدی ببوون، دەگەیشتە ئەولای دالان و ڕاڕەوەکانی دیکە. جگە لەو پیاسەکردنە خاوخلیچکەی بەملاولاشدا، هیچ کارێکی دیکەی نەبوو.

(وەزیری بەرگری) یەک لەدوای یەک و زۆر بەجددی فەرمانی دابوو هیچ کارێ بە (جەمال پاشای کورد) نەسپێردرێ، ئەو لەنێو قشڵەی سەربازیدا هەروەک مارشاڵێکی بزۆک هەر دەخولایەوە. ئارەزوومەند بوو تا کارێک ئەنجامبدات.

هەموو سپێدەیەک کە دەهاتە نێو قشڵەکەوە، لە پاسەوانەکەی دەپرسی:

* هێی... پاسەوان!

– ئەمر بفەرموو جەنابی قوماندان!

* چی هەیە، چی نییە؟

–قوماندان.. هەر سەلامەتیتان.

* ئایا هیچ کارێ نییە؟

– نەخێر، قوربان هیچ کارێکمان نییە...

هەموو بەرەبەیانییەک (جەمال پاشای کورد) ئەم پرسیارەی دەکرد، پاسەوانەکەشی هەمان وەڵامی دەدایەوە.

(جەمال پاشای کورد) حەزی بە ئەنجامدانی کارێک دەکرد و دەیویست خۆی دەربخات. تا رۆژێ بەم ئارەزووەی گەیشت. ئەو رۆژە سەرەتای هەفتە بوو، ئەفسەرێک لە مۆڵەتی هەفتەکەیدا (رۆژی هەینی) بەپێچەوانەی یاسای سەربازییەوە، کەتنێکی کردبوو. کاتێک (جەمال پاشای کورد) چووە نێو قشڵەوە، چاوی بەگۆشەیەک کەوت کە ئەفسەرێکی باڵابەرز و چوارشانەی ناوچەوان تاریک و سمێڵ ڕەشی لێبوو، بەگوناهبارانەوە ڕاوەستابوو.

(جەمال پاشای کورد) هەروەک جاران لە پاسەوانەکەی پرسی:

* هێی... پاسەوان!

-ئەمر بفەرموو جەنابی قوماندان!

* چی هەیە، چی نییە؟

-قوماندان.. هەر سەلامەتیتان.

* ئایا هیچ کارێ نییە؟

- نەخێر، قوربان هیچ کارێکمان نییە...

* ئەو ئەفسەرە بۆ لەوێ وەستاوە؟

- قوربان، لەلایەن بلۆکی ئەفسەرانەوە سکاڵایەکی لەسەر گەیشتووە.

(جەمال پاشای کورد) کە چەندین مانگە چاوەڕوانی ئەنجامدانی کارێکی دەکرد، کەیفی بەم بەزمە ساز بوو و برۆکانی هێنایەوە یەک و سمێڵیشی کەمێ داشۆڕاند و وتی:

*سکاڵا؟

-بەڵێ، جەنابی جەنەڕاڵ.

(جەمال پاشای کورد) بەچەشنە ڕق ئەستوورییەکەوە نۆڕییە ئەفسەرەکە کە گوایا ئەو بەو سەرنجدانەی خۆی، ئەفسەرەکەی لەجێی خۆیدا سست کردووە. پاشان وتی:

* پاسەوان، سکاڵاکە بخوێنەرەوە....سکاڵانامەکەی بخوێنەرەوە

یاوەر دەستی بە خوێندنەوەی سکاڵانامەکە کرد:

- "بیستویەکی رەبیعولئەوەل ڕێکەوتی رۆژی هەینی، لە بلۆکی سوارە ئەفسەر (زڵفی) لە مەیخانەی (ئەفاستۆڵ) ڕاییواردووەو...."

(جەمال پاشای کورد) بەهاوارەوە وتی:

* چی؟ چی؟ ئایا خواردوویەتەوە... وەی...وەی... وەی... خواردنەوە... ئای...ئای... ئای...پاشماوەی سکاڵاکە بخوێنەرەوە پاسەوان، پاشماوەکەی بخوێنەرەوە....

- "ڕایبواردووە، پاشان بەزۆرەملێ ویستویەتی بچێتە نێو حەمامی تایبەتی ژنان لە (مەدەمەکی). کاتێک کە (کیرکەگۆر)ی پاسەوان ڕێگای لێگرتووە، پەلاماری ئەویشی داوەو سەری شکاندووە.

(جەمال پاشای کورد) لەکاتێکدا سیرە سیرێ بە ددانەکانی دەکرد، جارێکیتر وتی:

* چی؟ کەللەی پاسەوانەکەی شکاندووە؟...کەواتە کەللەی خۆی بەشکاندن داوە...کەللەی ئەویش دەشکێنین... پاسەوان، ئەوی دیکەش بخوێنەرەوە... پاشان چ بوو؟

پاسەوان خوێندییەوە:

-"پاشان چۆتە نێو حەمامی تایبەتی ژنانەوە و دەستدرێژی بۆسەر ژنێک..."

پاشان دەستی بە نەڕاندن کردەوەو سەری بادا و وتی: چی؟ ئایا پەلاماری ژنانی داوە؟.. وای بەسەر باوکی، وای...وای...وای... پیاوەتی ئەویشی شکاندووە.

لەکاتێکدا توڕەیی و غەزەبی (جەمال پاشا) هەروەک بورکانێک ئاگراوی ببوو، بەهۆی توڕەییە زۆرەکەیەوە ڕیشی دەلەرزی، بە پاسەوانەکەی گوت:

* ئەی پاسەوان بنووسە!... قسەکانم بنووسە... بەهۆی خواردنەوەی (مەی) ەوە پلەی لێ بستێننەوە، لەبەرئەوەی کەللەی یەکێکی شکاندووە، دوو مانگ زیندانی و... چونکە دەستدرێژی کردۆتەسەر نامووسی ژنان بۆ (فیزان) دوور بخرێتەوەو....

(جەمال پاشای کورد) لەو ساتەدا کە دەیوست درێژەی بداتێ تا پاسەوانەکەی بینووسێت، بەڵام هەر ئەو ئەفسەرە باڵابەرز و ڕەشتاڵەیەی (بلۆکی سوارە)، لە (جەمال پاشا) نزیک بۆوەو بەزمانی کوردی گوتی:

- از مال باتی تە مە پاشا... از کرمانجی مە (پاشا گیان... پەنام بۆ تۆ هێناوە، من کوردم)

کاتێک (جەمال پاشا) ئەم گوتانەی بیست، بێئاگایانە دەستی بۆ ڕیشی بردو ڕیشی خوراند و گوتی:

* وەها بڵێ گیانە...

جەنەڕاڵ یەکسەر نەرم بوو، ڕووی بۆلای پاسەوان وەرگێڕا و گوتی:

* پاسەوان...

- ئەمر بفەرموو جەنابی جەنەڕاڵ.

*تۆ جارێکیتر سکاڵانامەکە بخوێنەرەوە، باش لێی تێنەگەیشتم.

پاسەوانەکە جارێکیتر دەستی بەخوێندنەوەی سکاڵانامەکە کردەوە:

-"بیستویەکی ڕەبیعولئەوەل ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی، لە بلۆکی سوارە ئەفسەر (زلفی) لە مەیخانەی (ئەفاستۆل) ڕابواردووەو...."

کاتێک پاسەوانەکە گەیشتە ئەم بەشەی سکاڵانامەکە، (جەمال پاشای کورد) گوتی:

* ئاخر دەخواتەوە با بخواتەوە. بێگومان ئەفسەری پادشایەکی وا مەزن هەر دەخواتەوە.. خودایا ئەم ئەفسەرە باشە زۆر کەمیش خواردوویەتەوە. باشە، پاسەوان ئەوی دیکەش بخوێنەرەوە...

- "ڕابواردووە، پاشان بەزۆرەملێ ویستویەتی بچێتە نێو حەمامی تایبەتی ژنان لە (مەدەمەکی) و ویستویەتی..."

*سەیرە. باشە بچێتە ژوورەوە چ قەیدیە! پاسەوان... ئەو ئەفسەرێکی مەزنی پادشامە، کام کاری گەورەی بە باشی ئەنجام نەداوە... ئەوی دیکەش بخوێنەرەوە...

- (کیرکەگۆر)ی پاسەوان ڕێگای لێگرتووە، پەلاماری ئەویشی داوەو سەری شکاندووەو..."

* سەری شکاندبێ هیچ نییە. بێگومان هەر دەیشکێنێ، قوربانت بم پاسەوان... ئەو ئەفسەرێکی گەورەی پادشایە.... دەتوانێ سەری بشکێنێ و هەم دەتوانێ سەروکەللەی کەسانیتریش شەقار شەقار بکات.. ئەوانە کافرن و ئەم موسڵمانە... ... ئەوی دیکەش بخوێنەرەوە...

-"پاشان چۆتە نێو حەمامی تایبەتی ژنانەوە..."

* دیارە هەر دەچێتە ناو حەمامەوە، دەی بە قوربانت بم...

- "سەرەنجام دەستدرێژی بۆسەر ژنێک...."

* بەڵێ، بێگومان گیانە... هەم دەتوانێ دەستدرێژیان بکاتەسەر و هەم دەتوانێ بیانخاتە ژێر باندووی خۆیەوە. مامەڵەی ئەم ئەفسەرە زۆر لە پادشای خاوەن شکۆمان دەچێ. ئەی پاسەوان بنووسە لەبری لێسەندنەوەی پلەکەی، پۆستەکەی بەرز بکرێتەوەو... لەبری دوو مانگ زیندانی ئەوا...... و لەبری دوورخستنەوەی بۆ (فیزان) ئەوا..... بکرێت!

***

**سەرنج: سەرنجی وەرگێڕی تورکی بۆ فارسی**

ئەم تەنزەی (عەزیز نەسین) لە ساڵی (١٩٥٨) نوسیویەتی، دەربارەی ئەفسەرێکی کوردو جەنەڕاڵێکی کوردە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا.

ڕوونکردنەوەی دەستەواژەکان:

١- پادشا: نازناوێکە کە لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بە بەرپرسان و ئەفسەرە پلە بەرزەکان دەوترا، لە سەردەمی سیستمی کۆماریشدا بە جەنەڕاڵەکان دەوترا.

٢- بزنی دوورگەی ماڵتا: مەبەست لە خاکە بەپیتەکەی دوورگەی ماڵتایە کە بزنەکانی زۆر شیردەرن.

٣- کیرکەگۆر: ناوێکی ئەرمەنییە و لە چیرۆکە ئەرمەنییەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوی (کیرکەگۆر) بەکارهێنراوە.

**سەرچاوە:**

مجله (نی)، شماره ٨و٩، سال پنجم، اگوست و سپتامبر ٢٠٠٧

**سەرچاوەکەی لە ئینتەرنێتدا:**

http://www.kotiposti.net/msaleha/nai_5/sh8_9/sh8_9_p%2013.html

# هونەر

# هونەر


سایکۆلۆژیای چێژی هونەریی لای منداڵان — تەها ئەحمەد رەسوڵ

”بۆ ئەوەی تەنیا نەبم، گوێ لە مۆسیقا دەگرم“ — بەرهەم ئەنوەر

دیدار لەگەڵ خەسرەو حەمە کەریم — سازدانی: بارین عەلی

# سایکۆلۆژیای چێژی هونەریی لای منداڵان



**تەها ئەحمەد رەسوڵ**

داهێنان شێوەیەکە لە چالاکی مرۆیی و یەکێکە لە گرنگترین کایەی توێژینەوەی زانستی لای بیرمەند و توێژەرەوان لە زۆرینەی وڵاتاندا، تەنانەت وڵاتێکی وەکو ڤەنزوێلا وەزارەتێکی تەشکیل کردووە کە بایەخ بە داهێنان و داهێنەران دەدات و ناوی لێناوە (وەزارەتی ژیریی)، هەموو ئەمەش لەپاش ئەوەوە سەریهەڵداوە و روونبۆتەوە کە پێشکەوتنی زانستی بەبێ پێشخستنی توانستی داهێنەرانەی مرۆیی نایەتە ئەنجام. هەر بۆیە پرۆسەی داهێنان، لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی زیاتر بەخۆوە دەبینێ و لەو پێناوەدا کۆڕ و سیمیناری هەمەچەشن لەبارەیەوە ساز دەکرێت، دەروونناسەکان بایەخی ئەوتۆ دەدەن بە ئەفراندن و داهێنەران، لەکاتێکدا کار و ئەرکی دەروونشیکاریی نییە بەتەنها تاوەکو لە داهێنان بکۆڵێتەوە، بەڵکو پەروەردە و سۆسیۆلۆژیا و مێژووی هونەر و بایۆلۆژیاش لەو پێناوەدا رۆڵی خۆیان دەگێڕن سەرباری رەخنەی هونەریی و فەلسەفەی ستاتیکا.

## سایکۆلۆژیای داهێنان

چەندین شیمانە هەن کە دەروونناس و پەروەردەکاران پێی گەیشتوون سەبارەت بە سرووشتی داهێنان و داهێنەران، دەشێت بەمشێوەیە پوخت بکرێنەوە:

یەکەم: هەستکردن بە گرفتەکان، چونکە بەشێکی ئەوتۆی سەرکەوتنی داهێنەرانە، لەسەر پرسیارکردن دەوەستێتەوە، بێگومان چۆنێتی پرسکردنی دروست و شیاو لەگەڵ وەڵامدانەوەیاندا.

دووەم: دەشێت فاکتەری دەرکەوتن و هاتنەئارا، بوونی هەبێت یان چەندین هۆکار لە بەهرەی داهێنەرانەدا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەموو داهێنەرەکان بکەونە ژێر کاریگەریی زەمەنەوە تاوەکو بەخێرایی بەخششیان هەبێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە کەسێک بتوانێت زۆرترین بیرۆکە لە کاتێکی شیاودا بەرهەمبهێنێ.

سێیەم: مرۆڤی داهێنەر خاوەنی بیرۆکەی هەمیشە زیندوو و تازە بێت، ئاستی نوێبوونەوە لە داهێناندا گرنگە.

چوارەم: ئامادەکاریی دەروونیی و ئاسانی لە گۆڕینیدا فاکتەرێکی گرنگی داهێنانە، مرۆڤێکی وەستاو و چەقبەستوو بە بیرۆکە و شێوازێکەوە کەمتر دەڕۆستی داهێنان دێت، وەک لەو کەسەی بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەن و گۆڕانخوازی هەیە بۆ هەر بیرۆکەیەک گەر پێویست بکات.

پێنجەم: زۆرینەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، پێویستیان بە رێکخستنی بیرۆکەکان هەیە لە ئاسۆی بەرفراوان و گشتگیردا.

دیاریکردنی کاری داهێنەرانە ئەم دوو خەسڵەتە لەخۆ دەگرن: یەکەم: دەشێت خەسڵەتی داهێنەرانە بلکێت بە هەر کردەیەکی مرۆییەوە، نەک هەر بە نمایشکردن و شیعر نووسینەوە، بەڵکو هەر کردەیەک کە مرۆ ئەنجامی دەدات و داهێنانی تێدا دەکات، ئیدی پیشەیی بێت وەک دارتاشی و یاری شەق و خۆشەویستی و لەم شتانە. دووەم: تەنها بلیمەتەکان نین کردەی داهێنەرانە ئەنجام دەدەن، بەڵکو ئەم خاسیەتە رەنگە لە کارە کەمبایەخەکان و ئاستی جۆراوجۆریشدا بوونی هەبێت، ئەوەش بەپێی توانست و ژیریی، هەرچی داهێنانی خودییشە پێودانگی هەمەجۆر حوکمی لەسەر دەدەن، وەختێ کەسێک بەشێوازی تایبەتمەند شتەکان لێکدەدات و ئاوێتەی یەکتریان دەکات، ئەوەش بەو شێوەیە، کە لاسایی ناکاتەوە و کاریگەرییە دیاریکراوەکان پۆلێن دەکات و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە تاوەکو کاریگەریی داهێنانی خۆی لەسەر ئەوانی تر ببینێتەوە.

ئەگەر وەهای دابنێین سەرسوڕمانی کاریگەر، نیشانەی بەرچاوی کاری داهێنەرانە بێت، ئەوا پێوەری سایکۆلۆژیمان کردۆتە پێودانگی داهێنان، لە راستیشدا کاری داهێنراو هەمیشە ئاسودەیی و دڵخۆشی و خۆشنودی لای کەسی داهێنەر دروست دەکەن و بەرەنجامی دەروونیی لێدەکەوێتەوە هەم بۆ داهێنەرەکە و هەم بۆ وەرگریش لە زۆربەی کاتەکاندا.

کاری داهێنەرانە کارێکی خودیی و نوێگەرییە و تێگەیشتنە لە رابردوو تاوەکو سەرلەنوێ بخەملێنرێتەوە و لەگەڵ ئێستا و داهاتوودا بگونجێت، وەک چۆن ئەو سەردەمەی هونەرمەند تێیدا دەژی کاریگەریی هەیە لە کارکردن و داهێنانەکانیدا، بەو شێوەیەش چۆنێتی سەردەمانی منداڵی رۆڵی هەیە لە کەسێتیی و خەملاندنی ئەو ئەفراندنانەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەفراندن بنەما و پێوەری جێگیری نییە و بەندە بە شێوازە تایبەتییەکانی روانین و دیدگاوە و تێکەڵ دەبێتەوە بە جیهانبینی و روانینی ئەوانی ترەوە، لە ئاوەزێکی بیرکەرەوە و هەستیارەوە دێتە مەیدان.

مامۆستایانی هونەرمەند کە کاری داهێنەرانە پرۆسێسە دەکەن، دەتوانن هەم بەخششی خۆیان بدەنە قوتابییەکانیان، هەم بەخششی ئەوانیش هەڵسەنگێنن و تۆوەکانی داهێنانیان دەستنیشان بکەن، تاوەکو زیاتر پەرەیان پێ بدەن و بەپێی رێنماییەکانیان ئاراستەیان بکەن، سەرەتا چێژ لە هونەرەکەیان وەربگرن و ئەو چێژ و چەشەیەیان لەگەڵدا بگۆڕنەوە، واتە دیاریکردنی تۆوەکانی هونەر و پرۆسەی چێژوەرگرتنی هەردوولا، بەڵام سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە وانەی هونەر دەڵێنەوە و خۆیان هونەرمەند نین، ناتوانن رێنماییەکی سەرکەوتووانەی خوێندکارەکانیان بکەن و کۆسپ و لەمپەریش دروستدەکەن لەبەردەم بەهرەی هونەرییاندا، یان پێگەیشتنی هونەرییان، لەوێشەوە تێکدانی چێژ و چەشە و دواخستنیان لە بەخشش و داهێنانیان.

زۆربەی توێژەرەوان گرنگی بە پاشخانی خێزانی دەدەن لە داهێناندا، دەستنیشانی خوێندکارە هونەرمەندەکانیش دەکەن کە لەلایەن باوکان و دایکان و نزیکەکانیانەوە بایەخیان پێدراوە و دەرفەتیان بۆ رەخساندوون، بەڵکو زۆرینەی باوکانیش رێزیان لە بەخششەکانیان گرتوون و لە رێیەکی دروستدا ئاراستەیان کردوون، سەرباری متمانەبەخشینیش بە تواناکانیان، لەوەش گرنگتر بەخشینی ئازادی و سەربەستییە بە منداڵەکانیان بۆئەوەی خۆیان هەستن بە دۆزینەوەی جیهانی دەوروبەریان، هاندانی منداڵ لەو کردەیەدا وا دەخوازێت، جگە لە رێنمایی و ئاراستەکردن، سەربەخۆییش بدرێت پێیان تاوەکو لەژێر چاودێریدا نەمێننەوە و ئەقڵ و هەستیان بەشێوەیەکی سرووشتی گەشە بسێنن، نەک کۆنترۆڵ بکرێن

و یاسا و ڕێسای هەمەجۆریان بۆ دابنرێت، چونکە متمانە و ڕێز و بەخشینی سەربەستی، کاریگەرییەکی ئەکتیڤی هەیە بۆ نەشونماکردنی هەست و ئەقڵ و کەسێتیی منداڵ کە دواجار بەپێی ژیانی تاکەکەس ڕەنگدەداتەوە لە گەورەبوونیدا.. وەختێ لەو سەربەستییە دەدوێین، مانای ئەوە نییە لە سنووری هەموو دیسپلین و ڕێکخستنەکاندا بچنە دەرەوە و هیچ شتێک نەمێنێتەوە تاوەکو پابەندی بن، داهێنانیش بەمانای ڕزگاربوونی تەواو ناگایەنێت لە هەموو کۆتوپێوەندەکان، بەڵکو گۆڕینەوەی بیروڕا و پێدانی بۆچوونی تەندروست، چێژی هونەریی زیاتر دەکات لەلای منداڵ نەک گۆشەگیربوون و تەریکبوونی و کارکردنی سەربەخۆ، کە گەورەکان لە دەرەوەی هەموو پرۆسەکاندا بن، منداڵیش ئەو بوونەوەرەیە کە هەمیشە خوازیارە سەرنجی گەورەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت و ببێتە جێی بایەخ، واتە دروستکردنی وەرگران و جەماوەرێکی نزیک کە هەست بە تواناکانی بکەن و لەگەڵیدا بەشدار ببنەوە، کاری هونەریی لە بنەڕەتیشدا، چ لای هونەرمەندان و چ لای منداڵانی خاوەن بەهرە و دەستڕەنگین و لێهاتوو، دروستکردنی نمایشێکە کە بەرهەمهێنەران و وەرگران تێیدا بەشدار ببنەوە نەک کارکردنێک کە یەک لایەنە بێ و زۆر خودیی بێت، واتە سەربەستی لە کارکردندا، بەڵام بەپێی کاریگەرییەکان و داخوازییەکان کە لای هەردووکیان بوونی هەیە.



## سایکۆلۆژیای منداڵی داهێنەر

بەگشتی منداڵانی بەهرەمەند، خاوەنی چالاکی و هێز و تەندروستییەکی باشن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتییان تێدا هەیە و بەخێرایی لە شتەکانی چواردەور تێدەگەن و خاوەنی پرسیارگەلێکن، تاوەکو وەڵامەکان دەستگیر بکەن، دەتوانین خەسڵەتەکانیان بەمشێوەیە دیاری بکەین:

ئارەزوویان هەیە بە قووڵی رۆبچنە ناو پانتاییەکانەوە، ئەوەش بەپێی پرسیارە قووڵ و بەردەوامەکانیان، بایەخی ئەوتۆ دەدەن بە وشە و بیرکردنەوەکان، هەوڵدەدەن لەرێی فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکانەوە زانیاری پڕ بایەخ دەستگیر بکەن، گرنگی دەدەن بە زمانێک کە گوزارشت بێت لە بۆچوون و دەربڕینەکانیان، چێژ لە خوێندنەوە دەبینن و بەشێوەیەکی باش و لە ئاستێکی بەرزدا بەشداری نووسینەکان دەکەنەوە، لەوەشدا بەخێرایی و زۆر تینوو دەخوێننەوە و زانیارییەکان لای خۆیان دەهێڵنەوە، واتە خێرا شتەکانیش وەردەگرن، حەزدەکەن لەگەڵ گەورەکاندا دابنیشن و چێژ لە قسە و دانیشتنەکانیان وەردەگرن، خاوەنی رۆحێکی خۆشنوود و دەم بە پێکەنین و کراوەن، ئارەزوویەکی بەتینیان هەیە، کە لەوانی تر سەرکەوتووتر بن، بەخێرایی تێدەگەن و کارەکانیان بەئاسانی جێبەجێ دەکەن، بایەخێکی ئەوتۆ دەدەن بە سرووشت و گەردوون، هەروەها بە سرووشتی مرۆڤ و جیهانەکەی، حەز دەکەن پشکنین و پۆلێنکاریی شتەکان بکەن، تاوەکو ئەو زانیارییانە لای خۆیان بپارێزن و تۆماریان بکەن، خاوەنی خەیاڵێکی بەرفراوان و بیرکردنەوەن، هەروەها یادەوەرییەکی زۆر بەتینیش و بەبیرهاتنەوەی وردی شتەکان، سەرنج و تێبینی ورد و توانستی بیرکردنەوەیەکی رێکخراویان هەیە، زیرەکن لە هەموو وانەکاندا و بیری زانستی و ئەدەب و هونەر و بیرکارییان تێدایە، متمانەیان بەخۆیان هەیە و خاوەن بەزەیی و گەشبینین و ئارەزووی گاڵتە و گەپ دەکەن.

هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵانی بەهرەمەند پشت بە خۆیان دەبەستن و لەرووی دەروونییەوە جێگیرن و دەمارگیرییان نییە، بەرامبەر بە هەڵوێستەکان رەفتاری دروست دەنوێنن و دان بەخۆیاندا دەگرن، هەروەها بەرپرسیاریی لەئەستۆ دەگرن و گیانی هاریکارییان تێدایە و لە پەیوەندییەکاندا بەسەر خۆیاندا دانەخراون. هەردەم لە گەڕان و پشکنین و فێربووندان و پرسیاری نەبڕاوە ئاراستە دەکەن، ئاستی ویستەکانیان بەرزە و خێرا دەگەنە ئەنجامی ئەو کار و فرمانانەی پێیان دەسپێردرێ، یاخود لای خۆیانەوە پێی هەڵدەستن. لە بەشداریکردنی کۆبوونەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

سەرکەوتوون و وەختێک دەدۆزنەوە و بەخشش پێشکەش دەکەن، خواستیانە کۆمەڵ و دەوروبەری خۆیان سەربخەن، بایەخ بە رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی دەدەن و لەرێی توانستیانەوە کە سەرنجەکان بۆ لای خۆیان رادەکێشن کاریگەریی دروست دەکەن.

لەو میانەشدا بەرهەڵستی پەستانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و تامەزرۆی سەربەستین، شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و هەوڵی ئەنجامدانی کاری گەورە دەدەن.. ئەم منداڵانە تواناشیان هەیە رەخنە لەخۆیان بگرن و خەوشەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن، پێشنیارەکان قبوڵ دەکەن سەرباری رەخنەش کاتێک ئاراستەیان دەکرێت بێئەوەی لە ورەیان کەم ببێتەوە، ئارەزووی گەمە و یاری ئاڵۆز و سەخت دەکەن، لەگەڵ ئەو یاری و چالاکییانەی پێویستیان بە بیرکردنەوە هەیە، شتێک لە قۆشمەیی ئارەزوو دەکەن و گوێ نادەنە ئەو کۆت و پێوەندانەی کۆمەڵ دەیخەنە سەریان، لە کاتی گرفت و ئاستەنگەکاندا بیروڕا دەردەبڕن و هەوڵی چارەسەریان دەدەن. هەندێ جاریش وەها دێنە پێش چاو کە سەرکێش و یاخین و ملکەچی فرمانەکان نەبن، بەڵام ئەوان هەوڵی خۆ نواندن نادەن و شانازیی بەخۆیانەوە ناکەن. زوو قایل دەبن و دەمارگرژ نابن سەرباری ئەوەی خێرا تووڕەش دەبن لە نارێکییەکان و دەستبەرداری بۆچوونەکانی خۆیان نابن بەئاسانی، گیانی لێبووردەییان تێدایە و هاوسەنگی دەپارێزن، ئارەزوو دەکەن خێرا رابکەن و هەمیشە وزەیان هەیە، گورج ئەرکەکان رادەپەڕێنن و دەرفەت لەکیس نادەن، سەبارەت بە مەسەلەکان، بەباشی دەدوێن و وردەکاریی شیاویان بۆ دەکەن.

## گرفتەکانی منداڵانی داهێنەر و بەهرەمەند

هەندێکجار ئەم منداڵانە رووبەڕووی گرفتی تایبەتی خۆیان دەبنەوە کاتێک گەورەکان خراپ مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکانیاندا دەکەن، ئەوەش بەو پێیەی ئاستی پێشکەوتووی مێشکیان ئەو جیاوازییانە دەخوڵقێنن، بۆیە دەبێت گەورەکان بەشدارییان بکەن و هانیان بدەن تاوەکو وەک کەسانی ئاسایی رەفتاریان لەگەڵدا بکرێ نەک وەک دژ و جیاواز، چونکە منداڵانی داهێنەر و بەهرەمەند گەرچی وەک گەورەکان رەفتار دەنوێنن، بەڵام خۆیان منداڵن و پێویستە وەک قۆناغی منداڵییان تەماشایان بکەن و لە گەمە و چالاکییەکانیاندا بەشدارییەکی دروستیان بۆ فەراهەم بکرێت، ئەو گرفت و ئاستەنگانەش کە بۆیان دێتە پێشەوە دەکرێت بەمشێوەیە بن:

خراپ مامەڵەی منداڵانی بەهرەمەند لەلایەن قوتابییەکانی هاوپۆلیانەوە، کە دەزانن ئەوان لە ئەرکی قوتابخانەدا سەرکەوتوون، یاخود ستایشکردنی گەورەکان تاوەکو لە پێگەی ئەوان کەم بکرێتەوە، بایەخدانی مامۆستایان بە وانەی ئەکادیمی بۆئەوەی منداڵان پابەندیان بن بێئەوەی گوێ بدەنە بەهای توانستیان لە هەموو چالاکییەکاندا، لاوازیی هەستی مامۆستاکان بۆ وەڵامدانەوەی بەخششی منداڵانی بەهرەمەند و پێنەزانینی توانای جیاوازیان، هەروەها زۆرلێکردنی باوکان بۆئەوەی منداڵەکانیان زووتر پێبگەن و گەورەبن، لەو ژینگەیەدا هۆکاری دیکەش بوونیان هەیە کە کێشە دروست دەکەن و منداڵ هەست بە دابڕان دەکات، لەوانە:

گوێنەدان و نکوڵیکردنی باوکان و خزمان لە توانای منداڵەکان و کەمکردنەوەی بایەخیان، جیاوازیی ئەقڵی منداڵ و خێزانەکەی تاوەکو شتێک نابیننەوە لە ماڵەکانیاندا شایانی وروژاندن بێت، ئەوەش پەیوەندی بە هەست و خولیاکانەوە هەیە و وایان لێدەکات هەست بکەن لەگەڵ ئەوانی تردا ناگونجێن، سەختی ئەو پێوەرانەی قوتابخانە و ماڵ لەسەریان دەیسەپێنن بەر لە دەستنیشانکردنی تواناکانیان، قۆستنەوەی بەهرەی منداڵەکان لەلایەن قوتابخانە و کۆمەڵگەوە بۆئەوەی لە کێبڕکێدا بەکاریان بهێنن لەپێناوی وەرگرتنی پاداشتدا. منداڵ لەو دۆخەدا ئیدی وەڕس دەبێ لە ئەرکەکان و یاخیبوونی پێدەبەخشێت، هەندێک جاریش هەستکردن بە تەنیایی لەوەی توانا و بەهرەکانیان جیاوازە لە قوتابییەکانی تر و یەک جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بێگومان منداڵانی بەهرەمەند زۆرینەیان لەڕووی جەستەوە دەشێت بچووکتر بنوێنن بە هاوەڵەکانیان، ئەوەش وا دەکات لە گەمە و یارییەکاندا بەشدارییان نەکەن و تەنیا بمێننەوە، هەروەها خولیاکانیشیان لەوان ناچن.

بۆ پاراستنی دروستی دەروونیی منداڵی بەهرەمەند، چەند ئامانجێک هەن پێویستە دەستەبەر بکرێن، چونکە منداڵی بەهرەمەند پێویستە بزانێت کەسێکی سەرکەوتووە ئیدی لە قوتابخانەدا بێت یان لە ماڵەوە و دەرەوەدا، هیچ پاساوێک نییە بۆ شاردنەوەی بەهرەکەی و دەبێت پیادەی بکات، لەبەرئەوە پێویستە هاوکاریی بکەین تاوەکو ئەرکەکانی پێپزانێ و بەهرەکەی پێش بخات، چەند ئامانجێکی بۆ دەستنیشان بکرێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی سرووشتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و رەخنە ئاراستەی خۆی بکات. تێبینی دەکرێت خێزان و خوێندنگە و کۆمەڵگە هەموویان بەرپرسیارن لە دوورخستنەوەی بەهرەمەندان لە گرفتەکانیان، ئەوەش بە ئاراستەکردنی منداڵان بەو چەشنەی لەگەڵ تەمەنیاندا دەگونجێت، هەربۆیە پێویستە منداڵ هان بدرێت بە ئامرازی هەمەجۆر خولیا

و ئارەزووەکانی بەدەربخات و بەپێی توانست و گەشەی ئەقڵی و جەستەیی داواکاری پێشکەش بکرێت، بێگومان ئەو داخوازییانەش بەبێ زۆرلێکردن و پەستان لەسەریان دەبێتە ئەوەی منداڵ هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی لا دروست بێت کە بەهرە و تواناکانی بۆ خزمەتی کۆمەڵ و ژیانی هەمووانە، ئەمەش وای لێدەکات پێزانینی گەشە بکات و دەرک بەو کارانە بکات کە سود دەگەیەنن بە کەسانی تر.

### سایکۆلۆژیای داهێنان لای منداڵ

بێگومان جیاوازیی هەیە لەنێوان منداڵاندا و بەپێی سەردەمەکانیش لۆژیکی مامەڵەکردن گۆڕانی بەسەردا دێت، منداڵانی سەدەی بیستویەک هەڵبەتە وەک منداڵانی سەدەی دەیەم نین، دوێنێ و ئەمڕۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە، پێوەر و پێودانگەکانمان لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی پێشوو رەنگە بۆ ئەمڕۆ نەشێن، گێڕانەوەی چیرۆکی جادووکەر و دارەکەی دەشێت لە سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا جێی پێکەنین بێت، وەک لەوەی سەرنجڕاکێشانیان، یان چیرۆکی ئەو جوتیارەی لە ماوەی تەنها شەو و رۆژێکدا دەبێتە دەوڵەمەندترین پیاوی سەر رووی زەوی و لەم جۆرە شتانە، بۆیە بوارەکانی نووسین و رێنماییش گۆڕانیان تێکەوتووە و پێویستە بە زمانی سەردەمیانە لەگەڵیاندا قسە بکەین، داهێنانی منداڵانیش ببنە خاوەنی گوتاری نوێ و بیرکردنەوەی زانستی لەبەرئەوەی ئێستا بە کۆمپیوتەر و ئەو ئامرازانەوە پەیوەستە، کە بیرکردنەوەیان تژی بووە لە زمانی تەکنۆلۆژیا.

ئێمە کە لە سەردەمی زانست و پێشکەوتنەکاندا دەژین، پێویستە بە وریاییەوە لە نووسینەکانماندا رەچاوی شێواز و میتۆد و چەمکەکانمان بکەین، واتە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ داهێنانی منداڵاندا بکەین، قۆناغی یەکەمی منداڵ، قۆناغێکی ئاڵۆزە لەڕووی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە، ناکرێت پەیڕەو و شێوازی پەروەردەیی و فێرکاریی باویان بەسەردا بسەپێنین، بەڵکو رێگەی تەندروست ئەوەیە لەگەڵ ئەو زمانەدا بیروڕا بگۆڕینەوە کە ئەوان هەیانە و گوزارشتی پێدەکەن، ئەو زمانەش کە هێشتا بارگاویی نەبووە بە پێودانگ و یاسا و رێسا کۆمەڵایەتییەکان و دوورە لە هەموو کێشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، وەلێ هەستی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە پەیوەندییەکان لە داهێنان و بەخششی منداڵاندا رەنگدەدەنەوە کە لە خێزان و کۆمەڵگەوە پێیان گەیشتووە، لەو قۆناغەدا منداڵ هەستێکی لا دروست دەبێت کە خاوەنی خودێکە لەنێو ئەوانی تردا، هەربۆیە

نەک لەڕووی جەستەییەوە، بەڵکو سیما و خەسڵەتی دەروونی ئەوانی تر دەرک دەکات سەرباری جووڵە و ڕەفتارەکانیان.

هونەر سەبارەت بە منداڵ، هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانی و بەدەرخەری ئەندێشە و ڕوانینەکانی، بواری دەروونشیکاریی وەها دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان هونەر و منداڵ کە چالاکییەکی خۆڕسکە و منداڵ ئاسوودەیی تێدا دەبینێتەوە، لە هونەردا دەتوانێ بدوێ و گوزارشت لە ئارەزووەکان و ترس و گومان و شڵەژانەکانی بکات، ئەوەش دەبێتەوە پەرەپێدانی چالاکی گەشەکردنی ئەقڵ و نەشونماکردنی، لەگەڵ ئەمەشدا هونەر بونیاتنەری گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵە و بیرکردنەوەکانی بە کۆمەڵەوە گرێدەداتەوە. خێزان و پەروەردەکاران چەندە بتوانن ئەو جیهانەی بۆ بەرفراوان بکەن، ئەوەندە منداڵەکە بەرەو دروستییەکی باش دەبەن، بەپێچەوانەشەوە چەندین لایەنی دەروونیی لا دروست دەبێ و پەیوەندییەکانی بەرەو پوکانەوە دەچن، باوکان و دایکان هەمیشە لە کاتی نەخۆشکەوتنی منداڵەکانیاندا چارەسەر وەردەگرن و بە پەرۆشەوەن، کەچی ئەودەمەی دووچاری لایەنە دەروونییەکان دەبێتەوە کە کەسێتیی لەسەر دادەمەزرێت، دەبینین ئاسایی وەریدەگرن و وەک نەخۆشییە جەستەییەکان دژوار ناکەوێتەوە لەسەریان.

## سایکۆلۆژیای چێژوەرگرتنی منداڵ

چێژوەرگرتنی منداڵ لەڕێی وشە و وێنەوە دەبێت وەختێک لە خەیاڵی خۆیدا شتەکان پێکەوە گرێدەداتەوە، بیرکردنەوەی منداڵ پشت بە هەڵهێنجان و دەرککردن دەبەستێت، نەک بە لۆژیک و واقیع، لای ئەو جووڵە دەبێتەوە بوونی شتەکان نەک وەستان و جێگیربوون، هەروەک چۆن لەگەڵ لیبووک و کەرەستەکانیدا یاری دەکات، زیندوویێتی دەبەخشێتە هەموو ڕواڵەتەکان و دیالۆگیان لەگەڵدا سازدەکات، پەروەردەی ڕۆشنبیریی و ستاتیکی و هونەریی لەو پێناوەدا ڕۆڵی کارا دەبینن لە چێژوەرگرتنەکانی، دەکرێت ڕەگەزەکانی بەمشێوەیە دیاریی بکەین:

یەکەم: جەختکردنەوەی بەردەوام لە پەروەردەی ستاتیکی و هونەریی بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و تەنها بە قۆناغێکەوە ناوەستێتەوە، بۆیە پێویستە پەروەردەی گشتی وەربگرێت.

دووەم: تەنها پەروەردەکردنی ستاتیکی و هونەریی بەس نییە ئەگەر منداڵ بە پراکتیزە بەشداری تێدا نەکات، لەوێوە بینین و بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو

سەبارەت بە سرووشت و گونجاندنی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، لەمیانی پراکتیزەوە پەروەردەی بەها مرۆییەکانیش وەردەگرێت.

سێیەم: پــەروەردەی بەهرەی هونەریی بە پــەروەردەی گشتی دەبێتە خولْقاندنی داهێنان، پەروەردەکردنی هەستەکانیش پەروەردەی بینین و روانین بەئەنجام دەگەیەنن، وەک خوێندنەوەی دەقەکان و بینینی نمایشەکان.

پەروەردەکردنی چێژی هونەریی پشت بە خشتەیەکی رۆشنبیریی دەبەستێت لەم خاڵانەدا:

**یەکەم**: گرنگیدان بە سەرچاوەی میللی رۆشنبیریی، وەک خوێندنەوەی چیرۆک و پێدانی زانیاری لەرێی ئاخاوتنەوە.

**دووەم**: گرنگیدان بە نەریتە پڕ بەهاکان، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن لە بەخشینی چێژ بۆ منداڵان.

**سێیەم**: فەراهەمکردنی رۆشنبیریی لەنێوان منداڵاندا، ئەوەش لەمیانی کردنەوەی کەناڵی تی ڤی تایبەت بە منداڵان، واتە ئاراستەکردن و پێدانی گوتاری رۆشنبیریی.

گرنگترین برەودانی رۆشنبیریش لە بینین و ئەزموونی راستەخۆوە دەکرێت، ئەوەش بە سازدانی گەشت و سەردانەکانە بۆ شوێنەکان و فراوانکردنی ئاسۆی زانیارییان، رەخساندنی کەش و دۆخی گونجاوە، کە تێیدا منداڵان بە سەربەستی پرسیار بکەن و وەڵامیان بدرێتەوە، سەرباری جووڵە و یارییەکان کە قۆناغەکانی منداڵ پێویستییان بەو چالاکییە سرووشتیانەیە، لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا رۆڵی گەورەکانە کە بە ئارامییەوە بەشداریان بکەنەوە لە هەموو ئەو شتانەی دەیبینن و کاریگەریی هەمەچەشن دەخەنە سەریان.

**سەرچاوەکان:**


١- سايكولوجية الابداع، د. احمد فخري، ثقافة و فنون ٢٠١٠ .

٢- الابداع عند الاطفال و عوامل تنميته، حياتنا النفسية، محمود عبدالجبار ٢٠١١.

٣- سايكولوجية التذوق الفني عند الاطفال، منتدى الاحساء الثقافي، کۆمەڵێک مامۆستا ٢٠١١.

٤- مشاكل الاطفال المبدعين، منتديات شبكة فنون التوثيقية، کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی ٢٠١٠.

# "بۆ ئەوەی تەنیا نەبم، گوێ لە مۆسیقا دەگرم"



**بەرهەم ئەنوەر**

بەو پێیەی هەوڵی مرۆڤ بۆ نووسین لەو پێویستییەوەیە کە دەیەوێت بەهۆیەوە مانا ببەخشێتەوە بە ژیان و دەوروبەری و مۆسیقاش بەشێکی دانەبڕاو و تێکەڵاوبووی سەرتاسەری ژیانی مرۆڤە، لێرەوە نووسین لەسەر مۆسیقا چ وەک هونەرێک و دواتریش وەک زمانێکی رۆحی بۆ مرۆڤ دەبێتە پێویستییەک کە دەشێت بمانگەیەنێتە مانا و وێنە پەنهان و شاراوەکانی نێو ئاوازی مۆسیقاکان، گەڕانەوەی بەردەوامی مرۆڤ بۆ سرووشت و بۆ ناو ناخی خۆی و هەوڵدان بۆ وێناکردنەوەی تا ئەوەی بگاتە جۆرێک لە ئاسودەیی و جوانی، پاڵنەرێکی بەهێزبووە بۆ دۆزینەوەی رێگەیەک تا ئاسانتر بیگەیەنێتە ئەو ئامانجە. هەڵبەت مۆسیقا یەکێکە لەو شیاوترین رێگایانەی سەفەرێکی بێپلان و خۆویستمان بە ناو زەمەن و جوگرافیا و یادگارییەکاندا پێدەکات، کە زۆر کات لە بەردەم ئەم توانایی و لێوەشاویەیی مۆسیقادا سەرسامییەک دەمانگرێ هاوشێوەی سەرسامی پەپوولەیەک لەبەردەم گوڵێکی پڕ رەنگ و شیلەدا، دانیشتنی من (وەک مرۆڤێک) لەبەردەم ئاوازی مۆسیقایەکدا بۆ گەیشتنمە بەو

جوانیانەی ناشرینییەکانی ژیانم تیا دەکوژن، بۆ دۆزینەوەی ئەو وەڵامانەیە کە پرسیارە لەبنەهاتووەکانی تووشی بێقەراریی و ناجێگیریی رۆحیم دەکەن، هێندەی مۆسیقا یارمەتیم دەدات بیربکەمەوە، بێدەنگیی ئەوە ناکات، هێندەی ئاوازێکی غەمگین دەستم دەگرێ قوڵتر بە ناو رۆحمدا رۆبچم، تەنیایم ئەوە ناکات، ئەو ئاسودەییە رۆحییەی لە مۆسیقایەکدا دەیدۆزمەوە، هەرگیز نە پیاسەیەکی تەنیای بەر باران دەمداتێ و نە شیعرێک پێمی دەبەخشێ و نە لە نووسین یا خوێندنەوەی چیرۆکێکیشدا وەدەستی دێنم. مۆسیقا بەجۆرێ تەسلیمی خۆیم دەکات کە ئیتر هەست دەکەم لە شوێن و زەمەن دەردەچم و دەچمە دونیایەکەوە کە من ناوی دەنێم (کەماڵی خەیاڵ)، تێگەشتنی من بۆ مۆسیقا تەنیا لە رێی ئەو ئاوازەوە نییە کە هەیەتی بەڵکو لە رێی ئەو چیرۆکانەوەیە کە لە خەیاڵی خۆمدا دەیخوڵقێنم، واتە هێندەی ئەو خەیاڵانە مۆسیقام لا پڕماناتر و لەزەتبەخشتر و جوانتر دەکات، ئاواز ئەوە ناکات. بە بڕوای من فەلسەفەی نەمریی لە مۆسیقادا، پەیوەندیی بە هونەری دانانی جوانترین حیکایەتەوە هەیە لە خەیاڵدا، نەک تەنیا بە ستاتیکای هارمۆنی نۆتەکان و دواتریش سافترین ژەنینی ئامێرەکان، واتە: (خەیاڵ و هارمۆنی نۆتە و ساف ژەنین) دەبنە سێگۆشەی جوانی و نەمریی دەبەخشنە مۆسیقا، ئەوەی لەسەر مۆسیقایە بریتییە لە فەراهەمکردنی زەمەنێکی خەیاڵی، بەڵام ئەوەی لەسەر ئێمەیە بریتییە لە بونیادنانی حیکایەتی خەیاڵی، پێدەچێت مۆسیقا خۆشئاوازەکان باڵاترین پلەی خەیاڵبن، ئەو ئاوازانەی کە نەمر نین، ئەوانەن کە ناتوانن ئیش لە ناو خەیاڵی ئێمەدا بکەن و هیچ دەستێک لە بیرەوەریی ئێمە نادەن و نایهەژێنن، گەورەیی مۆسیقا لەوەدانییە ئاسودەییەکی کورتماوە بۆ ئێستامان فەراهەم بکات، بەڵکو لەوەدایە لاپەڕەی یادگارییەکانمان پێ هەڵبداتەوە و دەستی خەیاڵ بگرێت و حیکایەتێک لە تاریکترین ژووری دەروونندا زیندوو بکاتەوە. مۆسیقا ئازادت دەکات وا دەکات تەنیا نەبیت، دەستت دەگرێ و سەفەرت بە ناو خۆتتدا پێدەکات، بەرەو ئەو جوگرافیایانەت دەبات کە لانەی یادگارییە دێرینەکانە، ئاخر سیحری مۆسیقا لەوەدایە وەک چۆن کاریگەری لەسەر دەروون و هەستەکانە، ئاوهاش جێدەستی خۆی لە رستە و دەربڕینەکانیشدا جێدەهێڵێت، مۆسیقا وادەکات ئارامتر بنووسین و جوانتر بهۆنینەوە، هێڵی نێوان خودا و بەندەکان باریک دەکاتەوە تا ئەندازەی هەستکردن بە وجودی خودا. هێمنییەک لە مۆسیقادا هەیە لە هێمنی لەحزەی تکانی ئاونگی بەیانیانی گوڵ دەچێ، لەو بێدەنگییە دەچێت کە پەپوولە گوڵاوگوڵ

پێی دەگەڕێ، لە خۆشی ساتی تێپەڕینی مەحبوبەکەت دەچێ، لە هێمنیی ئەو دیمەنە دەچێ لێو ڕێژە بە ڕەنگ و لە بەریئی ئەو هەزاران ئەستێرەیە دەچێ نەرم نەرم بە ناو شەودا ڕێدەکەن و ڕووناکیی دەبەخشنەوە. ساتەکانی هەستکردنم بە ئازادیی لە دەرەوەی دونیای ماتریاڵ و دووبارەوە، ساتەکانی گوێگرتنمە لە مۆسیقا، دانیشتنم بە دیار موزیکژەنێکەوە لە ئانی بە ئاوازکردنی ڕۆحی خۆیدا و لە ئانی دابەشبوونیدا بەسەر ریتم و ژەنین و نۆتەکاندا دەمباتەوە لای ئەو باخە وەهمییەی ناو خەیاڵەکانم کە پڕ پڕە لەو گوڵ و درەختانەی منداڵیمیان دەلاواندەوە و پاکیەتیمیان لە ئامێز دەگرت و عەتری دڵسافیان دەدا لە سنگم. مەستبوونێک و شەرمنییەک لە بێدەنگیمدا دروست دەبێت ئەو دەمەی مۆسیقایەک عەتری گوڵی ئاوازێک دەپرژێنێ لە بێئاگایی ئەو ساتەم دەچێت بۆ یەکەم جار خۆشەویستی خۆمم بۆ یار درکاند، لەو سەرسامییە دەچێ هاژەی ڕووبارێک و فراوانی ئاسۆی دەریایەک لە خەیاڵمدا سەوزی دەکات، لە لەزەتبردن لە بەتامترین میوەی دونیا دەچێت. ڕەنگە گەڕانی من بۆ ئارامیی لە ناو مۆسیقایەکدا، نموونەی پێویستیی گەڕانی هەر مرۆڤێک بێت بۆ هەمان ئارامیی، لێرەوە مۆسیقا دەبێتە ئەو فریادڕەسە ڕۆحییەی کە گەڕانەوەی بەردەوامی مرۆڤ بۆ لای خۆی دەکاتە ئەرکێکی ڕەها.

کە وا دەکات بەشێک لە ژیانمان ببەخشینە مۆسیقا، وا دەکات هەندێک جار هێندە ڕێ بدەین مۆسیقا تێکەڵی دڵ و ڕۆحمان ببێت، کە هەست بکەین ژیانمان لەناو دەستێک و مردنیشمان لەناو دەستەکەی تری مۆسیقادایە.

هاوین و پاییزی ٢٠١١

مندالێک لە هەڵەبجەوە دەرکەوت... کوردێک بەرێوەیە بەرەو جیهان




# گەلێک فیلم و سینەمای نەبێت، هونەری نییە

## خەسرەو حەمە کەریم لە دیدارێکی تایبەتدا

**سازدانی: بارین عەلی**

خەسرەو حەمەکەریم، لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٣دا دەچێتە بەلجیکا و دواتر لەساڵی ١٩٩٦ەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە کارمەند لە خانەی کۆڵنی فیلمسازی لە بەشی بەکرێدانی کەلوپەلی فیلم درووستکردن، هەرلەوێ لەگەڵ کارکردنیدا دوو کۆرسی دەرهێنانی فیلم و کۆرسێکی رووناکی فیلم و کۆرسێکی بەکارهێنانی کامێرای گەڕۆک دەبینێت، دوای ئەوەی کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی فیلمسازانی کۆڵن، بەپشتیوانی ئەوان، یەکەم کورتە فیلمی خۆی لەئۆکتۆبەری ٢٠١٠ بە نێوی(دواهەمین وێنە) لە بیرۆکەی رۆماننووس بەختیار عەلی دەرهێنا، هەر لەو ساڵەدا لەفێستیڤاڵی فیلم لە شاری سلێمانی نمایشکرا، کە ماوەکەی شەش دەقیقە بوو.

لە مانگی ئازاری ٢٠١١دا، بە هاوکاریی خانەی کۆڵنی فیلمسازی بوو بە قوتابی لە پەیمانگای ئامادەکردنی یاریدەدەری کامێرامان، دیارە لەوێ کامێرامان دەبێت پێنج ساڵ لە دانیشگا بخوێنێت و دواتر هەمان کامێرامانی دەرچووی دانیشگا، دەبێت پێنج تا حەوت ساڵ، کاری ئەسیستانتی یەکەم یان دووەمی کامێرامانێک بێت، ئەوسا پەیوەندی و تواناکانی و بەختی، دەبنە هەوێنی کارەکانی داهاتووی، بەڵام یاریدەدەرەکانیان لەم پەمانگایانەوە ئامادە دەکرێن بۆ یاریدەدەری کامێرامان، خوێندن لەم پەیمانگایەدا بریتییە لە سێ مانگ تیۆری، لەسەر جۆرەکانی کامێرا ٨ملم و ١٦ ملم و ٣٥ ملم و ئەو جۆرە کامێرا دیجیتاڵییە نوێیانەی، کە ئیرۆ لە بازاڕی تەلەفزیۆنەکان و فیلم دروستکردندا کاریان پێدەکرێت کە ناسراون بە (HD)، وەک کامێرای ئارری ئەلێکسای ئەڵمانی و رێدوانی ئەمریکی و سۆنی ف و دیگیتای یابانی و دەیان جۆری تری کامێراکانی فیلمسازی، هەروەها ئاشنابوون لەڕێی مایستەرەکانی بواری رووناکی و دەنگهەڵگرتنەوەو دیکۆر و فێربوونی تەکنیک و تەکتیکی زاویەو رووبەرەکانی نهێنی دوورونزیکی و ماناکانی چاو، لە بەگەڕخستنی(چاو)ی کامێرادا، دوای ئەوانەیش چوار مانگ پراکتیک لەگەڵ تیمێکی فیلم دروستکردنی سینەمایی، یان فیلمی تەلەفزیۆنی، یان درامایەکی تەلەفزیۆنی، کە من بەختی سێیەمیانم بەرکەوت. بێگومان نابێت ئەوەیش لەیاد بکەین دەرچوون لە پەیمانگای پێگەیاندن و دروستکردنی ئەسیستانتەکانی کامێرامان بەس نییە بۆ دروست بوون و دانپێدانانی، بەڵکو دەبێت ئەسیستانتیش وەک کامێرامانێکی تازەی دەرچووی دانیشگا، پێنج تا حەوت ساڵ کاربکات وەک ئەسیستانتی پێنجەم بۆ چوارەم و دواتر تا یەکەم، هەتا وای لێدێت پەیوەندی و چالاکی و لێهاتوویی خۆی، زەمەن ناوێکی پێوەدەنێت و کاراکتەرێکی باشی ئەسیستانتی لێدەردەچێت، ئەم وشانەم وەڵامی ئەو هاوکارە ئەسیستانتانەبوون کە من بۆ خۆم پرسیارم ئاراستەکردوون و کارم لەگەڵیانداکردووە.

**دەکرێت پێناسەیەکی کۆمەڵەی فیلمسازانی کۆڵن-مان بۆ بکەیت؟**

کۆمەڵەی فیلمسازانی کۆڵن سەر بە خانەی کۆڵنی فیلمسازییە، زیاد لە ٦٠٠ ئەندامی هەیە، هەموو ئێوارەیەکی سێشەممە دانیشتنێک یان کۆبوونەوەیەکی ئارام و ئاسایی بەڕێوە دەبات، کە تێیدا هەرجارەو ٢٠ هەتا ٥٠ ئەندام، لەبوارەکانی فیلمسازیدا تێیدا بەشداردەبن، هەر ئەندامێک مانگانە ١٢ یۆرۆ دەبەخشێت وەک ئابوونە، بەم برە پارەیەو هەندێک هاوکاری سپۆنسەرە جیاوازەکانی پشتیوانی بواری سینما، لەگەڵ هاوکارییەکانی شارەوانی و دەزگاکانی راگەیاندن و

تەلەفزیۆنەکان و دەستەخێرخوازەکان بۆ ئەم کۆمەڵەیە، کە لە راستیدا بوونەتە پشت و پەنا. هەموو سێ مانگ جارێک، بڕی ٢٣٠٠ یۆرۆ دەبەخشرێت بۆ دروستکردنی فیلمێک، دەرهێنەرەکانیش بۆ ئەو مانگە، هەریەکەو هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی سیناریۆکەی و روونکردنەوەی وێنەکانی فیلمەکەی لە رێگای ستۆریبۆردەکانییەوە، کورتەی بیرۆکەکەی بۆ ئامادەبووان بەیان دەکات، دواتر بیرۆکەی فیلمەکان ریزبەند دەکرێن و بەدەنگدان لەڕێی سندووقێکەوە بۆ هەڵبژاردنی باشترین بیرۆکەی مادەیەکەیان، لەو ئەندام و میوان و ئامادەبوانەیش کە لەوێن، تەنها ئەوانە هەقی دەنگدانیان دەبێت کە لە سێ دانیشتنی رابردووی کۆمەڵەکەدا ئامادەبووبن، دواتر ناوی براوەکان ئاشکرا دەکرێن و لەسەر تەختەڕەشەکە ریزبەند دەکرێن، تەنها ناوی چوار دانە لە بیرۆکە براوەکان ریزبەند دەکرێن، دواتر بڕی پارەکە بە دەنگدان یان بۆ دانەیەکیان دەردەچێت، یان دابەشدەکرێت بەسەر هەرچواریاندا بە بڕی ٨٠٠ بۆ یەکەم و یەکی ٥٠٠ بۆ سێ دانەکەی تریان، لێرەشدا ئەوەی مایەی زۆر خۆشحاڵییە، ئەوەیە نە تەزکییەو نە واسیتە و نە تەزویر، دەوریان تێدا ناگێڕدرێت و بوونیان نییە.

دواتر ئەو دەرهێنەرەی یان دەرهێنەرانەی کە بڕی پارەی هاوکارییەکەیان بۆدەردەچێت، بە چەپڵەلێدان دەست خۆشییان لێدەکرێت و هەر لەوێدا بانگ دەکرێتە سەر سەحنە و دەستدەکرێت بە پلاندانان بۆ کارەکەی و بەروار بۆ رۆژی وێنەگرتن و کارەکان بەسەر ئەوانەی کە خۆی پێشتر دابەشیکردوون، ناوەکانیان ئاشکرا دەکات، هەر لەوێدا داوای هاوکاریی لە ئامادەبووان دەکات، بۆ هاوکاریی پێکردنی و مشورخواردن بۆ ئەو جێگە بەتاڵانەی کە دەبێت بە کەسی شیاوی تایبەت بەو جێگایەی بۆ بدۆزێتەوە، کە هەمیشە وا رێکدەکەوێت هەر لەوێدا کەسێک ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە کەسی دڵسۆز و خەمخۆر یان بە ئەزموون، زۆرترین رێژەی ئەندامانی کۆمەڵەکەمانن لە شاری کۆڵن.

هەربۆیە من وەک خۆم لەماوەی ئەم دووساڵ و نیوەی رابردوودا، وەک خۆبەش یان بڵێم بۆئەوەی ترسم بشکێت لەبوارەکە و ئەزموونم زیاد بکەم، بە خۆشحاڵیمەوە تا ئێستا زیاد لە ٣٤ فیلمی کورت و دۆکیۆمێنتاریی و چاوپێکەوتن و دەیان ڤیدیۆکلیپ هاوکاریی و بەشداریم کردووە.

من گەر خۆم بەخۆشبەخت بزانم لەناو ئەم هاوەڵانەمداو لەم کۆمەڵەیەدا، دیارە ئەو خۆشبەختیەمە کە جارێک بۆ فیلمی(دواهەمین وێنە) بڕی ٥٠٠ یۆرۆم پێبەخشراو بە سەرکەوتووانە هەر بەهاوکاریی و هاوەڵی ئەوان بەئەنجامم گەیاند،

لەگەڵ ئەوەی کە فیلمەکەم لە راستیدا سێ هێندەی ئەو هاوکارییەی تێچوو، بەڵام لە دڵەوە سوپاسم کردن، بەختی دووەمیشم لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا پێ ڕەوابینرا بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاریی دووەمم بە نێوی (وشەکان لە ناو خوێناوی خۆیاندا)بە بڕی ٨٠٠ یۆرۆ بۆ ماتریاڵی فیلمەکەم پێبەخشرا، کە ئێستا لە قۆناغی وێنەگرتنیدام و بەهیوام تا ناوەڕاسی ساڵی داهاتوو بەئەنجامی بگەیەنم.

**چۆن کەوتنە سەر ئەم ڕێگایە، یان ڕاستتر فیلم و سینەما بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت؟**

لە راستیدا من بۆخۆم لە پۆلی سێ و چواری سەرەتاییەوە و لە ڕێگای گۆڤارێکی منداڵانی ئەوسا بەناوی گۆڤاری (المزمار) فێری وێنەکێشان بووم، ئیتر ئەوە بووە خولیام و بـەردەوام وێنەم کێشاوەو بەشداریی بەردەوامم هەبووە لەچالاکی ساڵانەی قوتابخانەکان و چەندین جار خەڵات کراوم. دواتر کە گەورەبووم و بەختم نەیهێنا و تێکشکام لە وەرنەگیرانم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، بەردەوام لە بێتاقەتیمدا بۆ حەسانەوەم دەچووم بۆ سینەما، سەیری هەموو فیلمێکم دەکرد، سینەماکانیش فیلمەکانیان بە هەفتەو مانگ لێدەدایەوە، بۆیە جاری واهەبوو فیلمێکم پێنج جار دەبینییەوە، دواتر ئۆقرەم نەماو ئامێرێکی ڤیدیۆ لێدەرم کڕی و مانگانە دە تا سی فیلمم تەماشا دەکرد، هەتا وەهام لێدەهات زۆرجار پێشبینی کۆتاییم بۆ فیلمەکانیش هەبوو، ئیتر دواجار دروستکردنی فیلمێکم کەوتە خەیاڵ، هەژدە ساڵ دوای ئەو خەیاڵەم کەوتم و دواجار پێی گەیشتم.

بەرامبەر بە فیلم و سینەماش، بە راستی من هەر بە ئەوەندە گەیشتووم و دەتوانم بڵێم، فیلم گرتەی جوانییە لە ژیاندا بۆ گێڕانەوەی یان لەئاوێنەدانی رابردوو و داهاتوو، سینەما سیحرە، سیحری ئەو شاشەیە کە رەنگەکانی خۆیمان لێ دەئاڵێنێت و لەگەڵ خۆیدا دەمانبات بۆ ناو دونیای راستی و درۆ ... خەیاڵ و حەقیقەت، سینەما ئەو تاریکاییەیە لەنێویدا خەیاڵ و حەقیقەت وازیمان پێدەکات و ناماندات بە دەستەوە تا هزرمان لە تەکیدا نەکەوێتە وازی، درۆ دەمانبات تا راستیمان بۆئاشکرا دەبێت، لە نزیکییەکی پەناوە، پەردە دەمانبات بۆ دوورییەکی ناکۆتا. سینەما گەر نرخی بدەینێ ئەوەندەمان دووردەخاتەوە، تا نرخی خۆمان بزانین، سینەما لە دەرگایەکەوە دەمانبات وەلێ لە چارۆکەی ئاوایی تێفکرینەوە سەرپشکمان دەکات بۆ تێڕامان، دونیایەکی جوداترە لە ئاسایی، هێزمان پێدەدات بیربکەینەوە، پەنجەرەیەکە بۆ بینینی دونیا، یان کەلتوورەکانی دی، سینەما

هیوامان پێدەدات بۆ داهاتوویەکی باشتر، بەڵکو بۆ دونیایەکی جوداتر و جوانتر، سینەما وامان لێدەکات هاواربکەین دژی ئەو هەموو کوشتن و کاولکردن و زۆرداریکردنەی کە ژیانی بێنرخ کردووە، سینەما کەلێنەکانی ژیان پڕدەکاتەوە، بێ ژیان سینەما بەختێکی تری نییە، بەواتایەکی دی، ژیان بەبێ سینەما تاقیگەیەکە بێ ئەنجام، بەپێچەوانەیشەوە.

هەر وڵاتێک، شارێک، شارۆچکەیەک، دێیەک سینەمای نەبێت، مرۆڤێکە بێ چاوە. هەر سینەمایەک بینەری نەبێت، جەستەیەکە بێ رۆحە، هەر مرۆڤێک تەماشای فیلم نەکات، نرخی ئاوێنەیش نازانێت، هەر بینەرێک لە فیلم نەگات، تاڵی لە خۆشی و شیرینی دوای ناخۆشی درک پێناکات، دڵدارێکە و سەرپێیی لەئەشق دەڕوانێت، هەر گەلێک سینەمای نەبێت، گەر وڵاتیشیان هەبێت، ئەوا مرۆڤەکانی دوور لە ئەتەکییەت و نزیک بە مرۆڤەکانی چەرخی دێرینن.

**تایبەتمەندییەکانی فیلمی کورت و درێژ چین و جیاوازییەکانیان لە چیدایە؟**

لە راستیدا هەریەکەو بۆچوونێکی جیاوازی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەرهێنەری وا هەیە پێیوایە بۆ دەستپێک و ئەزموون، پێویستە دەرهێنەر سێ تا پێنج فیلمی کورت دروست بکات، بە ورەو چاونەترسانێکی باشترەوە دەست بە فیلمی درێژ دەکات، ئەوانی تر پێیانوایە دروستکردنی فیلم درێژە یان کورت، ئەنیمەیشنە یان دۆکیۆمینتارییی، شەرتی تێدانییە، دەستپێکردن و تەواوکردنی کارەکە، وەڵامی خۆت بەخۆت و تەماشاکەران و رەخنەگرانی دەداتەوە. کە بەڕای من هەردووکیان راستن.

دەرهێنەری واهەیە بەردەوام کار لەسەر بیرۆکەی کورت و فیلمی کورت دەکات، مەرج نییە ئەم دەرهێنەرە خەون بە فیلمێکی درێژەوە نەبینێت، بەڵام دەستکورتیی و نەبوونیی دەستی هاوکاریی و ستاف و باری دارایی، دەستی ئەم دەرهێنەرەی بەستووەتەوە، ئەگینا گەر زەمینە برەخسێت، من هەرگیز پێموانییە دەرهێنەرێک هەبێت لەوانەی کە تازە دەستپێدەکەن مەرج دابنێت بۆ کورتکردنەوەی فیلمەکەی، بێگومان هەموو خەون بە کارە گەورەکەوە دەبینین.

ژمارەیەک دەرهێنەری ناوداری زۆریش هەن، کە هەرگیز دەستیان بۆ دروستکردنی فیلمێکی کورت نەبردووە. ئەوە مانای ئەوە نییە کە نەیانویستووە، بەڵکو فیلمی کورتیش، وەک لە پێشەوە گوتمان هەوادار، ئارەزوودار یان دەرهێنەری خۆی هەیە، زۆر ئاسانیش نییە مرۆڤ وەها تێبگات فیلمی کورت کارێکی ئاسانەو دەستپێکێکی ئاسانە بۆ خۆهەڵتێقورتاندن، نەخێر، وەها نییە،

زۆرن ئەوانەی کە ناتوانن دەستبدەنە فیلمی کورت، زۆرن ئەوانەی رۆمانیش دەنووسن، توانای نووسینی چیرۆکێکی کورتیان نییە، بەڵکو هەر ناشتوانن رۆمانێکی کورت بنووسن.

لێرەوەیە بەردەوام خەونەکان زۆر دەبن، گرمۆڵە دەبن و گەورە دەبن، چیرۆکنووسەکان بەردەوام بەخەیاڵی نووسینی رۆمانێکی گەورەوەن، شاعیرەکان لە نووسینی چەند دێڕیک هۆنراوەی کورتەوە خەیاڵی دیوانێکی گەورە لێدەدەن، دەرهێنەریش ئەگەر هەر کار لەسەر فیلمە کورتەکانیش بکات، هەرگیز باوەڕناکەم خەون بە فیلمی کورتەوە ببینێت، چونکە تەنها فیلمی درێژ سوکنایی بیرۆکە گەورەکانی ناو دڵی دەرهێنەرەکان دەداتەوە.

گەر پرسیارەکەی ئێوە، تەنها جیاوازییەکانی نێوان فیلمی کورت و درێژبێت، ئەوا بە راستی من هێشتا وەڵامم نەدۆزیوەتەوە، مەرجی فیلمناس و فیلمزانیش، دەشێت لە زهنی هەموو دەرهێنەرەکانیشدا تەواو، یەکسان و لەیەکچوویش نەبن لە شیکردنەوەی زانستییانەی یان هەرەمەکییانەی جیاوازییەکاندا، لە چاکیی و جیاوازیی و باشی فیلمەکانیشیاندا، بێگومان دەشێت و دەبێت هاوڕاش نەبن، چونکە جیاوازییەکان قوڵ و شێوەی دروستکردنی هەر فیلمێکی کورت یان درێژ، بۆخۆی دونیایەک جیاوازی تێدایە لەگەڵ فیلمە هاوەڵەکانیدا، بۆیە بۆخۆی ئەم پرسیارە، دونیایەک قسە هەڵدەگرێت و دەشێت دواجاریش بە وەڵام وەرنەگیرێن، تارکۆفسکی هەتا لەژیاندا مابوو، تانها رەخنەی لێدەگیرا، ئەمرۆ کەدەچینە کتێبخانەکانی بواری هونەری داهێنان، دەیان کتێب دەبینین لەسەر رێچکەشکێنیو بوێریی و جیاوازیی ئەو رێگا نوێ و جیاوازانەی کە ئەو دەرهێنەرە بە خوێندنەوەیان نەگەیشت، دەشێت ئەم شیکردنەوەو وتار و هەڵسەنگاندنانەی کە دەنووسرێن، یەکنەگرنەوە لەگەڵ مەبەستەکان و ئایدیاکانی تارکۆفسکیدا، بەڵام دواجار ئەو، ئەو دەرهێنەرە تەنهایەیە کە بۆخۆی لەناو هونەری فیلمسازیدا، ماڵێک و خێوەتێکی زۆر جیاوازی بۆخۆی هەڵدا. کە دەکرێت مرۆڤ جار جار بەخەیاڵیدا بێت و بڵێت لەوانەیە خۆیشی بمایا، دەشێت نەیتوانیبایە بەم گەورەییەی خۆی، وەک پێویست وەڵام بداتەوە.

کاتی خۆی چاوپێکەوتنێکی چیخۆفم خوێندەوە پرسیاری لەسەر چیرۆکی کورت و رۆمان لێدەکەن، بە نازانم وەڵام دەداتەوە، نووسەری گەورەی تورک عەزیز نەسینیش لەیادەوەرییەکانیدا باس لەو سەفەرەی دەکات بۆ وڵاتی رۆمانیا، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین نووسەری تەنز، دەنووسێت تا ئەوکاتەی خەڵاتەکەشم وەرگرت، بۆخۆم نەمدەزانی تەنز چییە.

بێگومان من خۆم ناخەمە تەنیشت ناوی ئەم کەڵەنووسەر و دەرهێنەرانە، بەڵام ئەو وەڵامە دروستەم لەلا نییە کە جیاوازییەکە لە بنەڕەتدا چەند خاڵن‌و چین، ناشکرێت هەر لەخۆمەوە کوردانە پێیدا هەڵدەم و یان ژاکشێم، بەڵام ئەوەندەی من لەم بوارەدا خۆم سەرقاڵکردووە، ئەوە دەزانم ئەم دوو بوارە دوو لقن لەو چەند جۆرەی بواری فیلم کە خۆیان لە ٤٥ جۆر دەدەن، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان و لای ئێمە، تەماشاکەران و دەرهێنەران و رەخنەگرانی، هەر بە چوار جۆریانەوە فیلمیان بەستۆتەوە، ئەویش فیلمی کورت و فیلمی درێژ، ئەنیمەیشن‌و فیلمی دۆکیۆمێنتاریین، کە لەڕاسیدا گەر دڵی کەس لەخۆم نەیەشێنم، ئەوا بە راشکاوانە دەڵێم زۆربەی ئەو فیلمە دۆکیۆمینتارییانەی من دیمن لەم چەند ساڵەی رابردوودا، لە رێپۆرتاژێکی تەلەفزیۆنی زیاتر دەچن تا لە فیلمی دۆکیۆمێنتاریی، فیلمە کورتەکانیش هەندێکیان نوکتە و پەندی پێشینان بوون کرابوونە کورتە فیلم، بەڵام بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە، من زۆر زۆر دڵم خۆشە بەوەی کە لەم ساڵانەی رابردوودا خەڵکێکی زۆر خوویان داوەتە ئەم بوارە، زۆر مایەی دڵخۆشکەرن، گەنجی باش و بەتوانا، بەڵام کەمئەزموون و بێ هاوکاریکەر و بێ پارە، بێگومان گەر دەستیان بگیرێت و هاوکارییان هەبێت و بەردەوامبن، هیوای ئیشی زۆرباشیان لێدەکرێت. گەر دەرهێنەرەتازەکان بەردەوام دوو گەورە دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی و شەوکەت ئەمین کەرکوکی بهێننەوە بە نموونە، لەوە دەگەن کە ئەم دوو کەڵەداهێنەرە لە کاری زۆر سادەوە گەیشتنە ئەم ئاستەی کە ئێستا لە کودستان و دەرەوەی کوردستاندا دوو ناوی دیارن. بێجگە لەو دەیان دەرهێنەرە زۆرباشانەی کە لە تووڵەڕێی بوارەکەدا جێپێیەکی زۆر باشیان بەرەو رۆشنایی ئەم دونیایە دۆزیوەتەوە، بەنموونە دەرهێنەری بەرەگەز کوردی باکووری کوردستان، سترانبێژی ناودار مەعسوم قرمزیگوولْ بهێنینەوە بە نموونە، ئەوا سەرمان دەسووڕمێت، ئەم دەرهێنەرە لە گۆرانیگوتنەوە ناوبانگێکی پەیدا کرد، کە بەس بوون بۆئەوەی هەتا لەژیاندا بمێنێت، شاهانە پێی بژی، بەڵام لە شەو و رۆژێکدا بڕیاری لەسەر رێچکە گۆڕین کرد و خۆی خستە ناو دونیای فیلم دروستکردن، یەکەم فیلمی خۆی بەناوی (فریشتەی سپی) دروستکرد، بە راستی بە هەموو ژیانم فیلمێکی وا جوان نەیخستووم، وەک مەستێک، بەهێندەی ئەم فیلمە، من بۆخۆم لەمنداڵیمەوە بە وێنەکێشانەوە خەریکبووم، کاتێک لێرە لە ئەوروپا تەماشای وێنەی ناو مۆزەخانەکانم کرد و لە ژێریاندا نووسرابوون سەدەی چواردەو پازدە، بێ پێچوپەنا وازم لە وێنەکێشان هێنا، ئەو وێنانەی وام دەزانی دوێنی کێشراون،

لە رەنگدا، لە جلوبەرگدا، لە هەستی بەرچاوانی کەسایەتییە وێنەکێشراوەکاندا، لە ئەتەکییەتی قاپ و کەوچک و خواردن و خواردنەوەو رازاوەییاندا، لەشێوەی دانانی رازاندنەوەی میوەهاتەکانیاندا، بە راستی من وەک وێنەکێش تێک نەشکام، وەک ئەو مرۆڤەی کە شەش سەدە دوای ئەوان دەژیم و ئەو سەر مێزو پۆشتە و پەرداخیەم نەدیوە، نەک وەک خۆم، لەولاتیشمدا نەمدیوە، نییە و نییە، ئەو ئەتەکییەتی دانیشتن و خواردن و خواردنەوەیەی سەدەی چواردە تا ئێستاشی پێوەبێت، لای ئێمە نییە، جا لێرەدا مرۆڤ وەک تاک بیردەکاتەوە، کە ئەمە لە وێنادا سەرمێزیان بووبێت، ئاخۆ لەبەینی خۆیاندا باسی چییان کردووەو چۆن بیریانکردۆتەوە. بۆخۆم زۆرجار وا بیرم دەکردەوە کە ئێمە چەند سەدەیەکمان ماوە بیانگرینەوە، ئەمە وێنەیەکە وا بەسەری من دەهێنێت، کە گیانی تێدا نییە.

لێرەوەیە من دەبێژم، جوانیی و سەرسامییم بە شێوەی کارکردنی لەگەڵ چیرۆکەکەیداو جوانیی وەستایانەی هەڵبژاردنی کاراکتەرەکان و جلوبەرگ و مکیاج، لەگەڵ بەتوانایی رۆڵگێرانی کاراکتەرەکانی فیلمەکەی دەرهێنەر مەعسوم قرمزیگوڵ، خەریکبوو وام لێ بکات واز لە کاری فیلمسازیش بهێنم، مەعسوم دواتر فیلمی (کوڕی هەتاو)ی دروستکرد کە تورکیای هەژاند، بڕیاری دا فیلمێک دەربارەی هەڵەبجە دروست بکات، بەڵام سەد مەخابن، دەسەڵاتدارانی هەرێم پشتگیرییان لێ نەکرد، دواتر بڕیاری دا فیلمێک لەسەر ژیانی یەڵمازگونەی دروست بکات، بۆئەوەیش رێگەی لێگیرا، هەربۆیە ئەو پێشنیارەی هۆلیۆدی قبووڵ کرد بۆ فیلمی(پێنج منارە)، کە لە سەرتاسەری ئەمریکاو ئەورووپادا نمایشکرا، دەنگۆیەکی دڵخۆشکەری وەهای نەبوو، هەربۆیە خووی دایە دروستکردنی زنجیرەدرامایەکی تەلەفزیۆنی بە نێوی (ژیان بەردەوامە) کە ئێستا



تورکەکانیش پێی سەرسامبوون، کە باس لە ئەو زوڵم و نەیەکسانییانە دەکات کە دەکرێنە سەر رەگەزی ژن.

**لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا تۆ لەگەڵ ستافێکی گەورەی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی کارت کردووە لە دروستکردنی زنجیرە درامایەکی ئەڵمانی، دەتوانن دەربارەی بدوێن، ئێوە خۆتان لەم درامایەدا چ کارەبوون و شێوەی کارکردن لەگەڵ ستافێکی وەها گەورەدا چییە و چۆنە؟**

بێگومان وەک لەسەرەوە باسم لێوەکرد، دوای ئەوەی لە کۆتایی مانگی ٢٠١١/٦ بەشی تیۆری ئەسیستانتی کامێرامانیمان کۆتایی پێهات، پلانی بەڕێوەبەرانی ئەم پەیمانگایەمان لەوەی ئاگادارکردینەوە کە ئێمە سەرپشکین خۆمان شوێنێک بۆ خۆمان بدۆزینەوە، لە شوێنێکی شیاوی پێویست بە ئەسیستانتە تازە سەرلەجوق دەرهاتووەکان، هەریەکەمان دەستەیەک ئەدرێسی پێشنیاری ئەو پرۆدۆسێنتانەمان بۆهات، کە ئێمە بکەوینە تەقەی بێنەو بەرەمان لە تەکیاندا، من دوای بەدووگەڕان و چاوخشاندن بە کارەکانی پێشووی کۆمپانیای پرۆدۆسێنتەکانداو پەیوەندی و ئیمایڵ ناردن، وەڵامی ئۆکەیم بۆ هاتەوە لە کۆمپانیای(TV,PRO)بۆ دروستکردنی زنجیرە درامای("Mord mit Aussicht")(کوژراوی سەرەگوریس لێ بەجێماو)، کە ئەم زنجیرە ئەڵقەیە لە کەناڵی(ARD) یان کەناڵی (DasErste)ی تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانیاوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ وە بەردەوامەو تایبەتە بەو پیرو و پەککەوتووانەی کە بەردەوام لە ماڵەوەن، بێگومان ئەوانیش زۆرن و تەماشاکەرانی ئەم زنجیرە ئەڵقەیە بە ٦ ملیۆن تەماشاکەر دەژمێردرێن، لەم زنجیرە ئەڵقەیەدا لەساڵێکدا تەنها ٨ ئەڵقەی لێ نیشان دەدرێت هەفتانە، هەر سێ مانگ جارێک، هەر هەشت ئەڵقەکەی بەردەوام هەفتانە لێدەدرێتەوە، ستایلێکی کۆمیدی ئامێزی لەخۆگرتووە، پڕە لە بەسەرهاتی تێکشکانی پلانە جەهەننەمییەکانی سێ پۆلیسی گێلی کۆمیدی، لە مەخفەری گوندێک بە ناوی گوندی (هینگ ئاش) کە بەردەوام گێلانە بەدووی خەڵکە گێلە فێڵبازەکانەوەن کە کاری تاوان و گوناه و بێویژدانی و داپلۆسین ئەنجام دەدەن، ئەم سێ پۆلیسە گێلەش، کە دوو کچ و کوڕێکن، گێلانە دەکەونە وێزەی دەستگیرکردنی تاوانبارە گێلەکانەوە و تا ناکۆتای ئەڵقەکان، هەر ئەڵقە و تایبەتە بە تاوانێک، کە ئەڵقەکەی دی ناچێتەوە سەر ئەڵقەکەی داهاتوو و تا کۆتایی.

وەک ئاماژەم پێیدا لەسەرەوە، هەر ساڵەو ٨ ئەڵقەی وێنا دەگیرێت، دواتر بۆ ساڵی داهاتوو نمایش دەکرێت، بۆ هەر ٤ ئەڵقە و دەرهێنەرێک و کامێرامانێکی

جودا بەکارەکە هەڵدەستن، پێویستییان بە هەفتەی چوار رۆژ یان هەندێک هەفتە پێنج رۆژ کار دەبێت، لە ماوەی دوومانگدا، واتە وێنەگرتنی ١٨٠ دەقیقە بۆ چوار ئەڵقەی ٤٥ دەقیقەیی، هەر ئەڵقە و پێویستی بە ٨ رۆژ تا ٩ رۆژ وێنەگرتنە، واتە هەر رۆژە و ٨ تا ١٢ کاتژمێر کارە بۆ وێنەگرتنی ٥ تا ٧ دەقیقەی ئەڵقەیەک.

من وەک ئەسیستانتی چوارەم و ڤیدیۆ ئۆپەرێتە لەگەڵ هەردوو تیمەکەدا بۆ ماوەی چوار مانگ کارم کرد، لەگەڵ دوو دەرهێنەری جودا و دووکامێرامانی زۆر جودا، بەڵام تیمەکانی دەنگ هەڵگرەوە و رووناکی و گریپ و کۆستیۆم و ماکیاج و جلوبەرگ و چێشتخانە، هەموو ئەو تیمانە بوون کە پێکەوە کارمان کردبوو بۆ هەر دوو تیمەکە.

**دەکرێت باسی تیمەکانی کارکردن بکەیت؟**

هەر چوار ئەڵقەو دەدرێتە دەست دەرهێنەرێک و کامێرامانێک، کە بریتییە لە ١٨٠ دەقیقە، واتە ٤ ئەڵقەی ٤٥ دەقیقەیی. دەرهێنەر دوو ئەسیستانت واتە یاریدەدەری هەیە، یەکێکیان بۆ هاوکاریی نێوان خۆی و کامێرامان و یاریدەدەری دووەم، واتە دووەم ئەسیستانت سەرپەرشتی ئەکتەرە کۆمپازەکان دەکات، کۆمپاز ئەو ئەکتەرە بێدەنگانەن کە لەدەوروبەری ئەکتەرە سەرەکییەکانن و دەوری قەرەباڵغ دەکەن، هەر کۆمپازێک تەنها بە سلاوێکیش لە ئەڵقەکەدا دەنگی دەربچێت، لە کۆمپاز دێتەدەرەوە و حسابی ئەکتەری بۆ دەکرێت، کۆمپاز نرخی رۆژێکی کە دەکرێت ١ سانیە بێت تا ٣ دەقیقە ٥٥ یۆرۆیە، بەڵام ئەکتەرێکی زۆر ئاسایی نرخی رۆژێکی زۆر سادەی ٣٠٠ یۆرۆیە، دەرهێنەر نرخی هەر کارێکی بەگۆترەیە، واتە نرخی خۆی، گەر یەکەمین کاری بێت، لە سەرووی ٢٠ هەزار یۆرۆوە دەست پێدەکات بۆ هەر کارێک، ئەسیستانتەکانی نرخی رۆژی کاریان ٤٠٠ یۆرۆیە، کامێرامان نرخی کاری تاقە رۆژێکی کە ٨ کاتژمێرە، ٥٩٩ یۆرۆیە، ئەسیستانتەکانی لە یەکەمەوە بۆ چوارەم و پێنجەم دەگۆردرێت، کە بەرزترینیان ٤٠٠ یۆرۆیە و نزمترینیان ٢٨٠ یۆرۆیە، دوای تەواوبوونی ٨ کاتژمێر کار، کارمەندان پارەی کاتژمێری زیادە وەردەگرن، کە لە راستیدا کاتژمێرە زیادەکان نرخیان لە کاتژمێری کاری ئاسایی زۆر زیاترە.

کامێرامان چاوی تەواوی دەرهێنەرە، واتە ئەقل و هۆشی دەرهێنەر دەگوازێتەوە لە زومی کامێراکەیەوە بۆ تەماشاکەران، کامێرامان بە بێ ئیزنی دەرهێنەر، یەک تاکە وێنەش ناگوازێتەوە، ئەوەی دەیگرێت لە وێنە، ئەو حاسەیە یا هەستەیە کە دەرهێنەر ئیجازەی پێداوە بە وشەی فەرموو(بیتە) یان بە ئەکشن.

دەرهێنەر بەردەوام تەماشای وێنەگرتنەکان دەکات لە ڕێگەی ئەو کۆمبۆیەوە (تەلەفزیۆنی بەرچاوی دەرهێنەر کە بە کابڵ یان فونک وێنەکە دەگوازێتەوە)، یان وێچمەن (ئەو ئامێرە تەلەفزیۆنییە دەستییە بچووکەی کە لە ڕێگەی ئاریاڵەوە وێنەی کامێراکەی بۆ دەگوازێتەوە)، کە ئەم کارەش کاری ئەسیستانتی سێیەم یان چوارەمە، کە من پێی هەستام لەم پرۆسەیەدا.

**دەستبەکار کردن بۆ گرتنی وێنەی یەکەم**

دەرهێنەر و ئەسیستانتەکانی لەشوێنی پێشوەخت دیاریکراو ئامادە دەبن، بەڕێوەبەری گشتی وێنەگرتنیش لەپشتیانەوە لە ڕێگەی فونکەکانییەوە بەهاوکارەکانی دەڵێت: هەموو ئامادەین بۆ پرۆڤە، ئەکتەرەکان دێن، یەکەم پرۆڤە بە دەمی لەڕێی دەرهێنەرەوە شی دەکرێتەوە بۆ ئەکتەرەکان، ڕێ و شوێنی جوڵەکانیان بۆ دیاریی دەکات، گوتنی فلان رستەی لە فلان جێگەدا پێ باشە، بۆیە بە ئەکتەری سەرەکی ڕایدەگەیەنێت، کە پلانەکە ئاوەهایە، داوای لێدەکات بۆچوونی خۆی بۆ ئاشکرا بکات، دەشێت ئەکتەرەکە بەگوێرەی زۆریی تەجروبەکانییەوە شێوەیەکی تری سەلیقەیی خۆیی بۆ ڕۆڵگێڕانەکە پێ ڕابگەیەنێت، دواتر لەسەر یەکێکیان ڕێک دەکەون و پرۆڤە چەندین جار دووبارە دەکرێتەوە، لە سەر شێوەیەکیان کە باشترینیان دەبێت، هەم جوانتربێت بۆ دەرهێنەر و هەم ئاسانتر بۆ ڕۆڵگێڕەرەکان، دەست پێدەکەن و تەواو دەبن، دواتر دەرهێنەر روو لە کامێرامان دەکات، دەپرسێت ئەمەیە ئەم وێنەیەمان تۆ دەڵێیت چی، کامێرامانیش کە چەند وەختە لە دوورەوە چاو ساغ و گوێ قوڵاغی پرۆڤەکردنەکەیە، ڕێگاکانی جوانترین زاویە بۆ وێناگرتن دێنێت و دەبات لە مێشکی خۆیدا، دواتر بە دەرهێنەر دەڵێت، من بە نیازم بۆ تۆتاڵ (وێنەی گشتی) لێرەوە کامێرا دابنێم، بۆ هەلب تۆتاڵ (نیوەی گشتی یان نزیکتر) لێرەوە دابنێم، دواتر ناه واتە (نزیک) لێرە و لێرەدا.

دواتر دەرهێنەر و کامێرامان دەکەونە تەقەی موعامەلە و ڕێک دەکەون، دەرهێنەر بە کامێرامان دەڵێت: چەندمان دەوێت، کامێرامانیش روو لە دیکۆرو بەڕێوەبەری رووناکی دەکات، ئەوان هەریەکە و بە چەند دەقەیەک وەڵام دەدەنەوە، کامێرامانیش دوو دەقەی تریان دەخاتە سەرو بە دەرهێنەر دەڵێت: ئەوەندە دەقەمان پێویستە، لەوێدا بەڕێوەبەری گشتی بەفونک و بە هاوار دەڵێت، دوای ئەوەندە دەقە وێناگرتن، دەست پێدەکات، هەریەکەو دەکەوێتە چەپۆکان بۆ خۆئامادەکردن.

دەرهێنەر و ئەکتەرەکان دەڕۆن بۆ پشوو، کامێرامان بە ئەسیستانت و گریپ

(بەڕێوەبەری سێپا و دۆلی و هێنان و بردن و بەرز و نزمکردنەوەی کامێراکە) دەڵێت: لێرەدا کامێرا لەسەر سێپا و بەسەر دۆلی چەند مەترێکەوە رادەوەستێت و دەڕوات بۆ هەمان خاڵ، کە ئەسیستانتەکان بە لەزگەی رەنگاوڕەنگ دیاری دەکەن، کامێرامانیش دەڕوات بۆ وتوێژ لەگەڵ دەرهێنەردا و هەتا گەڕانەوەیان ئەسیستانتەکان و تیمی گریپ و رووناکی و دەنگهەڵگرەوە، کاری خۆیان و بە ئەنجام دەدەن.

دواترئەسیستانتی مایکرۆفۆن، بەرزکەرەوەی دەنگهەڵگر دێت بۆلای ئەسیستانتی یەکەمی کامێرامان و دەپرسێت، کام ژمارەی ئۆپجێکتیڤ لە دەمی کامێراکە دەبەستن، ئەویش دەڵێت بۆ تۆتاڵ (وێنای گشتی) ژمارە ٨ یان ١٦ بەکار دێنین، ئەویش دەکەوێتە خۆ و مایکرۆفۆنێکی دوورو بەهێز بەکار دەخات کە دەنگی گشتی هەڵبگرێتەوە، دیارە دەنگهەڵگر بریتییە لە مایستەرێک کە لەسەر کۆمبۆی دەنگهەڵگرتنەوەکە دادەنیشێت لە پشتی کامێراوەیە، لە بەردەمیدا هەندێک ئامێری دەنگهەڵگرتنەوە لەگەڵ ئامێری دەنگدابەشکردنی بۆ دامەزراوە، گەر یەک مایکرۆفۆن بەکارهێنرا لەڕێیی قامیشی بەرزکردنەوەکەیەوە، ئەوا دەنگی گشتی بۆ وێنا تۆتاڵەکان هەڵدەگیرێتەوە، خۆ کە کامێرا نزیکبووەوە، ئەوا هەر ئەکتەرەو دەبێت دەنگی دیالۆگەکانی بە دەنگی نزیک لە مایکرۆفۆنی نزیکەوە هەڵبگیرێتەوە بۆ کاتی (میشۆنگ) تێکەڵکردن. مایستەری دەنگهەڵگرەوە لەسەر کۆمبۆکەی لەڕێی تەلەفزیۆنێکی بچووکەوە ئەویش هەمان ئەو وێنا دەبینێت کە بۆ دەرهێنەرەکە دەگوازرێتەوە، مایستەری دەنگهەڵگرەوە لەڕێی فونکەوە بەردەوام ئامۆژگاریی ئەسیستانتەکەی دەکات، کە زیاتر نزیکبێتەوە یان دیالۆگەکان وشەکانی روون نین یان دەنگی جودا هەیە، دەبێت وێنەگرتن رابوەستێنرێت هەتا تەیارەکانی ئاسمان دووردەکەونەوە یان دەنگی ماشێن، تەلەفۆن، چپەچپی دوور، جوڵانەوەی زەرفێک یان دەنگی ئاژەڵێک دێت، چونکە هەردەنگێکی زیدە بکەوێتە ناو دیالۆگەکانەوە دواتر لەکاتی بڕینی وێنەکاندا کێشەی گەورە دروست دەکەن.

**ڤیدیۆ ئۆپەرێیتە**

ئەمە ئەو کارەیە کە من هەمبوو لەم زنجیرە ئەڵقەیەدا، بەخۆم و کۆمبۆ و ویچمەنەکانمەوە کەوتبومە بەینی کامێرامان و دەرهێنەرەوە.

دەرهێنەر وەک فیرعەونێک لە پشتی کامێراوە دادەنیشێت بەرامبەر تەلەفزیۆنێک، کە پێی دەڵێن کۆمبۆ، ئەو وێنانە دەبینێت کە کامێراکە دەیبینێت، پرۆڤەی لەسەر دەکرێت، سێ تا چوار جار ئینجا قەراری ئەهای لەسەر دەدات،

وێچمەنەکانیش کە دووانن، بەدەست دوو ئەسیستانتی دەرهێنەرەوەن بە فونک وێنە وەردەگرن بۆ رادەستکردنی کۆمپازەکان.

**تیمی رووناکی**

بریتی بوون لە ٥ کەس، کە دوو لۆریان لە ئەدەوات پێیە، تەنها بۆ رووناکی، بریتیبوون لە مایستەرێکی رووناکی و چوار ئەسیستانتی رووناکی، کە ئەوانیش کارەکانیان دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا، دووانیان سەرپەرشتی لۆریەکان دەکەن و گڵۆپە گەورەکان ئامادە دەکەن، دوانەکەی تریشیان سێپا و کیسە لم و وەرەقەی رەنگەکان تێهەڵکێشی یەکدی دەکەن، هەر پێنجیان بە فونک بەردەوام گوێیان لە هەناسەی یەکدیشە و کارەکانیان بێ چاوەڕوانی دەدەن بەدەستەوە، گەنجی گورجوگۆڵ و هاوکار بەیەک و گوێڕایەڵی مایستەرەکانیان بوون.

**تیمی گریپ**

وەستایەکی شارەزا و خێرا بیرکەرەوەی کێشە چاوەڕوان نەکراوەکانە، مایستەری گریپ، دوو ئەسیستانتی لەبەردەستە لەگەڵ لۆریەک ئەدەوات و پاسێک کە ئۆتۆمبیلێکی یاریی گۆڵفی بچووکی تێدایە، کە لەکاری فیلمسازیدا بەکاریدێنن بۆ گواستنەوەی کامێراو ئەدەواتەکان، یان کاتی وێنەگرتنیش، چونکە ماشینی گۆڵف بە کارەبا کاردەکات و دەنگی نییە.

دوو ئەسیستانتی گریپ دوو گەنجی شارەزا و لەسەرخۆ، بۆ دامەزراندنی دۆلی و کرێن و بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی سێپاکان و بەردەستیکردنی کامێرامان، کاتێک کە دەبێت کامێرا لەسەرشان وێنەکان بگرێت.

تیمی مکیاج ٣خانم، تیمی (گاردەرۆبە)دیکۆر ٤ کەس، تیمی جلوبەرگ ٤ کەس، تیمی شاردنەوەی ناوی دوکان و مارکە و پلاکی سەیارەو شەقام و شارەکان ٣ کەس بوون.

دوای ئەمانەیش زیاد لە ٣٠ کەسی تر لە بوارە جیاجیاکانی تردا سەرقاڵی کاری تر و جۆراوجۆری ترن، بەڕێوەبەری وێنەگرتن و شەش هاوکار، بەڕێوەبەری تیم و دوو هاوکار، بەڕێوەبەری پاسەوانانی ماشێن و رێگاوبان و ماشێنی گواستنەوەکانمان بە چوار شۆفێر و چوار ماشێنی نوێی پاس، بۆگواستنەوەی کارمەندان بۆ نانخواردن و یان دوای تەواوبوونی کار بۆ هۆتێلەکان.

بەکورتی تیمەکەمان، بریتی بوون لە ٥٦ کەس و ١٦ لۆری ١٤ پاسی ئەدەواتی گواستنەوە و چێشتخانەیەکی گەورەی گەڕۆک، کە ژەمی بەیانیان و نیوەڕوان و دوای نیوەڕوانی ئامادەدەکرد بۆ نزیکی ٨٠ کەس.

**بەنیازبوون کارێکی دۆکیومێنتاریی لەسەر شاری هەڵەبجەی شەهید دروست بکەن، ئەو کارە بەچی گەیشت، یان روونتر بەرنامەی کاری داهاتووتان چییە؟**

لە راستیدا من کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ گەڕامەوە بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی، بە کورتە فیلمێک بە نێوی (دواهەمین وێنە)، هەوڵم دا کاتەکانم بە فیڕۆنەدەم و دەست بکەم بە وێنەگرتن و کارکردن بۆ فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی لەسەر (عومەری خاوەر) لە هەڵەبجە، ئەوەبوو دوای فێستیڤاڵ سەفەرم کرد بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید و ماوەی ٩ رۆژ مامەوە، بە حوکمی ئەوەی کە عومەری خاوەر هەم خۆیم بە شەخسی دەناسی و دراوسێی ماڵمان بوون، هەم کەسوکارو برازاو دراوسێ و هاوڕێکانیشیم دەناسی، دەستم کرد بەکار، زیاد لە ١٥ چاوپێکەوتنم کرد، ماڵە و ماڵ دەگـەڕام، کۆڵانەو کۆڵان بەسواری ماتۆڕە سێ تاییەکانەوە دەگەڕاین، کەس و دۆست و هاوڕێیان زۆر هاوکارم بوون، لەگەڵ داخێکی گەورەمدا کە کارەکە هیچی لێدەرنەچوو.

**یەکەم**: لەبەرئەوەی کە کارێکی وەها پێویستی بە پلانێکی پێشوەخت داڕێژراو بوو، کە من ئەوەم نەکردبوو.

**دووەم**: کامێرامانێکم لەگەڵ نەبوو، کە من وەک دەرهێنەر باشتر فکرم لەسەر شتەکان بێت و پرسیار و وەڵامم نەکەونە پشتی کامێراکەوە.

**سێیەم**: دەستگیرکردنم لەلایەن ئاسایشی هەڵەبجەوە ساردیکردمەوە لە کارەکە، چونکە لەوەشدا هەر خەتای خۆم بوو کە پسووڵەی وێنەگرتنم پێ نەبوو.

لەگەڵ ئەوەی خۆم زۆر رازیبووم لە چاوپێکەوتنەکان و جوانی و کوالیتی کامێراکە، بەڵام ماخابن، دەنگ زۆر خراپ بوو، باشی مایکرۆفۆنەکە وایکرد، دەنگی تەزبیح و باداني، لەگەڵ جیڕەی دەرگا و ماتۆڕ و ئۆتۆمبیلەکانی دەرەوە و غەڵبەغەلب، زۆر خراپبن، ئومێدم زۆرە ئەم کارەم دەست پێ بکەمەوەو ئەزموونێکی باشی پێبەخشیم، هەر دەیهێنمەوە ناو دنیای نمایشکردن، وەلێ کاتی تایبەت بە خۆی و پڕبەپێستی خۆی دەوێت.

کاری تازەم، فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە بە نێوی (وشەکان لەناو خوێناوی خۆیاندا)، کە باس لەو نەهامەتی و تیرۆر و لێدان و قەتڵوعامە ئاشکرایانە دەکات کە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی نائازاد بـەرەوڕووی دەبنەوە، کە تایبەتە بەو وڵاتانەی کە بە ئاشکرا ڕۆژنامەنووسان تێیدا تیرۆر دەکرێن و ون دەکرێن، یان ئەو رۆژنامەنووسانەی کە دەستی تیرۆری ئیسلامە سیاسییەکانیان پێگەیشت.

فیلمەکەم ماوەی ٥٠ دەقیقە دەبێت، زیاد لە ٨ دەقیقەی وێنەگیراوە و پێویستیم بە سەفەری کوردستان و تورکیا و هەندێک وڵاتی تر هەیە بۆ وێنەگرتن و

کارکردنم بۆی، بەهیوام هەتا ناوەڕاسی ساڵی ٢٠١٢ کارەکانی تەواو ببن و بەئەنجامیان بگەیەنم.

جێی ئاماژەیە کە ئەم فیلمە بە سپۆنسەری خانەی کۆڵنی فیلمسازی دێتە دروستکردن. پشتیوانی ئەوان دیارە کە زۆر کەمەو و رەمزییە، بەڵام ئەوان بۆ من ئەو قەڵایەن کە من تائێستا پشتیوانی بازوویی و دەستی هاوکارییان پێمەوەیە و بەریناەن، بۆیە منیش دەستیان بەرنادەم.

کاری زۆر باش بۆ فیلمی کورت و درێژ لە بەرنامەی داهاتوومدان، بەڵام بێگومان ئەم کارانە بە بەلاش نایەنە دەست، پێویستیان بە هاوکاریی مادیی و سپۆنسەری پشتبەرنەدەر هەیە، ئەمانەیش بۆ ئێمەی فیلمکار و فیلمساز بەردەوام لە خەیاڵەوە نزیکن لێمان هەتا واقیع، بێگومان بێ ئەم هاوکارییانەیش کارەکان راناوەستن، بەڵکو کەموکوڕیی و دەستکورتییان پێوە دیار دەبێت، هەربۆیە بەهیوام لاوانی کورد بێنە ناو ئەم کارەوە لە هەر بوارێکیاندا بێت بۆ خزمەتکردنی دونیای هونەر و سینەما، هەرچۆن بۆ ئەم لاوانەیش بەهیوام کۆمپانیای بەرهەمهێن و سپۆنسەری جیدی دروست ببن، بازرگانەکانیشمان تێبگەن لەوەی کە ئەم بوارەش بەدەر لە کارە جوان و بەنرخەکانی تری، کارێکی بازرگانیشە.

لەکۆتایمدا، بەداخێکی گەورەوەم و دەڵێم، هەر گەلێک فیلم و سینەمای نەبێت، هونەری نییە.

## بەرهەمەکانی
# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
## لە ساڵی ٢٠١١ دا























# پێشانگەی کتێب

































بازرگانییەکی کوشندە


ئەلبێر کامۆ
گیلۆتین



شیعر
دواین ئێوارە


ڕۆمان
نزای بەرخەکان
ڕەزا قاسمی
و. لە فارسییەوە:
ڕەفعەت مورادی


وێنەیەکی
دەگمەنی
فرانتز کافکا


تێکستی ژنان
لە دەفتەرەکانی پارساندا


پرینسیپەکانی
ئەدەبناسیی بەراورد


مێژووی چاپخانە
لە کەرکوک و


یادگیری زبان کردی
قدم به قدم


ڕۆمان
دمیان
هێرمان هێسە
و. عیسا چیایی

پێشانگەی کتێب




























































پیشانگەی کتێب

# پێشانگەی کتێب































پێشانگەی کتێب









































بۆ بینینی بەرهەم و چاپکراوەکانی

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

دەتوانیت سەردانی

**www.hanar.org**

بکەیت

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.hanar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە